# ڕۆژنامەگەری

نووسینی
د. کازمی موعتەمەد نەژاد

وەرگێڕانی
مەجید ساڵح عەزیز

بەشی یەکەم

# رۆژنامەنووسی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا

دەزگا نوێیەکانی راگەیاندن ( رۆژنامە , تەلەفزیۆن , رادیۆ , بەم دواییانە ئینتەرنێت) بە پەخش کردنی هەواڵ و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ژینگەو بیرو بڕواکانی ئادەمیزاد , لە پەرەپێدانی ژیانی کۆمەلایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر ئەبینن .

لەژینگەی بەر بلاوی ژیانی مرۆڤدا هەر ساتێك کۆمەڵە رووداوێکی جیاجیا روو ئەدەن . ڕۆژانە هەزاران مرۆڤ دێنە دونیاوە , سەدان بەڵگەنامەی زەواج ئیمزا ئەکرێن . هەزاران خەلات دابەش ئەکرێن , دەیان کەس بە هۆی وەرگەڕان و تاوانەوە گیانیان لەدەست ئەدەن , بە هۆی هەورە بروسکەوە گژوگیاو گیانداران ئەسوتێن و ئەبن بە خۆڵەمێش و تەلار و ماڵێکی زۆر بە هۆی زریان و لافاو و بومەلەرزەوە وێران ئەبن .

ڕۆژانە دەیان پەرلەمان و حکومەت و هەزاران ئەنجومەنی شارەوانی و ئیداری کۆبوونەوە ئەکەن و لێکۆڵینەوە ئەکەن و بڕیاری کۆمەلایەتی دائەڕێژن , کارخانەو دام و دەزگای زۆر ئەکرێنەوە یان دائەخرێن .

قەیرانە ئابوری و کۆمەلایەتییەکان , ئەبنە هۆی هەڵگیرساندنی مانگرتن و شۆڕش و شەڕی جۆراوجۆر . لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەبنە هۆی دۆزینەوەی دەرمانی نوێ و وەسیلەی تەکنیکی تازە .

لە نێوان ئەم هەموو رووداوانەدا هەندێکیان تەنیا بۆ گروپێکی بچوکی وەك خێزان و هاوڕێیان و دراوسێکان سەرنج ڕاکێشن و لە ڕێگەیانەوە ئاگادار ئەبنەوە , ئەم رووداوانە هەستی بەدوادا چوونی خەڵکی ناجوڵێنن و بلاو کردنەوەشیان گرنگ نییە .

هەندێ روداوی تر بە پێچەوانەوە , ئەبنە هۆکاری گۆڕانکارییەکی زۆر لە ژیانی خەڵکی ناوچەیەك یان ولاتێك و یاخود هەموو دنیا , چونکە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کۆمەڵێکی زۆرەوە. هەواڵی ئەم رووداوانە بۆ خەڵك پێویستن .

هەندێ لەم ڕووداوانە وەك جەنگەکان , تەقینەوەکان و ئاگر کەوتنەوەکان و زریان و بومەلەرزەکان لایەنی مادییان هەیەو هەندێکی تریان وەك ڕاگەیاندنە سیاسییەکان و ووتارەکانی پەرلەمان و دەربڕینی بیروڕا فەلسەفیەکان , هەڵگری لایەنی مەعنەوین .
ئەم ڕووداوانە گەورە بن یان بچوك , شادبن یان خەم هێنەر , وروژێنەر بن یان ئاسایی , ئەبێ بچنە بەر دەستی خەڵکانێکی زۆر , ئەو خەڵکانەی کە بە شەوقەوە چاوەڕوانی خوێندنەوەی ڕۆژنامەو بیستنی ڕادیۆ و بینینی تەلەفزیۆنن , بۆ ئەوەی هەواڵی تازەیان دەست بکەوێ و بەم جۆرە ژیانی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن و نیازە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بەراورد بکەن .
ئێستا سەدان هەزار پەیامنێری ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە گۆشەو کەنارەکانی جیهاندا بەوردی لە بۆسەی هەواڵدان و نیازی ملیۆنەها خوێنەرو بیسەرو بینەری چاوەڕوان جێبەجێ ئەکەن و یەکسەر ڕووداوەکان ئەنووسنەوەو وێنەی ئەگرن و لەراگەیاندنە جیاجیاکاندا بڵاوی ئەکەنەوە .
کەواتە گەڕان بە دوای ڕووداوەکان و ئامادەکردنی ئەو هەواڵانەی کە بەلای خەڵکەوە گرنگن لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەیامنێری چاپەمەنیەکانن . ئەبێ بزانین گەڕان و ئامادەکردنی هەواڵ لەلایەن پەیامنێرەکانەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەبێ دوا بەدوای ئەوە هەواڵ و بابەتەکان زۆر بە خێرایی لە شوێنە دورو نزیکەکانەوە لەرێگەی پەیوەندیـیە تەکنیکییەکانەوە ڕەوانەی ناوەندەکانی کۆکردنەوە و پەخشی هەواڵ بکرێن .
کۆکردنەوەو پەخشی هەواڵ لەوانەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەرێگەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە یان نا ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاژانسە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەکانەوە بێت .
ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرانی تایبەتی چاپەمەنیەکانەوە ڕاستەوخۆ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ئەگەنە ڕاگەیاندنەکان لە دەستەی نووسەران و ناوەندەکانی نووسینەوەی هەواڵ (نووسین و بیستن و بینینەوە)شی ئەکرێنەوەو پاش هەڵبژاردن و ڕێکخستنیان لە شێوەی دەقی نووسراو و پەیامی ڕادیۆیی و فیلمی تەلەفزیۆنی و سینەماییدا ئەخرێنە بەر دەستی خوێنەران و گوێگران و بینەران .
ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە ئامادە ئەکرێن , پاش گەیشتنیان بۆ ناوەندەکانی هەواڵ شی ئەکرێنەوە و ڕێك ئەخرێن و پاشان بە لەبەر چاوگرتنی هەر

یەکـەیان و گرنگـی جوگرافییـان و پێداویسـتییە جیاجیاکانیـان ڕەوانـەی هاوبەشـە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن ئەکرێن تا لەرێگەیانەوە بلاو بکرێنـەوە .

بـەم جـۆرە قۆناغـە گرنگـەکانی ئامـادەکردن و رێکخسـتنی هـەواڵ لـە ئەسـتۆی پـەیامنێرەکان و نووسـەرانی چـاپەمەنیەکان و ئامادەکـەرانی بەرنامـە رادیـۆیی و تەلەفزیۆنیەکانەو لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی چالاکی رێکخراوەکانی پەیوەندییە گشتییەکان , دۆزینەوەی هەواڵ و پەرە پێدانی زانیاری‌یە گشتی‌یەکانە , بۆیە ئەرکی پیشەیی رۆژنامە نووسەکان و کارمەندانی هۆیەکانی راگەیاندن و هەواڵ , لە بواری کۆمەڵایەتی‌یەوە گرنگی‌یەکی زۆری هەیە .

بەهۆی نەبوونی هاتوچۆو پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان خەڵکی‌دا , راگەیاندنەکان لە کۆمەڵگا هاوچەرخە گەورەکاندا , تەنیا هۆکاری پەیوەندین لە نێوان ئادەمیزاددا و دەنگ و ڕەنگیان پێك ئەهێنێ و ئەگەر درزێکی تێ بکەوێ یان ئەرکەکانی خۆی بەباشی ئەنجام نەداو ئەرك و بەرپرسیارەکانی خۆی نەناسێ و جێبەجێ‌ی نەکات , پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤایەتی دژواری‌یەکی زۆری دێتە ڕێ .

هەر بۆیە کارکردن لە ڕاگەیاندن و ئەنجامدانی کاری هەواڵ کۆکردنەوە چ لە رۆژنامە بێ یان تەلەفزیۆن یان رادیۆ یان هەر راگەیاندێکی تر , ئەرکێکی گرنگە و پەیامێکی گەورەی کۆمەڵایەتیە . لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکەدا ئامادەیی پێش وەخت , پەروەردەی پیشەیی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستن و بەم جۆرە حەزو ئامادەیی شەخسی و فێربوونی زانستەکانی راگەیاندن و هەست بە بەرپرسیاریەتیکردن گرنگیەکی تایبەتیان هەیە .

1- ئارەزوو و ئامادەیی شەخسی : شارەزیان و پسپۆڕانی زانستی راگەیاندن و بواری فێرکردنی بەشە جیاجیاکانی چاپەمەنی لەو باوەڕەدان ئارەزوو و ئامادەبوونی شەخسی بۆ نووسین و بێژەری وەك ئارەزوو و ئامادەبوونی مۆسیقا بۆ کاری راگەیاندن پێویستە. ئەوانەی لە ناخەوە حەزی لێ نەکەن و قەریحەیەکی سروشتیان تێدا نەبێ لەم بوارەدا پێش ناکەون , هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پەیمانگاو دامەزراوەکانی زانستی راگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردنی فێرخوازاندا تواناکانیان لەبەر چاو ئەگرن, چونکە لەو کاتەدا بە پێگەیاندنی رۆژنامەنووس و کارمەندانی راگەیاندن سەرکەوتنی زیاتر بە دەست ئەهێنن .

ئەوانەی پێشتر ئامادەییان تێدایە سادەو رەوان بنووسن و لە دروستکردنی رستەو هەڵبژاردنی وشەدا کێشەیان نەبێ , زۆر بەئاسانی ئەتوانن هەواڵ رێکبخەن و شێوازەکانی ئامادەکردنی هەواڵیش بزانن . ئەو کەسانەش کە زیرەکی تەواویان تێدا بێت و وردبین بن , ئەتوانن چاوپێکەوتن و وێنەگرتنی سەرکەوتوانە ئەنجام بدەن .

زۆر کەس بە باشی لە کاری چاپەمەنی تێنەگەیشتوون و لایان وایە کاتێك لە کارێکدا شکستیان هێنا ئەتوانن ببنە رۆژنامەنووس و ئەرکی دەزگایەکی راگەیاندن بگرنە ئەستۆ . ئەم کەسانە ئەبێ بزانن کە چاپەمەنیەکان لەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و هونەرییەی ئێستادا چیتر جێگەی بێکارو سەرگەردان و ئەدیبی شکست خواردوو و شاعیری بێ مایە نییە و راگەیاندنەکان بە هیچ جۆرێك ئەو کەسانەی کە لە پیشەکانی خۆیان دەرکراون و جێگەی تریان دەست ناکەوێ , ناگرنە خۆیان.

بۆ ئەنجامدانی خزمەتی چاپەمەنی ئەبێ ئامادەیی و ئارەزوو هەبێت, پەروەردەی پیشەیی هەبێ و ئەزموون کەڵەکە بێت .

2- پەروەردەی پسپۆڕی: پاش ئەو گۆڕانە گەورەی بواری زانستی راگەیاندن و لەئەنجامی فراوانبوونی رۆژانەی چاپەمەنی و راگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ , ئێستا پیشەکانی راگەیاندن گرنگیەکی یەکجار زۆریان پەیدا کردووە . بەڕادەیەك سەدان هەزار کەس لەسەرانسەری دونیادا لەم بوارەدا کار ئەکەن . کەواتە بۆ دەستکەوتی کارێك لەم بوارەدا خوێندن و پسپۆڕی لە قوتابخانەو دەزگا بەرزەکانی راگەیاندن کارێکی پێویستە .

رۆژنامەنووسی سەدەی بیستەم لەگەڵ رابردوودا زۆر جیاوازی هەیە , لە دوو سەدەی ڕابردوودا رۆژنامەنووسی سەرەتا لەلایەن نووسەران و ئارەزوومەندانی ئەدەبەوە هاتە ئاراوەو هێشتا لە هەندێ وڵاتی دواکەوتوودا رۆژنامەنووسەکان ئەدیبەکانن . وەك وتمان بۆ کارکردن لەبواری راگەیاندن توانای نووسین گرنگە , بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە حەزو قەریحە بەتەنیا بەس نییە و ئەوانەی کە ئەیانەوێ لەکاری راگەیاندندا خزمەت بکەن وەك هەموو پیشە کۆمەڵایەتیەکانی تر , بگرە زیاتریش , پێویست بە فێرکردن و پەروەردەکردنی پسپۆڕی ئەکات .

گۆڕانکارییە تەکنیکیە خێرایەکانی چاپەمەنی , گرنگی کۆمەڵایەتی پیشەکانی ڕاگەیاندن و زۆر بوونی ئاستی پێشبینیەکانی خوێنەرو گوێگرو بینەران , هەموو ئەمانە لایەنگری زەرورەتی فێربوونی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی و بوارەکانی تری ڕاگەیاندنن و ئەم بابەتە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا گرنگی زیاتری هەیە . لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا بە هۆی بەرنامەی فێرکردنی خوێندنەوە ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیاد بوون دایە . بۆ وەڵام دانەوەی داخوازی و پێداویستیەکانیان وا پێویست ئەکات پسپۆڕو شارەزای پێویست ئامادە بکرێن تاکو لە کاتی خۆیدا ڕاگەیاندنی مەعنەوی پێویستیان پێ بدەن و ئاستی شارەزاییان بەرز بکەنەوە .

ئەوانەی لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆدا کار ئەکەن لە کۆمەڵگا هاوچەخەکاندا ئەرکێکی حەساسیان لە ئەستۆدایە . ڕۆژنامەنووسەکان ئەبێ هەوڵ بدەن پێداویستە هەواڵی و زانیاریە گشتیەکانی خەڵکی دابین بکەن و لە گۆڕنکاریە ناوخۆیی و دەرکیەکان ئاگاداریان بکەنەوەو بۆ پێشکەوتنە ئابوری کۆمەڵایەتیەکان گیانی هاوکاری دروست بکەن . ئا لەم کاتەدایە کە ئەتوانن ئەرکی ڕێنمایی و ڕابەرایەتی کۆمەڵایەتی بە باشی ئەنجام بدەن .

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکان و کارمەندانی ڕاگەیاندن بتوانن ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانیان جێبەجێ بکەن وا پێویست ئەکات ئەوانە پێشتر فێری زانستی ڕاگەیاندن بن , بۆ ئەوەی بتوانن لە ئایندەدا ئامادەیی تەوایان هەبێ . دامەرزاندنی دەزگای بەرزی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و پەرپێدانیان لە هەموو وڵاتانی دونیادا نیشانەی ئاوڕدانەوەی تایبەتی ئەو وڵاتانەیە لە ئەرکی پیشەیی ڕاگەیاندن .

3. ئەرکی کۆمەڵایەتی: ئەرکی ڕۆژنامەنووسەکان و پسپۆڕەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی زیاد بوونی تیراژی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و پەرەسەندنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەماوە , یەکجار قورس بووە . حاڵی حازر لەهەر ساتێکدا شەوو ڕۆژ سەدان هەزار ملیۆن خوێنەر و بینەر و گوێگر لەرێگەی ڕاگەیاندنە جیاجیاکانەوە زانیاری و هەواڵیان دەست ئەکەوێ و سودی لێ وەرئەگرن .

هەر لەبەر ئەمەیە پەیامنێرو نووسەر و ڕێکخەرانی هەواڵی تەلەفزیۆن و رادیۆکان , ئەگەر توانای بەر پرسێتی جێبەجێ کردنی ئەرکی پیشەیی

خۆیانیان تێدا نەبێ و نەتوانن هەواڵی ڕاست بۆ خەڵك ئامادەكەن ئەوا بە دڵنیاییەوە پشتیوانی خەڵكەكەیان لەدەست ئەدەن .

ئەبێ بزانین خزمەتی ڕاگەیاندن دەسكەوتی مەعنەوی گرنگی تێدا هەیە و دژواری و كۆششی زۆری تێدایەو ئەركێكی كۆمەڵایەتی ترسناكی هەیە . بۆیە ئەوانەی پێ ئەنێنە كاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنەوە, پێش ئەوەی سەیری دەستكەوتەكانی بكەن, دەبێ چاو لە كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكەی ببڕن .

كارمەندانی بواری ڕاگەیاندن خزمەتگوزارترین پیشەوەرانن, ئامانجی ئەو كەسەی كە ئەم پیشەیە هەڵئەبژێرێ و ئەچێتە ژێر بارییەوە, كۆمەك كردنی پێشكەوتنی ژیان و دابین كردنی دادپەروەری زیاترە بۆ كۆمەڵگا. گرنگی و گەورەیی ڕۆژنامەنووسی لەو بۆچوونە تایبەتیەدایە كە هەر نووسەرو ڕۆژنامەنووسێك لەكاتی قۆناغەكانی كاری خۆیدا ئەنجامی ئەدا .

ئەركی كۆمەڵایەتی هونەری ڕاگەیاندن وا ئەخوازێ كە هەواڵ و بابەتەكان بە شێوەیەكی گشتی وەكو خۆی بخرێنە ڕوو, تاكو ڕاستیەكان بۆ هەموو خەڵك ئاشكرا بن . گومان لەوەدا نییە تەنیا بە وتنی ڕاستییەكان دادپەروەری كۆمەڵایەتی دێتە دی .

ئاساییە وتنی ڕاستییەكان پێویستی بەئازادی هەیە. وەك چۆن دابین كردنی دادپەروەری بەبێ ئاگایی لە ڕاستی جێبەجێ نابێ , بە هەمان شێوە ڕاستی بەبێ ئازادی نایەتە دی .

هەر لەبەر ئەمەشە لەبەرچاوگرتنی دادپەروەری و ڕاستی و ئازادی لێوەشاوەیی كۆمەڵایەتی ڕۆژنامە نووسەكان و كارمەندانی ڕاگەیاندن دیاری ئەكات .

بۆ دەسكەوتنی ئەم شایستەییەش, سەرەتا دەبێ ئەركەكانی پیشەكە بناسرێن و پاشان هەنگاو بنرێت بۆ قبوڵ كردنیان , بەمەبەستی ئامادەكردنی خوازیارانی كاركردن لە بوارەكانی ڕاگەیاندن دا , لە لاپەڕەكانی ئایندەدا بنەماكانی كاری ڕۆژنامەگەری شی ئەكرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی كە ئەیانەوێ ئەركی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان بگرنە ئەستۆ و كار بكەن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی شارەزایی گشتی , ئامادەیی تەواو پەیدا بكەن .

* * *

# هەواڵ و پێناسەی هەواڵ

هـەواڵ, یەکـەم مـادەی پەیوەندیـیـە کۆمەڵایەتیەکانـە . بۆیـە رۆژنامەنووسـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی و پـەیامنێرەکان بەتایبـەت, ئـەبێ پـێش هـەر شـتێك ((هـەواڵ)) بناسن، لەگەڵ چەمك و پێکهاتەکانیدا ئاشنا بن" بۆ ئەوەی بتوانن بە بینین و زانینی تەواوەوە بکەونە دووی هەواڵ و هەواڵ نووسین .

- چەمکەکانی هەواڵ : وشـەی هـەواڵ چـەند چـەمکێکی جیاجیای هەیە و لـە زمانـە ئۆروپیـیەکانـدا وشـەی Information لەبەرامبـەریدا بـەکار ئـەهێنن و بـە زۆر ماناش ئەخوێنرێتەوە : لە هەندێ کاتدا ئەم وشەیە مانایەکی حقوقی هەیە و بە مەبەسـتی ئاگـایی دادوەری و تـاوان بـەکار دێـت وەك (( فەرمانگـەی ئاگـایی – پرسگە )) .

هەندێ جاریش بەمانای ئاسایشی و ((زانیاری)) سیاسی و سەربازی بەکار دێت. لـە دایلۆگـە گشـتیـیەکاندا ((هـەواڵ)) بـەو شـارەزایی و زانیاریانـە ئـەوترێ کـە تاکـەکان لەسـەر ژیـانی هاوبەشـی خۆیـان دەسـتیان ئەکـەوێ, هـەر لەبـەر ئەوەشـە هـەر کاتێـك یـەکتر ئـەبینن یەکسـەر پرسـیاری حـاڵ و ئـەحواڵی یـەکتر ئەکـەن و بـە دوای هـەواڵی تـازەدا ئەگـەڕێن و لەگـەڵ یـەکتردا گفتوگـۆ لەسـەر ڕوداوەکـان ئەکـەن . بـەم جـۆرە داخوازی خـەڵك بۆ دەستکەوتنی ئاگاییلەسـەر ژینگـەی خۆیـان ئەبێتـە هـۆی ئـەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بە دوای سەرچاوەکانی هەواڵدا بگەڕێن و پەنا بۆ چاپەمەنی ببەن .

گەورەترین ئەرکی کۆمەڵایەتی راگەیاندنەکان گەڕانە بە دوای زانیاری و گەیانـدنی بە خەڵك, هەر لەبەر ئەمەشە کۆی هەموو ئەو ئاگاییانەی کە راگەیاندنـەکان ئەیخەنـە بـەر دەست گوێگرو خوێنەرو بینەرەکانیان لایەنی ((هەواڵ))یان هەیە .

ئێستا, مانا جیاجیاکانی هەواڵ – مـان لـەڕوی زمانـەوانی و حقوقی وکۆمەڵایەتیـەوە باس کرد, وا لێرەدا ماناکـەی لەلایـەنی چاپەمەنی و راگەیاندنـەوە ئەخەینـە ڕوو, بـۆ ئەم مەبەستەش پێناسەی هەواڵ گرنگییەکی زۆری هەیە.

## پێناسەی هەواڵ

زانایـانی بـواری پەیوەندیـیـە کۆمەڵایەتیـەکان و نووسـەرانی بـواری ڕۆژنامەنووسـی چـەندین پێناسـەی جیاجیایـان بـۆ هـەواڵی راگەیانـدن و چـاپەمەنی داناوە , لێـرەدا چەند دانەیەکیان ئەخەینە ڕوو:

- لیل ئەسپنسەری ئامریکایی و نووسەری کتێبی ((هەواڵ نووسی)) لە پێناسەی هەواڵدا ئەڵێ: (هەر کارێك یان ئەندێشەیەکی واقعی کە بەلای خەڵکێکی زۆرەوە سەرنج راکێش بێت هەواڵە) .
- و.ج بلایەری رۆژنامەنووسی ئەمریکی لە کتێبی ((رۆژنامەنووسی))دا (هەر بابەتێك بەهۆی سەرنج راکێشانەکەیەوە لەلایەین خەڵکەوە پەسەند بێت و لە بڵاوکراوەکاندا چاپ بێت) بە هەواڵ ئەزانێ .
- س. مولبی خاوەنی کتێبی (( گەڕان بەدوای هەواڵدا)) ئەو رووداوە گرنگانەی کە لەرۆژنامەکاندا چاپ ئەکرێن و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ ئەکرێ بە هەواڵ ئەزانێ .
- میچل. وی چارئلی مامۆستای رۆژنامەنووسی لە زانکۆی ((مینسوتا))ی ئەمریکی لە کتێبی ((پەیامنێری))دا ئەنووسێ: ((هەواڵ باسێکی وردو کورتکراوەی رووداوێکە, خودی رووداوەکە نییە)).
- ((ئیرك سی . هوپ وود))ی ئەمریکاییش پێناسەیەکی هاوچەشنی هەیە و هەواڵ وا پێناسە ئەکات (( هەواڵ یەکەمین باسی ڕووداوێکە کە جێگەی سەرنجی هەمووانە)). رۆژە کاوس مامۆستای ((مەڵبەندی توێژینەوەی هونەری بڵاوکراوە گشتییەکان)) لە زانکۆی برۆکسل لە کتێبی ((هەواڵەکان))دا ئەڵێ: ((هەواڵ گواستنەوەی سادەو وردی رووداوە هەنوکەییەکانە)).
- ((فرناند ترو)) سەرۆك و مامۆستای ئەنستیوتی چاپەمەنیەکانی زانکۆی پاریس لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی ((هەواڵ)) ئەم پێناسەیە بۆ هەواڵ ئەکات: ((هەواڵ بریتیە لە بڵاوکردنەوەی رێك و پێکی رووداو و شارەزایی زانستە مرۆڤایەتیەکان و گواستنەوەی بیروڕا گشتییەکان)).

لەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەرئەکەوێ ((نوێ)) بوون و ((سەرنج ڕاکێشی)) هەواڵەکان گرنگترین بونیادەکانی هەواڵ پێك ئەهێنن. بە مانایەکی تر هەموو رووداوەکان لایەنی هەواڵیان پێوە نییەو ئەوەی ئەبێتە هۆی بەها پەیدا کردنی هەواڵ ئەو گرنگی پێ دان و ڕێز لێنانەیە کە خەڵك لێی ئەگرێ. کەواتە تازە بوونی هەواڵ و سەرنج ڕاکێشییەکەی باشترین پێوانەی خەڵکە بۆ هەواڵ.

بەشێوەیەکی گشتی و بەلەبەر چاوگرتنی ئەو پێناسانەی سەرەوە ئەتوانین پێناسەیەکی گشتگیری هەواڵی چاپەمەنیەکان بەم شێوەیە بکەین .

**((هەواڵ بریتیە لەپیشاندانی ڕووداوە سەیرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوی بیروڕای گشتی)).**

**بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم پێناسەیە ئەم هۆکارانەی خوارەوە لە یەکتر جیا ئەکەینەوە :**

1- **باس کردنی ڕووداو: هەر ڕووداوێك کە ڕوو ئەدا, پێش ئەوەی کەس پێی بزانێ نائاشنایە وتەنیا ئەو کاتە ئەبێتە هەواڵ کە ئاشکرا ئەبێ و بە خەڵکانی تر ئەناسێنرێ. بەگشتی هەواڵ کارێکی لەناکاوە و شتە چەسپاوو نەگۆڕاوەکان لەخۆی ناگرێ. کەواتە هەر کارێك گۆڕانێك لەدۆخی حازردا بەدی بهێنێ و یان لەسەر گۆڕانکاری‌یەکانی پێشوو زانیاری‌یەك بگات, هەواڵێك دروست بووە بۆیە ئەبێ یەکسەر باسی لێوە بکرێ. بەم جۆرە ئاگادارکردنەوەی خێرای خەڵك لە ڕووداوە تازەکان, یان ئەو ڕووداوانەی کە پێشتر ڕوویان داوە بەڵام هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە بە هەواڵ دێنە ژماردن.**

**بۆ نموونە ئەتوانین بڵێین بوونی تەلارێکی پێنج نهۆمی لە سلێمانی‌دا بابەتێکی ئاساییە و هەواڵ نی‌یە, بەڵام ئەگەر تەلارێکی (50) نهۆمی لە یەکێك لە شەقامەکانی سلێمانی‌دا دروست بکرێ, ئەمە هەواڵێکی تازەیە بە کەڵکی بڵاوکردنەوە دێت, هەروەها ئەگەر ئاسەواری قەڵایەکی کۆن بدۆزرێتەوە لەبەر ئەوەی دۆزینەوەکە تازەیە ڕووداوەکە گرنگەو ئەبێ بڵاوبکرێتەوە .**

**کەواتە بابەتی هەواڵ شتێکە کە حاڵی حازر بوونی هەیە و پێش چەند ساتێك وجودی نەبووە. شتێکە لەناکاو سەری هەڵداوەو دوای سەر هەڵدانی یەکسەر باسی لێوە کراوە . هەر لەبەر ئەمەشە لەزاراوەکانی ڕاگەیاندندا زاراوەی ((هەواڵە تازەکان)) هاتووەتە ئاراوە .**

2- **یەکەمین باس کردن: بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵك لە ڕووداوە تازەکان, تەنیا باس کردنی ڕوودانی ڕووداوەکە بەس نی‌یە, بەڵکو ئەبێ چۆنیەتی ڕوودانەکەش باس بکرێ. بۆ ئەوەی چەمك و گرنگی و بەهای هەواڵەکە بناسرێتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی خوێنەران و گوێگران بداتەوە.**

**هەر لەبەر ئەمەیە پاش باس کردنی ڕووداوەکە, یەکسەر شوێنی ڕووداوەکەو هەلومەرج وهۆکارەکانی شی ئەکرێنەوەو ئەو کەسانەی کە تێیدا بەشداریان کردووە ئەکەونە ژێر کاریگەری‌یەوە و ئەناسێنرێن. بۆ نموونە باس کردنی خۆ**

کوشتنی سەرۆکی فەرمانگەیەك بە تەنیا بەس نییە, بەڵکو ئەبێ هۆکارو چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەش ئاشکرا بکرێت.

ڕاگەیاندنەکانی ئێستا هەرکە لەڕووداوێك ئاگادار ئەکرێنەوە, زۆر بە خێرایی و بەکورتی باسی ئەکەن و پاشان باس لە هەموو ڕووداوەکە ئەکەن و پەخشی ئەکەنەوە. لە سەرەتای بەرنامەکاندا بەکورتی باس لەهەواڵە گرنگەکان ئەکرێ و پاشان بە شێوەیەکی درێژتر ئەخرێتە ڕوو. مانشێتی کورتەی هەواڵەکان لەسەرووی بابەتە چاپ کراوەکانەوە دائەنرێن, ئەمەش تاکو خوێنەران بە خێرایی ئاگاداری ڕووداوەکان بکرێنەوە. پاشان لەخوارەوە بەدرێژی هەموو ڕووداوەکە ئەخرێتە ڕوو .

3- ڕووداوە ڕاستەقینەکان: هەواڵ, هەردەم باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە ئەکات و ئەگەر ڕووداوێك نەبێت هیچ هەواڵێکیش نابێ. هەر بۆیە تەنیا ئەو ڕووداوانە ئەکرێنە هەواڵ کە ڕاستەقینەن و دوورن لەخەیاڵ و فەنتازیا.

ئەبێ بزانین ئەو بابەت و چیرۆکە ناواقعیانەی کە لە شێوەی ((نۆڤل و ڕۆمان)) لە بڵاوکراوەکاندا چاپ ئەبن تەنیا بۆ کات بەسەر بردنی خەڵك بڵاوئەکرێنەوە, لەگەڵ هەواڵدا جیاوازن. بۆیە ڕاستەقینە بوونی ڕووداوەکان بە گرنگترین بناغەی ئامادەکردنی هەواڵ دێتە ژماردن. ئەم بناغەیەش وا ئەخوازێ پەیامنێر بە هیچ جۆرێك لە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵەی کە ئامادەی ئەکات بچوکترین گۆڕانکاری و دەستکاری نەکات و بەوپەڕی بێ لایەنیەوە بیخاتە ڕوو. هەر لەبەر ئەمەشە ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە ئامادە ئەکرێن , ئەگەر هاتوو خۆی لەو جێگەیە نەبوو , ئەبێ داوای یارمەتی لەو کەسانە بکات کە ڕووداوەکەیان بە چاوی خۆیان دیوە. ناو هێنانی سەرچاوەکانی هەواڵ و خستنە ڕووی بەڵگەنامەو لێدوانە ڕەسمی‌یەکان, بۆ دەرخستنی ڕاستی هەواڵەکان پێویست و گرنگن.

4– ڕووداوی سەرنج ڕاکێش: وەکو وتمان ڕاستەقینە بوونی ڕووداو لە مەرجە گرنگەکانی هەواڵە, بەڵام مەرجی تەواو نییە و ئەبێ لە پاڵی‌دا مەرجی (سەرنج ڕاکێشی) ڕووداوەکەش لەبەر چاو بگیرێ. سەرنج ڕاکێشی ڕووداویش لەلایەن خەڵکەوە دیاری ئەکرێت و هەر لەبەر ئەمەشە پەیامنێری ڕاگەیاندنەکان ناچارن داخوازی و حەزی خوێنەران و گوێگران و بینەران لەبەرچاو بگرن و بەپێی گرنگی ڕووداوەکانیش بەدوای پەخشی هەواڵدا بگەڕێن.

دیاری کردنی زەوق و داخوازی ئەو کەسانەی کە سود لە راگەیاندن ئەبینن کارێکی ئاسان نیيە. هەر بۆیە ئەبێ تەنیا ئەو هەوالانەی کە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە پەسەندن هەڵبژێرێن .

5- روداوی گشتی و کۆمەلایەتی: ئەو رووداوانەی کە وەك هەواڵ ئامادەئەکرێن ئەبێ گشتی بن و کار لە ژیانی کۆمەلایەتی ژمارەیەکی زۆر خەڵك بکەن. کەواتە ئەو ڕووداوانەی کە بوون و نەبوونیان وەکو یەك وایەو هیچ کاریگەرییەك لەسەر بارودۆخی گشتی جێ ناهێڵن و لەوانەیە تەنیا بۆ کەسێك یان خێزانێك یان دەستەیەك سەرنج ڕاکێش بن, بە هەواڵ نایەنە ژماردن. هەرچەندە جاربەجار رووداوی ژیانی تایبەتی هەندێلە کەسایەتیيەکان بە هەواڵ ئەژمێرێن, بەلام ئەوە لەبەر ئەو پەیوەندییەیە کە بەژیانی گشتییەوە هەیەتی. بۆ نمونە مەرگ یان لە دایك بونی کەسێکیئاسایی یان سەرکەوتن و شکستی ئەو کەسە هیچ بایەخێکی لەژیانی گشتیدا نییە و بە هەواڵ نارژمێرێ. بەلام, ئەگەر لە ژیانی کەسێکی ناوداری زانستی یان سیاسی گۆڕانێك روو بدات, لەبەر ئەوەی بوونی جێگەی تێڕوانینیخەڵکەو وەك هەواڵ حیسابی بۆ ئەکرێ و وەك رووداوێکی کۆمەلایەتی پەخش ئەکرێتەوە. کەواتە کاریگەری ژیانی تایبەتی کەسایەتیەکان پەیوەستە بەو رۆڵەی کە لە ژیانی کۆمەلایەتیدا لە ئەستۆیانە. بەلام نابێ ئەوە لە یاد بکەین ژیانی تایبەتی کەسەکان بەبێ لەبەرچاو گرتنی پلەو پایەیان ئەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و نابێ لەبەر حەزو ئارەزووی خوێنەر و گوێگرو بینەر, ژیانی هیچ کەس بخرێتە مەترسییەوە و ئارامیان لێ تێك بدرێ .

بەشیکردنەوەی ئەو خالانەی کە لەسەرەوە باس کران ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامانەی کە ئەبێ پەیامنێر پێش هەر شتێك بەوردی ئاگاداری رووداوە گرنگە کۆمەلایەتیەکان بێت و بەسود وەرگرتن لە تێڕوانینە راستەوخۆکانی خۆی و بە پشت بەستن بە چاو پێکەوتنەکانی خەڵکانی تر, هەواڵی ڕووداوەکە باس بکات و لەهۆکارو کاریگەرییەکانی بکۆڵێتەوە . بەم جۆرە ڕاستەقینە بوونی هەواڵەکەو سەرنج ڕاکێش بوونی, کە لەسیفەتە گرنگەکانی هەواڵن, رەچاو ئەکرێن .

## رەگەزەکانی هەواڵ

راگەیاندن و باس کردنی رووداوە سەرنج راکێشە کۆمەلایەتیەکان, کاتێك بە باشی سەر ئەگرێ کە بە شێوەیەکی تەواو هۆکارو رەگەزەکانی هەر رووداوێك بخرێتە روو.

به شێوەیەکی گشتی هەر هەواڵێك چی گەورە بێت و یان بچووك ئەبێ لەم رەگەزو هۆکارانە پێك بێت:

1. ئەو کەس یان کەسانەی کە لە رووداوەکەدا بەشداریان کردووە یان رووداوەکە بە جۆرێك پەیوەندی بەوانەوە هەیە.
2. بابەت و جۆری رووداوەکە , واتە ئەوەی رووداوەکەی لێ پێك هاتووە .
3. ئەو هۆکارو ئەنگێزانەی کە بوونەتە هۆی قەومانی رووداوەکە.
4. چۆنیەتی روودانی رووداوەکە.
5. ئەو کاتەی کە شوێنی رووداوەکە لە بواری مێژوویی و رۆژو سەعاتەکەیەوە دیاری ئەکات.
6. شوێنی رووداوەکە کە دۆخی رووداوەکە لەبواری جێگەو دووری لە جێگاکانی ترەوە دیاری ئەکات.

ئەبێ بزانین بەدەر لەو هۆکارو رەگەزانەی سەرەوە, هیچ رووداوێك روونادات. هەر کاتێك پەیامنێرێك بیەوێ هەواڵێك ئامادە بکات یان بنوسێ, ئەبێ ئەوانەی لەهزردا بێت و پەیڕەویان بکات. بەم جۆرە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو شەش رەگەزەی سەرەوە پەیامنێر لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵدا لەگەڵ ئەم شەش پرسیارەدا ڕووبەڕوو ئەبێتەوە:

1- کێ ؟ 2- لە کوێ ؟ 3- کەی ؟ 4- چی ؟ 5- بۆ ؟ 6- چۆن ؟

لە کوردیدا کاتێك ئەنووسی: (( پیاوێك بریندار بوو)), ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە هیچ کەم و کوڕییەکی تێدا نییە, بەڵام لە رووی بوونە ((هەواڵ))ەوە کێماسی تێدایە, چونکە پێناسەی کەسەکەو کات و شوێنی رووداوەکەو چۆنیەتی روودانی رووداوەکە ئاشکرا نین.

کەواتە ئەو کاتەی بەدوای هەواڵدا ئەگەڕێی, ئەبێ پێش هەر شتێ بە دوای رەگەزە پێکێهنەرەکانی هەواڵەکەدا بگەڕێی, ئەگەرنا رازاندنەوە و بەکارهێنانی جوانترین شێوازی ئەدەبی بێهودە ئەبێ . هەر لەبەر ئەمەشە لە قوتابخانەو پەیمانگا بەرزەکانی ڕۆژنامەنووسیدا هیچ کاتێك هەواڵ نووسین بە ئامادەکردنی بابەت و شیکردنەوە دەست پێ ناکات, بەڵکو یەکەمین ڕاهێنان بە نووسینەوەی هەواڵێکی کورت دەست پێ ئەکات کە هەموو رەگەزو هۆکارەکانی هەواڵ و ئەو پرسیارانەی کە باسیان لێوە کرا بەکەمترین وشە بەکار بهێنرێن.

بۆ نمونە: ئەمڕۆ بەیانی لە شەقامی مەولەوی رۆژنامە فرۆشێکی پەنجا ساڵە بە ناوی (( حسـین سـەروای)) , لـەو کاتـەی پاسـکیلەکەی ئەخسـتە سـەر شۆسـتەکەوە, تاکسی‌یەکی جۆری لادا پیایدا کێشاو بریندار بوو.

وەك ئەبینین ئەم بڕگەیە بە پێچەوانەی رستەی ((پیاوێك بریندار بوو)) لەبەر ئەوەی زۆربەی رەگەزەکانی ڕووداوەکەی تێدا دیاری کراوە لەلایەنی هەواڵەوە کامڵ ترە.

ئاشکرایە لەبەر چاونەگرتنی هەر یەکێك لەو رەگەزانە هەواڵەکە بەناقسی و بێ مانایی ئەخاتە ڕوو, بۆیە پەیامنێر ناچارە هەردەم لە خۆی بپرسێ: کێ لە ڕووداوەکە بەشداری کردووە ؟ کەی ڕووداوەکە ڕوویدا ؟ شوێنی ڕووداوەکە لە کوێیە؟ جۆری ڕووداوکە چی‌یە؟ چۆن ڕووداوەکە ڕوویدا؟ بۆ ڕووداوەکە ڕوویدا ؟.

لێرەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەستکەوتنی هەواڵ لەخودی پرسیارەکاندایە.

لەسەر ئەو شەش رەگەزانەی کەباسیان لێوە کرا ئەم ڕوونکردنەوانە پێویستن:

أ- کێ؟ ڕەگەزی ((کێ؟)) ئەو کەس یان کەسانەی کە بکەری ڕووداوێکن یان بەهەر شێوەیەك دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەیە , دیاری ئەکات . بۆ تەواوکردنی هەواڵەکە ئەبێ ناو و , ناوی باوك , تەمەن و شوێنی نیشتەجێ بوون , کارو ژمارەی منداڵەکانی تێدا بێ .

رەگەزی ((کێ ؟)) هەموو کاتێك مرۆڤ نی‌یە, لەوانەیە شتێك یان ڕێکخراوێك بێ . لەم حاڵەتەدا ئەبێ زانیاری تەواوی لەگەڵدا باس بکرێ. بۆ نمونە ئەگەر بکەرەکە ((ئەنجومەنی باڵای خانەی روناکبیری گوندەکان)) بێ, ئەو کاتە ئەبێ بۆ خوێنەر کە هیچ جۆرە زانیاریەکی لەسەر ئەم ئەنجوومەنە نییە رونکردنەوەی پێویست بخرێتە ڕوو.

ب- کەی؟ ((چ کاتێ ؟)) ئەم خاڵە کاتی ڕووداوەکە دیاری ئەکات. لێرەدا ئەبێ بزانین لەبەر ئەوەی لەسەرەوەی رۆژنامەکاندا مێژووەکە دیاری ئەکرێت , لە دەقی هەواڵەکەدا زۆر جار دوێنێ یان ئەمڕۆ ئەنووسرێ . بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە ئەگەر هاتوو ڕووداوەکە چەند رۆژێك پێشتر ڕووی دابوو , بەڵام تازە ئاشکرا بووبێ پێویستە سەعات و رۆژ یان هەفتەو مانگەکانیش باس بکرێن . لە هەندێ هەواڵی گرنگ دا لەوانەیە دەقەکانی ڕووداوەکەش بۆ خوێنەران سەرنج ڕاکێش بێت.

پ- لەکوێ؟ ئەمەیان جێگەی ڕووداوەکە دیاری ئەکات . ئەگەر شوێنی ڕووداوەکە شارێك بێت تەنیا ناوی شارەکە بەسە. بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا پێویستە ناوی ئەو گەڕەگ و کۆڵان و ژمارەی خانووەی کە ڕووداوەکەی تێدا قەوماوە لە هەواڵەکاندا

بهێنرێن. بەڵام لە گوند و شارۆچکەکاندا ناو هێنانی گەڕەکەکان گرنگی‌یان نی‌یە . چونکە لە گوندێك یان شارێکی بچووکدا خەڵکەکە یەکتری ئەناسن .

ت- چی؟ بابەت و جۆری ڕووداوەکە بە پرسیاری چی؟ ئاشکرا ئەبێ . بەم جۆرە ڕووداوە جیاجیاکانی وەك داهێنانی زانستی , کردنەوەی کارگەیەك, بومەلەرزەیەك و لافاوێك لەیەکتری جیا ئەکرێنەوە .

ج-بۆ؟ بۆ هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکە و ئامانج و ئەنگێزەی بکەر یان بکەرەکان دیاری ئەکات. هەندێ جار وەڵامدانەوەی پرسیاری بۆ؟ لە سەرەتای ئامادەکردنی هەواڵەکەدا ئاسان نی‌یە. بۆ دۆزینەوەی ئەبێ کاتێکی زیاتر خەرج بکرێ . بۆ نمونە کاتێك فڕۆکەیەك ئەکەوێتە خوارەوە یان شەمەندەفەرێك لەهێڵێکی ئاسندا دەرئەچێ یان کوشتنێك ڕووئەدات, ناتوانرێ یەکسەر هۆکارەکەی بدۆزرێتەوە .

ح-چۆن؟ ئەمەیان چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە ڕوون ئەکاتەوە. وەك لە پێناسەکردنی هەواڵەکاندا وتمان, تەنیا ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە بەس نی‌یە, بەڵکو ئەبێ چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەش باس بکرێت و شیبکرێتەوە. بۆ ئەوەی خوێنەرو گوێگر زانیاری تەواویان دەست بکەوێ. هەندێ جار ڕووداوەکە سادەیەو ئەتوانرێ بە ڕستەیەك باس بکرێت. بۆ نمونە ئەوترێ پیاکێشانەکە بەهۆی لادانی ئۆتومبیلێك بەلای چەپ ڕویدا. هەندێ جار هەواڵەکە باسی کوشتنێکی شاراوەیە, لەم حاڵەتدا ئەبێ چۆنیەتی ڕووداوەکە بە وردی باس بکرێت.

## چ کاتێ هەواڵ کامڵە؟

کامڵ بوونی هەواڵ لەلایەك پەیوەندی بە گرنگی هەواڵەکەو لەلایەکی ترەوە بەڕێژەی داخوازی خوێنەران لەسەر چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەوە هەیە. تاهەواڵەکە گرنگتر بێت و تا ئارەزووی خوێنەران لەسەر خوێندنەوەی زۆر بێت, پێویستە هەواڵەکە بەدرێژی و زانیاری زیاترەوە پەخش بکرێت . کەواتە بۆ خستنە ڕووی هەواڵێکی کامڵ تەنیا ئەوە بەس نییە کە شەش ڕەگەزەکەی تێدا بێت و وەڵامیان بدرێتەوە. بەڵکو ئەبێ لەبەر گرنگی هەواڵەکەو حەزی خەڵکی هەریەك لەو ڕەگەزانە تا ڕادەی پێویست ڕوون بکرێنەوەو ئەو خاڵانەی کە هێشتا شاراوەن زیاتر باسیان لێوە بکرێت.

هەر لەبەر ئەمەشە هەندێ جار وا ڕووئەدات هەواڵێك هەر شەش ڕەگەزەکەی تێدایە, کەچی هێشتا کەم‌و کوڕی هەیە.

نمونەیەك:

***پاش نێوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە 28-12-1997 ژاكلین و ئوناسیس لە كڵێسای دورگـەی ئسـكورپیوس زەماوەنـدیان كـرد. مەراسـیمی زەماوەندەكـە لەسـەر ڕێ و ڕەسمی ئورتدۆدۆكسەكانی یۆنان ئەنجا درا.***

ئـەم هەواڵـە كـەم و كـوڕی تێدایـە, چـونكە هێشـتا كۆمەڵـە پرسـیارێك بـەبێ وەڵام ماونەتەوە:

- ژاكلین كێیە ؟
- ئۆناسیس كێیە ؟
- دورگەی ئسكورپیوس لە كوێیە ؟
- بۆ زەماوەندەكە لە ئسكورپیوس ئەنجام درا؟
- ڕێ و رەسمی ئورتدۆدۆكسەكانی یۆنان چیە ؟

هەڵبەتە لە هـەواڵێكی زۆر كورتـدا نـاتوانرێ وەڵامـی هـەموو ئەم پرسیارانە بدرێتـەوە بـەڵام لـە هەواڵـە ئاسـاییەكاندا ئـەبێ ڕونكردنـەوەی پێویسـت لـەبارەی هەریەكـە لـەو بەشـانەی هـەواڵ بـدرێت . تەنانـەت لـە حاڵـەتی زەروریدا ئـەبێ بـیر لـە پرسـیاری لاوەكیش بكرێتەوە و وەڵامیا بۆ بدۆزرێتەوە .

**جۆرەكانی هەواڵ**

حاڵی حازر زۆرینەی ئەو هەواڵانـەی كە لەزۆربـەی چاپەمەنی و بڵاوكراوەكـانی تـردا پەخش ئەكرێنەوە, لەلایەن ئاژانسە هەواڵدەرییەكانەوە رەوانـە ئەكرێن وهەواڵـە نێـو دەوڵەتیـیەكان رۆڵـی بەرچـاو ئـەبینن. وەك ئـەزانین رۆژنامـەو رادیـۆ و تەلەفزیۆنـەكان لەبـەر گیروگرفتـی دارایـی نـاتوانن لەهـەموو جێگەیـەكی دونیـادا پـەیامنێری تایبـەت دابمەزرێنن, بۆیە ناچارن سود لە هەواڵی ئاژانسەكان وەربگرن.

هەواڵدەرییە نێو دەوڵەتییەكان لەهەموو سەعاتەكانی شەوو ڕۆژدا لە چالاكی دان و ئـەو هەواڵـە زۆرانـەی كـە لەلایـەن پەیامنێرەكانیانـەوە لـە سەرانسـەری دونیـاوە پێیـان ئـەگات ئـەنێرن بـۆ رۆژنامـە و تەلـەفزیۆن و رادیـۆ و چـاپكراوەكان . بـەم جـۆرە ڕووداوەكانی دونیا ئەگەیەننە هاوبەشەكانیان لە دونیا.

ئەم جۆرە هەواڵانە لە زاراوە رۆژنامە نووسییەكاندا پێیان ئەوترێ هـەواڵی تلگرافی, لەبەر جیاوازی تێڕوانینی پەیامنێرەكان و ئاژانسەكان و ئەو پەلەپەل كردنـەی كـە بۆ وەرگێـڕان و پـەخش كردنیـان ئـەكرێت, هـەروەها لەبـەر ئـەو هەڵانـەی كـە لـەكاتی ناردنیان دا روو ئەدەن , هەواڵەكان بەزۆری نامەفهوم و پڕ لە هەڵە دەردەچن و ئەگەر

لەلایەن رۆژنامە و راگەیاندنەکانی ترەوە راست و ریك نەخرینەوە تێگەیشتنیان بۆ خوینەران و گویگران دژوار ئەبێ .

هەر بۆیە چاپەمەنیەکان ناچارن هەموو ئەو هەوالانەی کە لەلایەن ئاژانسەکانەوە دەستیان دەکەویت, پێش ئەوەی بلاوبکرینەوە لیکۆلینەوەیان لەسەر بکریت و بەپێی زەوق و حەزی خۆیان و گویگران پەخش بکرینەوە.

ئەبێ بزانین ئەو پەیامنیرانەی کە لەرۆژنامەکاندا کار ئەکەن, لە ئامادەکردن و ریکخستنی بابەتەکاندا تەنیا لەگەل یەك هەوالدەریدا هەلسوکەوت ناکەن, بەلکو لە ئاژانسە جیاجیاکانەوە هەوالەکانیان وەرئەگرن و هەندێ جاریش لەریگەی پەیامنیرەکانەوە هەوالەکانیان تەواو ئەکەن, چونکە هەوالی ئاژانسەکان لەرووی دارشتن و ناوەرۆکەوە لەگەل یەکدا جیاوازن, بۆیە ئەبێ لەگەل یەکتردا بیگونجینن.

ئەو هەوالانەی کە لەسەرەوە باسیان لیوەکرا , بنچینەو بناغەی کاری رۆژنامەنووسین و هەموو پەیامنیرو ئەو کەسانەی کە لە راگەیاندنەکاندا کار ئەکەن, ئەبێ لە بنەما عەمەلیەکانی بزانن , بۆیە لیرەدا باس لە یەکەمین قۆناغی کارەکە ئەکەین کە وەرگرتنی ئەو هەوالانەیە کە لەرێی تلگرافی ئاژانسەکانی دەنگ و باسەوە پیمان ئەگات و پیویستە ئامادەو ریکبخرین :

أ- گەیشتنی هەوالە تلگرافیەکان: هەوالە تلگرافیەکان ئەو هەوالانەن کە لە هەوالدەرییەکانەوە بە دریژایی سەعاتەکانی رۆژ لەریگەی دەزگا هەوالگرییەکانەوە (بێ سیم , تەلەفۆن و رادیۆ و ئینتەرنیت و فاکس ) ئەگەنە چاپەنی‌یەکان و ئەکرینە نووسین.

دەزگاکانی هەوالگری چاپەمەنی‌یەکان بەردەوام ئامادەی وەرگرتنی هەوالن لە ئاژانسەکانەوە و لەسەر دەزگا جیاجیاکانی وەرگرتنی هەوال تۆماریان ئەکەن و پاشان بە پێی گرنگی هەر بابەتێکیان لەیەکتر جیا ئەکرینەوەو رەوانەی بەشە جیاجیاکان ئەکرین بۆ دلنیایی لە وەرگرتنی تەواوی هەوالەکان نوسخەیەك لە تۆمارەکە ئەدریتە سەر نووسەر , بەلام هەوالە گرنگەکان یەکسەر دوای تۆمار کردن ئەخرینە بەر دەستی بۆ ئەوەی بە خیرایی بریاری چاپ کردنی دەربکات.

هەوالە گرنگ و بەرجەستەکانی ئاژانسەکان بە زۆری لەلایەن ناوەندەکانی ناردنەوە بە وشە یان بە هیمای جیاواز دیاری ئەکرین وەك (( Rush , Snap Flash , Blits )) .

جگە لە بەرکارهێنانی ئەو وشەو هێمایانە, ئاژانسەکان هەمیشە مانشێتێکی دیار و گونجاو بۆ هەواڵە گرنگەکان هەڵئەبژێرن , بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامە نووسانەی کە کاریان چاودێری کردن و هەڵبژاردنی هەواڵی ئاژانسەکانە یەکسەر بە خوێندنەوەی مانشێتەکە ئاگاداری ناوەڕۆکی هەواڵەکان بن . گومان لەوەدا نی یە دوای رێکخستن و ئامادەکردن, رۆژنامەکە بە لەبەر چاوگرتنی ناوەڕۆك و گرنگی هەواڵەکان مانشێتێکی گونجاوتریان بۆ دائەنێت .

لە کاتی هەڵبژاردنی هەواڵی ئاژانسەکان و هەواڵی پەیامنێرە تایبەتیەکانی دەرەوەی وڵات دا و پێش دەست کردن بە چاپی ناوەڕۆکەکانیان , لە سەرەتادا شوێنی ناردنیان , مێژووی ناردنیان و سەرچاوەکانیان ( ئاژانسەکانیان، ناوی پەیامنێرەکان) ئەنووسرێن .

<u>بۆ نمونە : لەندەن – 11ی ئەیلول – دۆینەر–</u>

دهۆك – 21ی نەورۆز – پەیامنێری کوردستانی نوێ

1- جێگەی ناردنی هەواڵ : ئەبێ بزانین جێگەی ناردنی هەواڵ مەرج نی یە هەمان جێگەی روداوەکە بێت. زۆر جار شوێنی روداوەکە ئەو شوێنە نی یە کە هەواڵەکەی لێ ڕەوانە ئەکرێ . بۆیە جگە لە شوێنی ناردنی هەواڵەکە کە لە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەنووسرێ , ئەبێ لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا شوێنی ڕووداوەکەش بنووسرێ. بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین ئەو هەواڵانەی کە لە شوێنی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەوە ئامادە ئەکرێن , لە کاتی چاپکردندا پێویست ناکات جێگەی ناردنەکەی باس بکرێت.

بۆ نمونە ئەگەر ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسا هەواڵێکی لە سلێمانیەوە بە دونیادا پەخش کرد ، رۆژنامەکانی کوردستان کە لە سلێمانی دەرئەچن نابێ ئەو هەواڵە بەم شێوەیە چاپ بکەن: سلێمانی – 11ی ئەیلول ئاژانسی فەرانسە – بەڵکو تەنیا ناوهێنانی ئاژانسەکە بەسە .

2- بەرواری ناردنی هەواڵ : وەك چۆن مەرج نی یە جێگەی ناردنی هەواڵەکان هەمان شوێنی ڕووداوەکان بێت, بەهەمان شێوە مەرج نیە بەرواری ناردنی هەواڵەکان هەمان بەرواری ڕووداوەکان بێت, چونکە هەندێ جار ڕووداوەکە ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك پێش بەرواری ناردنەکە رووی داوە. بۆیە پێویستە بەرواری ڕوودانی ڕووداوەکە زۆر بەوردی لە دەقی هەواڵەکەدا دیاری بکرێت.

3- سەرچاوەی هەواڵەکە: مەبەست لە سەرچاوەی هەواڵەکان نێرەری هەواڵەکە واتە پەیامنێر یان ئاژانسی دەنگ و باسەکەیە. دیاری کردنی سەرچاوەی هەواڵ نیشانەی راستی و دروستی هەواڵەکەیە, هەر لەبەر ئەمەیە زۆربەی رۆژنامەکان رەچاوی ئەو خاڵە ئەکەن . لە کۆتایی هەواڵەکاندا زۆر جار سەعاتی ناردنی هەواڵەکەش ئەنووسرێت, بۆ ئەوەی کاتی ناردنەکە ئاشکرا بێت و تازەیی ئەو هەواڵانەی کە لەسەر رووداوێکن دەرکەوێ. هەر یەکە لەو هەواڵانەی کە لەلایەن ئاژانسەکانەوە رەوانە ئەکرێن هەڵگری ژمارەیەکی دیاری کراون, بۆ ئەوەی پێش و پاشی هەواڵەکان لەرێگەی ئەو ژمارانەوە دیاری بکرێن . ژمارەی هەواڵەکان جگە لە دیاری کردنی تازە بوونی هەواڵەکان, یارمەتی پەیامنێرەکان ئەدا تاکو ئەو هەواڵانەی کە بە هۆی تەکنیکییەوە پاشماوەکانیان نەگەیشتۆتە لایان بە سود وەرگرتن لە نوسخەی تازەی ئاژانسەکانی تر , تەواوی بکەن یان داوای هەواڵە نەگەیشتووە نوێیەکان لەو ئاژانسانە بکەن.

ب- جۆرەکانی دەنگ و باسە نێردراوەکان:

ئەو هەواڵ و دەنگ و باسانەی کە لەلایەن ئاژانسەکانی دەنگ و باس و پەیامنێری تایبەتی چاپەمەنیەکانەوە ئەنێردرێن, لە رووی بڵاوکردنەوەو شیکردنەوەی رووداوەکانەوە ئەکرێنە چەند جۆرێکی جۆراوجۆرو بەسەر چەند قۆناغێکی جیاوازدا دابەش دەکرێن:

1. هەواڵی خێرا: پەیامنێری ئاژانسەکان و پەیامنێرە تایبەتییەکانی راگەیاندن , هەرکە هەواڵی رووداوێکی گرنگیان دەست ئەکەوێ , سەرەتا لە هەواڵێکی خێرای سێ یان پێنج وشەییدا کە پێی ئەوترێ Flash و بە کوردی خێرا یان بروسکە ئاسای پێ ئەوترێ, ئەگەیەنرێتە هەواڵگرەکانیان, پاشان کورتەیەکی رووداوەکە ئەنێرن و پاشتر دوای ئەوەی زانیاری تەواویان دەست ئەکەوێ پاشماوەکەی ئەنێرن. دواتر چۆنیەتی رووداوەکە بە درێژی ئەنێرن . کەواتە ئەو هەواڵانەی کە دوای هەواڵە خێراکە ڕەوانە ئەکرێن بەم ریزبەندییەی خوارەوە پۆلێن ئەکرێن:

2. باسێکی کورت یان بۆڵتن ((Bulletin)) : بۆڵتن هەواڵێکی کورتی چەند دێرییە و سەرەڕای کورتییەکەی هەموو ڕەگەزەکانی هەواڵی تێدایە و بەلای کەمەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە ( کێ , کەی , لەکوێ , چی , چۆن , بۆ )) ی تێدایە ئەو هەواڵە ئاساییە ڕۆژانانەی کە پێویست بە درێژدادڕی ناکەن, لە شێوەی بۆڵتن

ڕەوانە ئەکرێن و لە چاپەمەنیەکانیش دا لە شێوەی کورتە هەواڵ بڵاو ئەکرێنەوە.

3. پاشماوەی هەواڵ Development : هەواڵی هەندێ ڕووداو لە سەرەتادا لە شێوەی بۆڵتن دا ڕەوانە ئەکرێن, پاشان لەبەر گرنگییان لەلایەن پەیامنێرەکانەوە تەواو ئەکرێن و وردەوردە بە درێژی ڕەوانە ئەکرێن. ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە بە چەند بەشێك و یەك لەدوای یەك ئەنێردرێن لە کۆمەڵە پۆلێنێك ئەچن کە خاڵە لەیەك چوو و جیاوازەکانیان لێ دەرکراوە و هەندێ بەشی تازەیان بۆ زیادکراوە. بە جۆرێك ئەگەر هەر هەمووی بخوێنرێتەوە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوێکمان بۆ ئەگێڕێتەوە.
4. هەواڵی ( تەرکیبی Synthese): پەیامنێرو ئاژانسەکانی دەنگ و باس هەندێ هەواڵی گرنگ و ئاڵۆز کە لەسەر ڕووداوەکان دەستیان کەوتووە ئامادە ئەکەن و پاش ڕاست کردنەوەو ڕێکخستنیان هەموویان پێکەوە تەرکیب ئەکەن و وەك بابەتی هەواڵێك ڕەوانەی ئەکەن. بەم کارەش دەنگ و باسی ئەو ڕووداوەی کە پێشتر وەك چەند هەواڵێکی جیاجیا پەخش کراوە, لەو حاڵەتی پەڕاگەندەییە دەر ئەکەن و گیانی بابەتێکی پێکەوە گرێ دراوی بە بەردا ئەکەن.

پ- ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەواڵەکان:

ئەو بابەت و هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرە تایبەتەکان و ئاژانسەکانی دەنگ و باسەوە ڕەوانە ئەکرێن , هەر چەندە لەڕووی چۆنایەتی هەواڵەوە کاملن, بەلام لەڕووی داڕشتن و تێ ڕوانینی راگەیاندنەکانەوە ناتوانرێ راستەوخۆ پەخش بکرێن, بۆیە ئەبێ بەلەبەر چاوگرتنی زەوق و ئارەزووی خوێنەران و گوێگران جارێکی تر ئامادەو ڕێك بخرێنەوە.

هەروەها ئاژانسەکانی دەنگ و باس بۆ وڵاتانی دونیا بە زمانەکانی خۆیان هەواڵ نانێرن و ئەو دەزگای راگەیاندنانەی کە سود لە هەواڵەکانی ئەو ئاژانسانە وەر ئەگرن ناچارن سەرەتا هەواڵە هاتووەکان وەرگێڕنە سەر زمانەکەی خۆیان و پاشان بڵاوی بکەنەوە.

پێش ئەوەی باسی چۆنیەتی ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەواڵەکان بکەین, پێویستە باس لە بابەتێکی گرنگ بکەین, ئەویش جیاکردنەوەی بەرواری ناردنی هەواڵەکەیە لەبەرواری ڕوودانی ڕووداوەکە.

ئەو هەواڵانەی کە لەسەرەتایاندا شوێن و بەرواری ناردنەکان نووسراون , لە کاتی چاپ کردنیاندا لە ڕووی کاتەوە هیچ گومانێك دروست ناکەن, بۆ نمونە هەواڵێك کە لە سەرەتاکەیدا نوسراوە – هەولێر – 20ی تەمموز – پەیامنێری ك . ن – بەدانانی وشەی (( ئەمڕۆ )) لە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەوا ڕووداوەکە لە 20 تەمموز ڕووی داوە . هەروەها وشەی (( دوێنێ )) ئەوا ڕووداوەکە لە ڕۆژی 19ی تەمموز و (( سبەی )) ڕۆژی 21 تەمموز دیاری ئەکات .

- بۆ ئەو هەواڵانەی کە بەرواریان پێوەیە و لە شوێنێکی جیا لە شوێنی چاپی ڕۆژنامەکە هاتوون هەر هەمان مێژوو کە لە سەرەتای هەواڵەکە و دوای سەرچاوەکە نووسراوە, پەسەندە.
- هەواڵە بێ بەروارەکان واتە ئەو هەواڵانەی کە لە شوێنی چاپی ڕۆژنامەکەوە ئامادە ئەکرێن, بەرواری ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لەبەر چاو ئەگیرێ , بەڵام بۆ ئەو رۆژنامانەی کە بەیانیان دەرئەچن ئەبێ بەروارەکەی ڕۆژی پێشوو بنووسرێ چونکە زۆربەی هەواڵەکان هی ڕۆژی پێشوون.

هەواڵ و راپۆرتە هەواڵیەکانی پەیامنێرو ئاژانسەکانی دەنگ و باس , پاش ڕێکخستنیان بەپێی گرنگی هەریەکەیان و ئەو جێگەیەی کە لە لاپەڕەو ستوونەکاندا بۆیان دیاری ئەکرێ لەم جۆرانە پێك دێن:

1- دێڕە هەواڵ Brief News : دێڕە هەواڵ هەر لە ناوەکەی دیارە زۆر کورتە , ئەم جۆرە هەواڵانە بە زۆری لەسێ دێڕدا ئەنووسرێن و هەر لەبەر ئەمەشە پێیان ئەوترێ (( هەواڵی سێ دێڕی )) . بەڵام هەندێ جار لەوانەیە دێرە هەواڵ لە چەند دێڕێکیش تێ پەڕێ .

بە هەر حاڵ دێڕە هەواڵ لەڕووی چەندایەتیەوە بچوکترین یەکەی هەواڵی ڕۆژنامە پێك ئەهێنێ . تایبەتمەندی ئەم جۆرە هەواڵانە لە کورتیەکەیاندا نییە , بەڵکو لە نەبوونی ناونیشاندایە. نابێ لە کاتی نووسینی دێڕە هەواڵدا هەر شەش ڕەگەزە گرنگەکەی هەواڵ لە یادبکەین. هەروەها ئەبێ لە کاتی نووسینی دێڕە هەواڵدا ڕەچاوی ئەم خاڵانەش بکرێت :

- لە سەرەتای دێڕە هەواڵدا لە جیاتی ناونیشان ئەستێرەیەك دائەنرێت یان بازنەیەك ئەکێشرێت. بۆ ئەوەی لە بابەتەکانی تری جیا بکاتەوە .

- به جۆرێك دائەڕێژرێت كە سێ چوار وشەی سەرەتاكەی ناوەڕۆكی باسەكە بپێكێ و زانیاری گرنگی سەرەتایی بخاتە بەر دەستی خوێنەران. ئەم سێ چوار وشەیە ئەبێ بە پیتی جیاواز چاپ بكرێن بۆئەوەی جێگەی ناونیشانەكە بگرنەوە.
- دوای ئەو سێ چوار وشەیە پێویستە پاشماوەی هەواڵەكە بنووسرێتەوە.
- رستەكانی دێرە هەواڵ ئەبێ كورت و ڕەوان بن بۆ ئەوەی دەقەكە زۆر بە كورتی بخرێتە ڕوو, نابێ بچێتە سەر خەت و یەك لەدوای یەك بنوسرێنەوە.

دوو نمونە:

- دەستوری نوێی رودۆزیا دوێنێ لەلایەن (( موریس فولی )) جێگیری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتەوە درایە بەر رەخنە. دەوڵەتی بەریتانیا تا ئێستا ڕژێمی كەمینەی سپی پێستی رودۆزیای بە رەسمی نەناسیوە .
- دوێنێ 100 كوردی عیراقی لە ڕێگەی قاچاغەوە خۆیان گەیاندە ئیتالیا، ئەو كوردانە كە 10 منداڵ و 20 ژنیان لەگەڵ دابوو لە كوردستانی عیراقەوە بەرەو ئەوروپا كەوتوونە تەڕێ و پارەیەكی زۆریان بە قاچاغچییەكان داوە .

2- كورتە هەواڵ : كورتە هەواڵ لە 15 یان 20 دێڕ پێك دێت و لە دێرە هەواڵ درێژترە, هەروەها ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیەو لەیەك یان دوو دێڕ پێك دێت, ئەو ناونیشانانە ناوەڕۆكی هەواڵەكە ئەخەنە ڕوو. سەرەتای كورتە هەواڵ بە نووسینی بەروارو شوێنی نووسینی هەواڵەكە دەست پێ ئەكات. زۆر جار بەبێ هیچ دەستكارییەك پاش گەیشتنی بڵاوئەكرێتەوە. بەڵام هەندێ جار پێویست بە دەستكاری و كورت كردنەوە ئەكات بۆ جارێكی تر, بەڵام بێ هیچ گۆڕانێك لە دەقەكەدا ئامادەو ڕێك ئەخرێتەوە.

لێرەدا نمونەیەكی كورتە هەواڵ ئەخەینە ڕوو.

چەند زانایەكی ئەمریكی لە ژێر ئاوی ئۆقیانووسی ئارام دا ون بوون

واشنتۆن – 17/ فیبروەری – ئاسۆشیتد پرێس

ئەمرۆ بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریكا ڕایانگەیاند, كەوا دوێنێ لە كەنارەكانی ((سن كلمنت))ی ویلایەتی كالیفۆرنیا چەند زانایەكی ئەمریكی كە لەناو غەواسەیەكی بچوكی تایبەتدا بوون لە ئاوی ئۆقیانووسی ئارام دا ون بوون. ئەمە سێیەمین تاقیكردنەوەی دامریكایە بۆ ناردنی مرۆڤ لەناو غەواسەیەكی تایبەت بۆ ژێر ئۆقیانووس – ئێستا غەواسەكانی هێزی دەریایی ئەمریكا و هێزەكانی تری ئەو

وڵاتــە بــە هــەموو تواناییەکیانــەوە لــە هــەوڵی دۆزینــەوەی زانــا ون بووەکانــدان. بــەر پرســانی ئــەمریکایی وتیــان ئــەم ڕووداوە دڵ تەزێنــە لەوانەیــە ببێتــە هــۆی مردنــی زاناکان.

3- هەواڵی ڕێکخراو (مۆنتاژکراو): ڕۆژانە لە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆرەوە هەواڵ لەسەر ڕووداوێکی دیاری کراو ئەگەنە بەشی هەواڵی ڕۆژنامەیەك . بۆ ئەوەی ئەم هەواڵانە ئامادە بکرێن بۆ پەخش کردن, پێویستە هەر هەموویان لێك بدرێن و ڕێکبخرێن تاکو ئەبنە هەواڵێکی یەك پارچەی تەواو.

کاری ڕێکخستن و مۆنتاژ کردنی هەواڵ کارێکی حەساس و وردی ڕۆژنامەنووسەکانە. زۆرجار وا ڕێك ئەکەوێ پەیامنێرێك لە قۆناغی دەسکەوتنی هەواڵێك دا سەکەرتوو ئەبێ, بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ئەرکی هەڵبژاردنی هەواڵەکانی بۆ چاپ لە ئەستۆدایە , لە قۆناغی ڕێکخستن دا بەشە گرنگەکانی هەواڵ لەگەڵ خراپەکان لەیەکتر جیا ناکاتەوە و بە خستنەڕووی نەگونجاوی هەواڵەکە بەرهەمی ڕەنجی پەیامنێرەکە بە فیڕۆ ئەدا. هەر لەبەر ئەمەشە لە بەشی هەواڵی ڕۆژنامەکاندا کاری ڕێکخستنی هەواڵ ئەخرێتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسە شایستەو بە ئەزموونەکان.

بەکرداری مۆنتاژو ڕێکخستن ئەو هەواڵە زۆرانەی کە لەسەر ڕووداوێکی دیاری کراو هاتوون چاك ئەکرێن و دووبارە ئەنوسرێنەوەو وەك هەواڵێکی یەکپارچەیان لێ ئەکرێت و پاش دانانی ناونیشانێك ڕەوانەی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ئەکرێ. ئەبێ بزانین ئەگەر سەرچاوەکانی هەواڵە مۆنتاژکراوەکە لە دەرەوەی جێگەی چاپی ڕۆژنامەکە بوون, ئەوا پێویست ئەکات سەرچاوەکان لە سەرەتای هەواڵەکەدا دیاری بکرێن. بۆ ئاشنایی لەگەڵ ڕێگەی زانستی مۆنتاژ کردنی هەواڵ لێرەدا چۆنیەتی مۆنتاژ کردنیان شی ئەکەینەوە:

لە زاراوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا مۆنتاژ بە کۆکردنەوەو پێکەوە لکاندنی ئەو هەواڵە جیاجیانەی کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە لەسەر بابەتێکی دیاری کراو دێن, ئەوترێ. بە شێوەیەکی گشتی بۆ مۆنتاژکردنی هەواڵێك ئەبێ بەم جۆرە کار بکرێت:

- پێش هەر شتێك هەموو ئەو هەواڵانەی کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دێن ئەبێ لەفایلێکی جیاوازدا کۆبکرێنەوەو بەپێی سەعاتی گەیشتنیان ڕێکخبرێن.

- پاش کۆکردنەوەی هەواڵەکان ئەوانەی دووبارە بوونەتەوە بەلاوە ئەنرێن و تەنیا هەواڵە راست و تازەکان ئەهێڵرێنەوە. ئەوانیش پاش بڕین و لکاندن ئامادەی مۆنتاژ ئەکرێن.
- پاش کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی هەواڵەکان و لەبەر چاو گرتنی شوێنی هەواڵەکان لە ماکێتی ڕۆژنامەکەدا, بەپێی نەخشەیەکی دروست دەست ئەکرێ بە مۆنتاژکردنی هەواڵەکان.
- هەر هەواڵێك بە پەرەگرافێکی تەرکیبی چەند ریزی دەست پێ ئەکات. لەم پەرەگرافەدا کە لە زاراوە رۆژنامەنووسی‌یەکاندا پێی ئەوترێ پێشەکی، یان رێنمایان لید Lead– ی هەواڵ, ئەبێ وەڵامی (کێ؟ , کەی؟, لەکوێ؟, بۆ؟, چۆن؟, چی؟) بدرێتەوە.
- پاش نووسینی پێشەکی هەواڵەکە ئەبێ بەسەرهاتی رووداوەکە بە پێی گرنگی و کاتی روودانەکەی رێکخبرێت.
- رەگەزە لاوەکی و پلە دووەکانی هەواڵ کە باس کردنیان لە دەقی هەواڵەکەدا, ئەبێتە هۆی درێژ دادڕی و خوێنەر هیلاك ئەکەن. وەك پاشکۆیەك لە کۆتایی هەواڵەکەدا پەخش ئەکرێن (وەك لیستی قوربانیەکانی رووداوێك یان روونکردنەویەك) ئەم جۆرە پاشکۆیانە بە پیتێکی جیا ئەنوسرێنەوە.
- گێڕانەوەی رووداوەکە لە شێوەی (10 تا 15 دێڕ) ئەنوسرێتەوە بەپێی دابەزینی گرنگییان لە شێوازی هەرەمێکی سەروژێرکراو دائەنرێن. بۆ ئەوەی ئەگەر جێگە نەبوەوە ئەوە لە خوارەوەی هەرەمەکە لێی هەڵبگیرێ, چونکە گرنگی یەکەی کەمترە.
- کۆی هەواڵە مۆنتاژکراوەکە ئەبێ بکرێتە چەند بەشێکەوە و بەشە جیاوازەکانیش بە ((ناوەندەناو)) جیابکرێنەوە.

## سەرچاوەکانی هەواڵ

ئێستا لە زۆربەی ولاَتانی دونیادا کاری گەڕان بە دوای هەوڵ لە ئەستۆی هەواڵدەری‌یە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتیەکاندایەو بەشی هەرە زۆری هەواڵەکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکانی تر لەلایەن ئەوانەوە دابین ئەکرێ . بەڵام چاپەمەنیەکان بەردەوام بەدوای هەواڵی نوێ و بابەتی پەسەندی خوێنەرانی خۆیاندا دەگەڕێن و بۆ

ئەم مەبەستە کۆمەڵێ پەیامنێریان لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ وەرگرتنی هەواڵ داناوە . لێرەدا هەواڵی چاپەمەنیەکان ئەکەین بەدوو بەشەوە :

یەکەم : ئەو هەواڵانەی کەتایبەت نین : ئەو هەواڵانەن کە لە هەواڵدەرییە ناوخۆیی و بیانیەکانەوە لە ڕێگەی (فاکس, ئینتەرنێت, تەلەفون-ەوە ) ئەگەن و هەر رۆژنامەیەك بە گوێرەی پێوستی و داخوازی خوێنەرانی سودیان لێ وەرئەگرێ و لە بەرامبەریدا نرخی هاوبەشی (اشتراك)ئەدات . ئەم جۆرە هەواڵانە بە تایبەت بۆ رۆژنامەیەك یان رادیۆیەکی دیاریکراو ئامادە ناکرێن , بەڵکو بۆ هەموو چاپەمەنی و راگەیاندنەکانی جیهان یان بەلای کەمەوە بەشێك لە جیهان پەخش ئەکرێن و پێیان ئەوترێ هەواڵی نا تایبەت یان ناڕاستەوخۆ .

دووەم : ئەو هەواڵانەی کە تایبەتن : ئەم هەواڵانە بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن پەیامنێرە تایبەتی‌یەکانەوە ئامادە ئەکرێن . بۆ دەست کەوتن و بەدواچوونی ئەم هەواڵانە پەیامنێرەکان بۆ خۆیان لە شوێنی رووداوەکە ئامادە ئەبن و بەبینین و لێکۆڵینەوەی رووداوەکان خوێنەران و گوێگرانی خۆیان لە دەنگ و باسی رووداوەکە ئاگادار ئەکەنەوە. بەم جۆرە هەر پەیامنێرێك بە پیێ زەوق و توانای خۆی و بەلەبەر چاو گرتنی خواستی خوێنەر و گوێگرانی هەواڵەکان ئامادەئەکات , ئەم هەواڵانە بە پێچەوانەی هەواڵی هەواڵدەرییە ناوخۆیی و جیهانیەکان کە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو دونیا رەوانە ئەکرێن , لایەنی تایبەتمەندیان هەیە و بۆ چاپەمەنیەکی دیاری کراون .

هەواڵە تایبەتی‌یەکانی رۆژنامە , لە شوێنی چاپی ڕۆژنامەکە لەلایەن پەیامنێری شار و لە شارەکانی تری وڵات لەلایەن پەیامنێری شارەکان و لە دەرەوەی وڵات لەلایەن پەیامنێری نێردراوی تایبەتیەوە , ئامادە ئەکرێن . بەڵام هەواڵ و بابەتە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی لەم سەرچاوانەی لای خوارەوە ئامادە ئەکرێن :

1-ئەو هەواڵانەی کە بەهۆی پەیامنێرەکانی شاری شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە یان لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە ئامادە ئەکرێن .

2-ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لەلایەن پەیامنێری شارەکان و وڵاتانی دەرەوە ئەگاتە لای دەستەی نووسەران .

3-ئەو بابەتانەی کە لەلایەن هاوکارە ناڕاستەوخۆکانی وەك چیرۆك نووس و ڕۆژنامەنووس و کاریکاتێریستەکانەوە ئامادە ئەکرێن . ئەم هاوکارانە لەوانەیە لە

شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە یان شارەکانی تری وڵات و یاخود لە دەرەوەی وڵاتدا بژین و بابەت بۆ ڕۆژنامەکە بنێرن .

4-ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لە ڕێگەی فاکس و ئینتەرنێتەوە لەلایەن هەواڵدەرییە ناوخۆو دەرەکیەکانەوە ئەگەن .

5-ئەو هەواڵ و ئاگادارییانەی کە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دام و دەزگا ئیداری و ناوەندی پارێزگاکان و قائمقامیەتی شارەکانەوە ڕەوانە ئەکرێن.

6- ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن ئەنجومەن و حزب و سەندیکا و تەنانەت خەڵکی ئاساییەوە ئەخرێنە بەردەستی ڕۆژنامەکان .

7- ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لە ڕۆژنامە ناوخۆیی و بیانیەکان وەرئەگیرێن و لە شێوەی چاوخشان بە ڕۆژنامەکاندا پەخش ئەکرێن .

8- ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لەلایەن ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە بڵاوئەکرێنەوە و لە بەرگرنگییان لە ڕۆژنامەکانیش دا چاپ ئەکرێنەوە .

9- ئەو بوڵتینانەی کە باڵیۆزخانە یان نوێنەرە سیاسییە بیانی و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان ئەیخەنە بەردەست ڕۆژنامەکان.

10-ئەو هەواڵانەی کە لەڕێگەی تەلەفۆن و فاکس و ئینتەرنێتەوە لەلایەن خوێنەرانەوە ئەگەنە بەردەمی دەستەی نووسەران.

11-ئەو بابەتانەی کە لە ئەرشیف و کتێب و بڵاوکراوە هەمەجۆرەکان وەرئەگیرێن و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو ئەبنەوە.

12-ئەو بابەت و زانیاریانەی کە لە هەندێ فیلمی بەڵگە نامەییدا دەست ئەکەون .

سەرەڕای زۆری سەرچاوەکانی هەواڵ, بەڵام پڕبەهاترین و دڵنیاترین سەرچاوەی هەواڵ ئەو پەیامنێرە تایبەتیانەن کە بە لەبەر چاوگرتنی پێویستی و داخوازی خوێنەران و وردەکاری زۆر بەدوای هەموو ڕووداوەکاندا ئەگەڕێن و باشترین و سەرنج ڕاکێشترین هەواڵ ئامادە ئەکەن.

## سیفەتەکانی هەواڵ

1- هەواڵ ئەبێ تازە بێت: زاراوەی ((تازە)) کە لە زمانە ئورووپیەکانی – ئینگلیزی و فەرەنسا – بۆ هەواڵ بەکاردێت ((nOUvELLES – NEWS)) . وەك پێشتریش باسمان کرد باشترین سیفەتی هەواڵ (( تازەییەکەیەتی)) هەواڵ وەك

سەوزەو میوەیە ئەگەر لەكاتی خۆیدا نەخرێتە بازاڕاوە ئەگەنێ و كڕیاران چیتر نایكڕن. هەر لەبەر ئەمەشە راگەیاندنەكان هەوڵ ئەدەن تازەترین زانیاری لەسەر رووداوەكانی رۆژ پێش ئەوەی لە شوینێكی تر بڵاو بكرێتەوە لای خۆیان پەخشی بكەنەوە.

(( ئادرین هبرارد)) سەرنووسەری رۆژنامەی ((LETEMPS)) كە لە پێش جەنگی جیهانی دووهەم لە فەڕەنسا دەر ئەچوو , بەهاو كارانی ئەوت:- ئەبێ بزانن پێویستە رۆژنامەیەك لەماوەی 24 سەعاتدا ئامادە و چاپ بكرێت و بفرۆشرێت و بخوێنرێتەوە و فەرامۆشیش بكرێت)).

هەندێ جار بڵاوبوونەوەی هەواڵ لە كاتی خۆیدا ئاسان نییە و ساڵ و مانگ دوا ئەكەوێ, بەڵام هەركە هەواڵەكە ئاشكرا بوو, سیفەتی تازەیی هەیە چونكە پێش بڵاوبوونەوەی خەڵك ئاگاداری رووداوەكە نەبوون.

لەبەر ئەو گرنگییەی كە خێرایی پەخشكردنی هەواڵ هەیەتی, ئەتوانرێ بوترێ هیچ شتێك لە دونیادا بەقەد كاری رۆژنامەنووسی پێویستی بەخێرایی نییە .

2- هەواڵ ئەبێ سەرنج ڕاكێش بێت: لەكاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا جگە لەتازە بوونی هەواڵ, ئەبێ مەسەلەی سەرنج ڕاكێشانی هەواڵەكانیش لەبەر چاو بگیرێ. راگەیاندنەكان ئەبێ ڕۆژانە ژمارەیەكی زۆر رووداوی جیهان بەرجەستە بكەن, بەڵام ئەم كارە لەعەمەل دا ئاسان نییە, هەر بۆیە ژمارەیەكی یەكجار كەمیان بۆ بڵاوكردنەوە هەڵ ئەبژێرێن. جگە لەوە هەموو ڕووداوە كۆمەڵایەتیەكان بەلای خوێنەرو گوێگرانەوە سەرنج ڕاكێش نین. یەكێك لە هونەرەكانی كاری ڕۆژنامەنووسی ئەوەیە بە لەبەر چاوگرتنی كات و شوێن , هەواڵە سەرنج ڕاكێشەكانی جێگەی حەزی خەڵك دیاری بكرێن. كەواتە ئەتوانین بڵێین هەواڵی سەرنج ڕاكێش ئەو هەواڵەیە كە لە پاڵ تازەییەكەیدا, بتوانێ سەرنجی خەڵك بۆلای خۆی ڕابكێشێ .

لە كتێبە رۆژنامەنووسییەكانی وڵاتانی رۆژئاوادا كۆمەڵێ پێوەر بۆ دیاری كردنی هەواڵی سەرنج ڕاكێش دانراون, هەر چەندە ئەو پێوەرانە لەگەڵ داب ونەریتی هاووڵاتیانی خۆیاندا ئەگونجێن ,. بەڵام لێرەدا هەندێكیان وەك نمونە باس ئەكەین :

ڕۆژنامەی دیلی ریپابلیکن daily republican کە لەشاری ماریوپ ویلایەتی ئیلینویزی ئامریکا چاپ ئەبێ, پێش ماوەیەك چەند نمونەیەکی دابوو بە پەیامنێرەکانی خۆی تاکو بەپێی ئەو نمونانە هەواڵەکانیان داڕێژن. لەو نمونانەدا بەهاو پێوەرەکانی هەواڵی سەرنج ڕاکێش بەپێی خواستی ئەو ڕۆژنامەیە دیاری کراون.

ڕۆژنامەی ناوبراو بە پەیامنێرەکانی ڕاگەیاندوە کەوا لەکاتی گەڕان بە دوای هەواڵدا ئەم پرسیارانە لەبەر چاو بگرن:

- ئایا کەسێك مردووە؟ دزراوە؟ زەماوەندی کردووە؟ تەڵاق دراوە؟ تووشی سوتان هاتووە؟ شار بەدەرکراوە؟ دزی کردوە؟ بووەتە خاوەن منداڵ؟ دوانەی بووە؟ سامانێکی دەست کەوتووە؟ گیراوە؟ لەسەفەر گەڕاوەتەوە؟ ماشێن یان خانووی کڕیوە؟ مانگا یان ژنی دراوسێکەی دزیوە؟ خۆی کوشتووە؟ لە فڕۆکە کەوتۆتە خوار؟ ڕەدووی لاوێکی قۆز کەوتووە...

ئەم ڕۆژنامەیە داوای لە پەیامنێرەکانی خۆی کردبوو , هەرکە لە هەواڵێکی لەم جۆرە ئاگادار ببنەوە بەخێرایی تەلەفون بۆ ژمارە 221 بکەن.

- جۆرج سی باستین –ی ئەمریکایی لە کتێبی ((هەواڵەکانی ڕۆژ))دا, لەژێر ناوی ((بیرکاری هەواڵ))دا ئەم فۆرمەڵانەی خوارەوەی خستووەتە ڕوو:
- مرۆڤێکی ئاسایی + ژیانێکی ئاسایی = سفر
- مرۆڤێکی ئاسایی + ڕووداوێکی نا ئاسایی = هەواڵ
- مێردێکی ئاسایی + ژنێکی نمونەیی = سفر
- مێردێك + 3 ژن = هەواڵ
- ئەمین سندوقێکی بانك + ژنێك + 7 منداڵ = سفر
- ئەمین سندوقێکی بانك + 10 هەزار دۆلار = هەواڵ
- ژنێك + پیاوێك + دادگایەك = هەواڵ
- سەگێك کە گاز لە مرۆڤێك ئەگرێ = سفر
- مرۆڤێك گاز لە سەگێك ئەگرێ = هەواڵ

ئەم نمونەی دوایی زۆر جار لەلایەن قوتابخانە ڕۆژنامە نووسیەکانەوە وەك نمونەی هەواڵی سەرنج ڕاکێش باسی لێوە ئەکەن:

(( كاتێك سەگێگ گاز لە مرۆڤێك ئەگرێت , رووداوەكە هەواڵ نیە, بەڵام ئەگەر مرۆڤێك گاز لە سەگێگ بگرێ هەواڵێكی سەرنج ڕاكێشە)).

ئەبێ بزانین سەرنج ڕاكێشی هەواڵ لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی‌تر ئەگۆڕێ, چونكە ئەو هەواڵەی بەلای دەستەیەك لە خوێنەرانەوە سەرنج ڕاكێشە لەوانەیە بۆ دەستەیەكی تر ئاسایی بێت. هەر بۆیە پەیامنێرەكان ئەبێ ئەو هەواڵانە بە سەرنج ڕاكێش بزانن كە بەلای زۆرینەی خوێنەرانەوە پەسەندن. كەواتە دیاری كردنی خواست و ئارەزووی خەڵك لەكاری ڕۆژنامەنووسی دا گرنگی‌یەكی یەكجار زۆری هەیە.

3- گرنگی هەواڵ: گرنگی هەواڵ پێوانەیەكی چەسپاوی نی‌یەو لەگەڵ گونجان و شوێنی ڕۆژنامەكە (پایتەخت, ناوەندی پارێزگا , شارۆچكەكان), جۆری ڕۆژنامەكە (هەواڵی – سیاسی – ڕۆژانە – هەفتانە..) جۆروبارو دۆخی خوێنەران (ڕوناكبیر , كرێكاران , شارنشین , گوندنشین) ئەگۆڕێ. ئەو هەواڵانەی كە لە لاپەڕەی هەواڵی ڕۆژنامەكاندا پەخش ئەكرێنەوە, زیاتر بۆ ئەو خوێنەرە ئاساییانەی شارەكان كە ڕۆژنامە بۆ سەرگەرمی ئەخوێننەوە گرنگییان هەیە . كەچی هەر ئەم خوێنەرانە ناتوانن سود لەو لێكۆڵینەوە و لێكدانەوانە وەربگرن كە تەنیا روناكبیرو خوێنەوارە باڵاكان ئەیخوێننەوە.

بە شێوەیەكی گشتی ئەشێ بوترێ تەنیا بەلەبەر چاو گرتنی خوێنەر ڕۆژنامەیەك ئەتوانرێ هەواڵەكانی هەڵسەنگێنێ . هەر لەبەر ئەمەشە ئەو ڕۆژنامانەی كە خوێنەرەكانیان بریتین لە چین و توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵ, هەوڵ ئەدەن. لەڕێی ئامادەكردنی لاپەڕەو ستوونی جیاجیاوە هەموو كڕیارەكانیان ڕازی بكەن. دیاری كردنی گرنگی هەواڵەكانیش وەك زانینی حەزو ئارەزووی خوێنەرەكان لە كاری ڕۆژنامەنووسی‌دا گرنگییەكی زۆری هەیە.

4- راستی هەواڵ: گرنگترین سیفەتی هەواڵ راستییەكەیەتی. ئەگەر هەواڵەكان لەگەڵ راستی‌یەكاندا یەك نەگرنەوەو بە راستی نەنوسرێنەوە, پشتیوانی خەڵك لەدەست ئەدەن.

كەواتە لەكاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا پەیامنێر ئەبێ بێ لایەنانە سەیری ڕووداوە كۆمەڵایەتیەكان بكات. ئەوەی بیستوویەتی یان بینویەتی بە

شێوەیەکی ڕاستگۆیانە بیخاتە ڕوو, بەهیچ جۆرێك پێش دڵنیا بوون لەسەر بابەتێك, هەواڵ نەنووسێ .

ڕۆژنامە نووسە گەنج و تازە پێگەیشتووەکان زۆرجار هەواڵی ناراست بڵاوئەکەنەوە. ئەوان زۆرجار بەشە نەزانراوەکانی ڕووداوێك بەپێی بۆچوون و گریمانەکانی خۆیان و بێ هیچ زانیاری‌یەك پڕ ئەکەنەوە. بە جۆرێك پشت بە ڕاستی گریمانەکانی خۆیان ئەبەستن تەنانەت لە ناڕاستی هەواڵەکەیان شارەزاییان نی‌یە.

نووسەرە لاوەکان هەندێ جاریش گریمان و خەیاڵی خۆیان ئەخەنە پاڵ ڕووداوەکەو زیادە ڕەوی تێدا ئەکەن, بۆ ئەوەی خۆیان واتەنی ((هەواڵی سەر سوڕهێنەر)) دروست بکەن.

هەرچەندە لەوانەیە زانیاری گریمانی و خەیاڵ خستنە پاڵی ڕووداوەکان بەرگێکی سەرنج ڕاکێش بکاتە بەر هەواڵی ڕووداوەکە, بەڵام گرنکی هەواڵ بە پلەی یەکەم لەڕاستیەکەیدایە, نەك لە سەرنج ڕاکێشی‌یەکەیدا. ئەگەر وابێ کەواتە گوێگرو خوێنەروبینەران لە جیاتی ئەو هەواڵانە ئەچن ئەو ڕۆمان و چیرۆکانە ئەخوێننەوە کە لەڕووی سەرنج ڕاکێشییەوە دەقاتی ئەو هەواڵانە جوانتر و سەرنج ڕاکێش ترن .

ئەبێ بزانین هەندێ جار لە نێوان خێرایی و ڕاستی هەواڵەکاندا کێشە دروست ئەبێ, چونکە هەندێ جار وا ڕێك ئەکەوێ پەیامنێرەکە لەبەر خێرایی و پەلەکردن لەناردنی هەواڵەکەدا , تووشی هەڵە بێت و ڕاستی ڕووداوەکەی بۆ نەدۆزرێتەوە . بۆیە ناچارن ئەو هەواڵانە بەدرۆ بخەنەوە. نابێ هیچ پەیامنێرێك بە بیانووی پەلەکردن هەواڵی ناڕاست ئامادە بکات. چونکە ڕاستی هەواڵەکە لە پێش خێرایی ناردنەکەیەتی, هەر بۆیە پەیامنێر ئەبێ لە پاڵ خێرایی و پەلەپەل کردندا زۆر ئاگاداری ڕاستی هەواڵەکانی بێ و پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی هەواڵەکان ئەنجا ڕەوانەی ناوەندەکەی خۆی بکات. هەندێ جار ئەگەر پەیامنێر نەیتوانی دڵنیایی تەواوی دەست کەوێت. ئەو کاتە ئەبێ هەواڵەکە بە ((ئاگایی))ەوە بڵاوکاتەوە.

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بەڵگەی ڕاستگۆیی هەواڵەکان نیشان ئەدەن:

(( سەرچاوەیەکی ڕەسمی و ئاگادار و ڕێ پێدراو , سەرچاوەیەکی ناڕەسمی , کەم ئاگا , هەواڵێکی پشت ڕاست نەکراو)) . ((بەپێی قسەی مسافرەکان))

سیفەتەکانی تری هەواڵ : جگە لەو سیفەتە ئەسڵیانە, هەواڵی راگەیاندنەکان ئەبێ کۆمەڵێ خەسڵەتی تریان تێدا هەبێ . وا لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە ئەکرێ :

1- هەواڵ ئەبێ کامڵ بێت و هەموو زانیاری‌یە پێویستیەکانی بۆ خەڵك دابین بکات. هەر چەندە سەرەتای راگەیاندنی هەواڵەکان ئەو کارە ئاسان نی‌یە . بەڵام پەیامنێر ئەبێ هەموو توانای بخاتەکار بۆ دۆزینەوەی زانیاری پێویست.

2- هەواڵ ئەبێ کورت و پڕمانا بێت بۆ ئەوەی خوێنەر لە کورت ترین ماوەدا سودی لێ وەربگرێ . پەیامنێر ئەبێ بەلەبەر چاوگرتنی رەگەزەکانی هەواڵ بە کەمترین وشە ناوەڕۆکی هەواڵەکەی بخاتە ڕوو.

3- هەواڵ ئەبێت ڕەنگاوڕەنگ و هەمە جۆر بێت. بۆ ئەوەی خوێنەران کە هەریەکەیان جۆرە ئارەزوویەکیان هەیە سوودی لێ وەرگرن و حەزەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. هەر چەندە ڕەنگاوڕەنگی هەواڵ لە سیفەتەکانی هەواڵ نیە, بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە سیفەتی تێکڕای هەواڵەکانی دەزگا راگەیاندنەکان دێتە ژماردن. هەواڵەکانی هەر ڕۆژنامەیەك تاکو زیاتربن خوێنەری زیاد ئەکات و هەرچی ئەو هەواڵانەی کە یەك شێوەن ئەبێتە هۆی هیلاك بوونی خوێنەران و گوێ نەدانە ڕۆژنامەکە, هەر لەبەر ئەمەشە ئێستا ڕۆژنامەکان لەرێگەی بڵاوکردنەوەی لاپەڕەو ستون و ڕەنگی جیاجیاوە سەرنجی خوێنەران بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن و وەڵامی داخوازی و پێداویستی‌یەکانی خوێنەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەدەنەوە.

## یاسا گرنگەکانی نووسینی هەواڵ

لێرەدا ئەو یاسا و ڕێسا گرنگانە ئەخەینە ڕوو کە پێویستە ڕۆژنامەنووس لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵەکاندا بیگرێتە پێش چاو. پەیڕەوی کردن لەم یاساو ڕێسایانە هەم هەواڵ و نووسینەکانیان لای خوێنەران شیرین ئەکات, هەم ڕێگە بۆ چاپ کردنیان خۆش و ئاسان ئەکات.

أ. یاسا گشتی‌یەکان :

- پەیامنێر ئەبێ بە بەردەوامی خۆی لەجێگەی خوێنەرو گوێگرەکان دابنێ و ئەوەی ئەو نایزانێ ئەم بەڕێك و پێکی بینوسێت وشی بکاتەوە. چونکە ئەگەر پەیامنێر وا بزانێ ئەوەی خۆی ئەیزانێ . خوێنەرەکانیش ئەیزانن ئەوا نووسراوەکەی بێ ماناو لێڵ دەرئەچێ .

- ئامانجی ڕۆژنامەنووس فێرکردن و تێگەیاندنی خوێنەرانە. بۆیە ئەبێ هەمیشە سادەو ڕەوان بنوسێت و بەزمانی هەمو خەڵك بدوێت.
- ئەو هەواڵەی پەیامنێر ئامادەی ئەکات ئەبێ بەنسبەت هەواڵی ڕۆژی پێشتر تازەتر بێت و خاڵی نوێتری تێدا بێت . نەنووسینی هەواڵی کۆن زۆرجار لە نووسینی باشترە, چونکە خوێنەر هیلاك دەکات.
- پەیامنێر ئەبێ بەباشی بابەتی هەواڵەکەی بناسێت. بۆیە ئەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی هەواڵەکەی بکات و هەر خاڵێکی شاراوەو تاریکی تێدا بەدی کرد ڕۆشنی بکاتەوە .
- پەیامنێر لە نووسینەکانیا ئەبێ زیاتر لەسەر خەڵك قسە بکات و زۆر بەکەمی باس لەخۆی بکات.
- کورت نووسین ئەرکێکی گرنگی ڕۆژنامە نووسە . بابەتی هەواڵێك بە شێوەیەکی ناوەند نابێ لە 300 تا 500 وشە تێ پەڕێ .
- هەموو هەواڵ و بابەتەکان ئەبێ بە ڕستەی سادەو ڕەوان و ڕێنووسی ڕاست بنوسرێن.
- لە نووسینەوەی ناوە تایبەتیەکاندا ئەبێ هۆشیار بێت و ناوە بێگانەکان بە پیتی لاتینی بنووسێتەوە.
- لەکاتی نووسین دا ئەبێ یاساکانی ڕێزمان لەبەر چاو بگیرێ و بکەرو ئاوەڵناو و نیهاد و گوزارە لە جێگەی خۆیان دابنرێن.
- لە کاتی نووسینی پێشەکیدا نابێ درێژ دادڕی بکرێت و خوێنەر بەبێ هودە هیلاك بکرێ. دەبێ ڕاستەوخۆ سەرنجی خوێنەر بۆلای ناوەڕۆکی بابەتەکە رابکێشرێت.
- زاراوەکان لە جێگەی خۆیاندا بەکار بهێنرێن و تا ئەتوانرێ وشەی کوردی لە جێگەی عەرەبی و ئینگلیزی دابنرێن.
- ڕۆژنامەنووس ئەبێ خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانەوانی بێت بۆ ئەوەی لەهەر کوێیەك پێویستی کرد وشە و ڕستەی جۆراوجۆر بەکار بهێنێت و لەدوبارە بوونەوە خۆی بپارێزێ.
- نابێ دوو پەرەگرافی یەك لەدوای یەك بەیەك وشە دەست پێ بکەن.

ب- ياساكانى خاڵبەندى:

بەمەبەستى جياكردنەوەى رستەكان لەيەكترى , پاراستنى پەيوەندى نێوان دەستەواژە ناتەواوەكان, تێكەڵ نەبوونى وشەو مانا, پيشاندانى وتەو نوسينى خەڵكانى ترو هەروەها بۆ ئاسانكردنى ناساندن و ڕونكردنەوەى بابەتەكان, ئێستا لەزمانە زيندووەكانى دونيا, بە گشتى ئەو زمانانەى كە رستەيەكى لاتينيان تێدايە خاڵ بەندى بەكار ئەهێنرێت , لێرەدا باس لە گرنگترين هێماكانى خاڵ بەندى ئەكرێ :

خاڵ ( . ): رۆڵى گرنگى خاڵ لە نووسين دا جياكردنەوەى رستە تەواوەكانە لە يەكترى. گومان لەوەدا نىيە ئەگەر لە كۆتايى ڕستەدا خاڵ دانەنرێ ئەوەماناى رستەكە ديار نىيە و زۆرجار واڕێك ئەكەوێ خوێنەر لەمەبەستى نووسەرەكە ناگات. لەدواى هەر نامە يان بابەتێك ئەبێ خاڵێك دابنرێ.

ڤێرگوڵ يان فاريزە ( , ): بۆ تێگەيشتنى رستەكان ئەبێ ڤێرگوڵ بەكار بهێنرێت. ئەو كاتە گرنگانەى كە پێويست بەدانانى ڤيرگوڵ ئەكات بريتين لە:

أ- بۆ جياكردنەوەى ژمارە : وەك
دەستكەوتى هێزى پێشمەرگەى كوردستان 10 تانك, 100 تۆپ, 1000 پارچە چەكى هەمە جۆرو 15 هەزار فيشەك بوو لە هێزەكانى دوژمن .

ب- ئەو كاتەى لە ڕستەيەكدا چەند ئاوەڵناوێك هەيەو ئەبێ بە ڤێرگوڵ لە يەكيان جياكەينەوە:
وەك: كوردەكان خەڵكانێكى راستگۆ, بەئەمەك, ئازاو بەجەرگن.

<u>پ- بەشێوەيەكى گشتى هەر كاتێك دوو وشە بكەونە پشت سەرى يەكەوەو ماناكە تێك بدەن.</u>

وەك: دواى تێپەڕ بوونى چەند قۆناغێك, خونچەكان ئەبنە ميوە.

ڤێرگوڵى خاڵدار ( ” ): بۆ جياكردنەوەى ئەو رستانەيە كە بۆ خۆيان مانايەكى تەواو ئەدەن بەدەستەوە , بەڵام ئەو رستەو دەستەواژانەى كە پاش ئەو دێن پەيوەندى نيە بەو رستەيەوە.

وەك/ بۆ ئەنجام دانى هەر كارێك يەك ڕێگە هەيە كە لە هەموو ڕێگاكان ئاسانتر و باشترە” ئێوە لە كارەكەى خۆتان ورد ببنەوە تاكو ئەيدۆزنەوە.

دوو خاڵ (: ): لەم حاڵەتانەى خوارەوەدا بەكار دێت:

أ/ پێش وتە یان نووسراوی خەڵك.

وەك: ئەرستۆ وتوویەتی : (( ...))

ب/ پێش باس کردنی نمونەیەك یان روونکردنەوەیەك و یاخود ئەنجامێك وەك نمونەکانی سەرەوە.

ت/ پاش دابەش کردن یان جیاکردنەوەی بابەتێك :

وەك: ئەم بڕیارنامەیە بەم مەرجانەی خوارەوە لە نێوان کۆمپانیای ... و کاك ... ئیمزا کرا:

گیومە " ........." یان کەوانەی بچوك: لەم حاڵەتانەدا نووسراو ئەخرێتە ناو کەوانەی بچووکەوە:

ا- کاتێك قسە یان نووسینی کەسێکی تر نەقڵ ئەکرێت.

ب- ئەو کاتەی نووسەر نایەوێ ئەرکی بەرپرسێتی ئەو نووسینانە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە لەنووسین یان قسەی کەسانی ترەوە وەری گرتووە.

پ- هەندێ جار بۆ دەرخستنی رستە یان وشەیەك بەکار دێت.

ت- بۆ دیاری کردنی ناو یان دەستەواژە بیانیەکان.

نیشانەی پرسیار ؟ : ئەم نیشانەیە لە کۆتایی رستە پرسەکاندا دائەنرێت.

وەك: چۆن ئەتوانم ببمە رۆژنامەنووسێکی باش؟

نیشانەی سەر سووڕمان ! : ئەم نیشانەیە لە کۆتایی ئەو رستانەدا دائەنرێ کە سەر سووڕمان یان گاڵتە یان خۆشحاڵیەکی زۆری تێدا بێت.

وەك : گەرمای کەلار هەفتەی ئایندە ئەگاتە 49 پلەی سەدی!

سێ خاڵ (...) : لە کۆتایی ئەو ڕستانەی کە بەهۆی گاڵتەکردن یان گۆڕانی فکری نووسەر بە ناتەواوی بەجێ ئەهێلرێت و بەزۆری سێ خاڵ جێ ئەهێڵێ.

دوو کەوانە (    ) : ئەو ڕستەو وشانەی کە نووسەر وەك رونکردنەوە بەکاریان ئەهێنێ ئەخرێنە ناو دوو کەوانەوە.

تەقەڵ تیرە ( ـ ) : بە زۆری لەم حاڵەتانەدا بەکاردێت :

أ- پاش ئەو نیشانەو ژمارانەی کە بۆ دابەش کردنی بابەتەکان بەکار ئەهێنرێن.

وەك 1-2-3- , أ-ب-ج, یەکەم – دووهەم –

ب- بۆ دانانی بەروار پاش دانانی ژمارەی کتاب

ژمارە 25-1995/7/14 .

پ- پاش عینوان و ناوی کەسەکان

سەرۆکی باڵای دەزگای راگەیاندن – دکتۆر ..

## شێوازەکانی هەواڵ نووسین

بۆ نووسینەوەی دەقی هەواڵ چەندین شێوازی جۆراوجۆر پێشنیار کراون, بەڵام بۆچوونی هەموو شارەزاو پسپۆرەکانی زانستی راگەیاندن لەم بارەوە یەك نین. هەندێ شێواز هەن تازە خەریکن دێنە مەیدان, بەڵام هەندێکی تر هەن بەرەو نابوودی مل ئەنێن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بتوانین مۆدێلێك بۆ نووسینەوەی دەقی هەواڵ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەیانەوێ فێری زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بن سودی لێ وەرگرن.

ئەو مۆدێلە زۆر دژوار نییەو هێندەش ئاڵۆزی تێدا نیەو ئەوەی بتوانێ بە زمانی دایکی خۆی بنووسێ , لە تواناىدا هەیە ئەو کارە بکات. چیرۆکی هەواڵەکان زۆرجار لەیەك ئەچن و هەر بۆیە ئەتوانین بۆ ئەو شێوە یەکسان و لەیەك چوانە شێوازێکی دارشتنی تایبەت بەکار بهێنین. بۆ زیاتر ئاسانکردنی باسەکەمان ئەم نمونەی خوارەوە لەسەر پەرلەمان ئەهێنینەوە .

((سەرەتای دانشتنەکە لەژێر چاودێری سەرۆك یان جێگری پەرلەمان دەست پێ ئەکات . پاشان دەرگا لە رووی ئەندامانـدا ئەکرێتەوەو یەك سەعات لەسەر مەسەلەکانی پێشوو گفتوگۆ ئەکەن. بۆ نمونە باس لە پەیوەندی حکومەت لەگەڵ دەرو دراوسێ یان چۆنیەتی گۆرینی مەنهەجەکانی خوێندن لە کوردستان دەکەن .

پاشان دێنەوە سەر ئەو مەسەلانەی کە بۆ مناقەشە کردن دانرابوون: سەرەتا باس لە گۆرینی هەندێ لە یاساکان ئەکەن و دواتر دێنە سەر کێشەی زەوی وزار .. پاشان باس لە هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێك لە کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان ئەکەن کە پێشتر استقالەی دابوو . کاك (أ) و کاك (ب) خۆیان بۆ سەرۆکی ئەو کۆمیسیۆنە کاندید ئەکەن. پاشان لەلایەین لایەنگرانی هەردوو لاوە چەند کەسێك وتار ئەخوێننەوە سەر ئەنجام تانەو تەشەر دەست پێ ئەکات و ئەگاتە رادەی شەر و هەراو کاك (أ) و کاك (ب) چنگ لەیەك گیر ئەکەن و (أ) ئەکێشێ بە (ب) داو دەستێکی ئەشکێنێ و ئەیبەن بۆ خەستەخانە. بەم جۆرە دانیشتنی پەرلەمان تێك ئەچێ و بۆ کاتێکی تر دوا ئەخرێ.

ئەمە کورتەی دەنگ و باسی ڕۆژێکی پەرلەمان بوو. ئێستا باوای دابنێین ڕۆژنامە نووسێك دەنگ و باسی دانیشتنەکەی پەرلەمانی بەو شێوازەی سەرەوە گێڕایەوە یان ئامادەی کرد.

ئەو بێتاقەتیەی کە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو بابەتە تووشی دێت لای هەمووان سەلمێنراوە. گشت لایەك دان بە پوچیەکەی دا ئەنێن. لێرەداو لەم شێوازی نووسینەدا لەوانەیە دە پەڕەگرافی بابەتەکەمان نووسیبێ, کەچی هێشتا مەسەلە گرنگەکامان نەخستبێتە ڕوو, مەسەلەکە لەوەدا نی یە کە خوێنەر پاش خوێندنەوەی دە پەڕەگرافی یەکەم ئەنجا ئەگاتە پەڕەگرافی گرنگ و سەرنج ڕاکێش , بەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە کە خوێنەر هەر پاش خوێندنەوەی پەرەگرافی یەکەم و دووەم هیلاك ئەبێت و واز لە خوێندنەوەی ئەهێنێ و روو لە بابەتەکانی تری ڕۆژنامەکە ئەکات.

ئەو ڕۆژنامەیەی کە هەموو هەواڵەکانی بەم شێوازە ئامادە ئەکات, تووشی وەزعێکی خراپ دێت. چونکە خوێنەران پاش ئەوەی یەك دوو جارێك ڕووبەڕووی ڕۆژنامەیەکی لەم جۆرە ئەبنەوە, ناچارن ڕوو لە ڕۆژنامەیەکی تر بکەن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان بە شێوەیەکی باشتر و بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش تر دەست بکەوێت .

بۆ زاڵ بوون بەسەر کێشەی راکردنی خوێنەران و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ هەواڵەکان لە ناو ڕۆژنامە نووسەکاندا شێوازێکی تایبەت بۆ داڕشتنی هەواڵ دروست کراوە کەپێ ی ئەوترێ شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو یان هەرەمی لنگەو قوچ. بەڵام شێوازی هەرەمی سەروژێر تەنیا شێوازێك نی یە بۆ داڕشتنی هەواڵ و شێوازی تریش هەیە و ئەوانیش گرنگی خۆیان هەیە.

ئێمە لێرەدا بە درێژی باس لە شێوازیهەرەمی سەروژێر کراو ئەکەین و پاشان نمونەیەکی لەسەر ئەهێنینەوە . لە کۆتایش دا بەکورتی هەرەیەك لە شێوازەکانی تر باس ئەکەین.

- شێوازی هەرەمی سەروژێر کراو:

کلیلی داڕشتنی شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو ئەوەیە کە بەشە سەرنج ڕاکێش و گرنگەکانی رووداوەکە لە سەرەتای هەواڵەکەدا بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر هەر لەسەرەتادا پەلکێشی هەواڵەکە بکرێت و بۆ زانینی پاشماوەی هەواڵەکەش بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی تا کۆتایی دێت.

هەر ئەم مەسەلەیەش بووەتە هۆی دروست بوونی مانشێتی بچوك کە بە هۆیەوە بە کورتی هەندێك لە بەشە گرنگەکانی ڕووداوەکە لە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەنووسرێتەوە و هەر بە یەکەم نیگا خوێنەر بۆ خوێندنەوەی باسەکە رائەکێشێ .

هەواڵەکان ئەکرێنە چەندین بەشی گرنگ گرنگەوە و هەموو بەشەکانیش وەك یەك گرنگ نین, لە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو یەك بە دوای یەکی مەنتقی بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان هەر لەسەرەتاوە تا ئەگاتە کۆتایی ئەپارێزێت. واتە ئەو هەواڵانەی کە زۆر گرنگن لەسەری سەرەوە دادەنرێن و پاشان ئەوانی تر هەریەکەیان بە پێی گرنگیان یەك لە دوای یەك دادەنرێن. واتا خوێنەر لە دەسپێکی خوێندنەوەوە هەواڵە گرنگەکان ئەخوێنێتەوەو تا لە کۆتایی نزیك ئەبێتەوە بەشە کەم بایەخەکان ئەبینێ .

هەر لەبەر ئەمەشە ناوی هەرەمی سەروژێریان لێ ناوە, چونکە بابەتە گرنگەکان لە خوارەوەی هەرەمەکەیە کە ئێستا کەوتووەتە سەرەوە, بابەتەکانی تریش کەوتوونەتە سەرەوە کە ئێستا لە خوارەوەی لوتکەی هەرەمەکەیە.

هەرەمی سەروژێر کە ئێستا بە باشترین شێوازی داڕشتنی هەواڵ لە هەموو چاپەمەنیەکان دائەنرێ کۆمەڵێك خەسڵەتی باشی هەیەو لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەسەلەکە ئەیخەینە ڕوو.

1- خوێنەر بە سەیر کردنێکی خێرای مانشێتی هەواڵەکە ئەزانێ هەواڵەکە, بەلای ئەوەوە گرنگە یان گرنگ نییە.

2- ئەگەر هاتوو بابەتی هەواڵەکە سەرنجی خوێنەرەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشا ,ئەم شێوازە مۆڵەتی ئەوەی پێ ئەدا یەکسەر لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بێت و تا ئەو کاتەی خوێنەر حەزی لە زانینی هەواڵەکەیە داخوازییەکانی دێنێتەدی بە دوای بابەتەکەدا بڕوات و بێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەکی گرنگی لە دەست بچێ.

3- ئەو پەیامنێرەی کە ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکەی پێ سپێراوە, لە ڕێگەی ئەم شێوازە ئەتوانێ لە کاتێکی کەم دا بابەتەکانی بە تەرتیبی گرنگیان ڕێکبخات و بیاننووسێتەوە .

4- سەر نووسەری ڕۆژنامە ئەتوانێ بە ئاسانی و پاش خوێندنەوەی چەند پەرەگرافێك بابەتە گرنگەکان بۆ مانشێتی بچوك دیاری بکات.

5- بۆ دەرهێنەری لاپەڕەکان کار ئاسانی دروست ئەکات و هەر کەبینیان جێگە نابێتەوە, هەوڵ ئەدەن کۆتایی بابەتەکە هەڵگرن و هیچ زیانێکیش بە دەقی بابەتەکە نەگەیەنن.

ئەوەی لە شێوازی هەرەمی سەروژێردا سەرنج ڕائەکێشێ مەسەلەی خێراییە. خێرایی بۆ پەیامنێرەکە تاکو بتوانێ بە خێراترین کات بابەتەکەی ئامادە بکات و خێرایش بۆ خوێنەر تاکو لە چاوخشانێکدا بابەتی جێگەی حەزی خۆی بدۆزێتەوە , هەروەها خێرایی بۆ بەڕێوەبەرانی راگەیاندنەکان تاکو بە خێرایی بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی مانشێت و تەسمیم کردنی بدەن.

هەر ئەم خێراییەش وای لە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو کردوە کە ببێتە گرنگترین شێوازی داڕشتنی هەواڵی ڕووداوەکان.

ئەم هەواڵە بە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو ڕێکخراوە:

دزەکانی سەد ملیۆن فرانکەکەی ژنە فەرەنساییەکە دەسگیرکران

پەرەگرافی یەکەم/ مانشێت

حەسەن چاوڕەش کە بەحەسەنە پاقلە بەناوبانگە و ساڵی پار نزیکەی (100) ملیۆن فرانك و زێڕو زیوی ژنە سەرمایەدارێکی فەرەنسایی بە ناوی ((بندیت ڕەواش)) دزیبوو, ئەمڕۆ لە تاران دەسگیرکرا. عەباس عەلی کە بە ((عەباس 7..)) بە ناوبانگە لە زیندانەوە هاوکاری کردوەو بە تۆمەتێکی تر حوکمی یەکساڵی بەسەردا دراوە.

---

<u>پەرەگرافی دووەم / تەواوکەری مانشێت</u>

دزی پارەو زێڕو زیوەکان لە پێنجی مانگی حەوتی ساڵی ڕابوردوودا ڕووی دابوو . مادام بندیت ڕەواش کە ساڵی پار هاتبووە تاران و لە هوتێلی ناسوینال دەژیا , پاش شەوێکی خۆش گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی, بەڵام بۆی دەرکەوت جانتا سورەکەی نەماوە و باشترین و جوانترین زێڕ و زیوەکانیشی کە نزیکەی 40.000 فرانك نرخەکەی بوو لەو جانتایەدا بوو, هەروەها دواتر بۆی دەرکەوت جانتای پارەکەشی کە نزیکەی 60.000 فرانکی تێدا بوو دزراوە.

---

<u>پەرەگرافی سێیەم / لێکۆڵینەوە</u>

مادام بندیت یەکسەر مەسەلەکەی گەیاندە پۆلیس و پارەیەکی زۆریشی وەك خەڵات بۆ ئەو کەسانەی کە دزەکان بدەن بەدەستەوە دانا . بەڵام هیچ هەواڵێك لەسەر دزەکان

دەست نەکەوت. لێکۆڵینەوەکانیش هەر بەردەوام بوون تاکو پێش دوو هەفتە دوو ئەفسەری ئاسایش توانیان دوو دزی خاوەن رابردووی گومان لێکراو بدۆزنەوە .

**پەرەگرافی چوارەم**

یەکێك لە دزەکان ناوی عەباس عەلیەو لە زیندانی تاران بەهۆی دزی ترەوە زیندانی کراوەو ئەوی تریشیان حەسەن چاوڕەشەو بە هۆی داوێکەوە لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە لە چایخانەکەی عەباس دەسگیرکرا. پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر حەسەن دانی بە تاوانەکەی دانا.

**پەرەگرافی پێنجەم**

حەسەن پاقلە وتی شەوی رووداوەکە ژورێکی لەتەنیشت ژووری ژنە ملیۆنەرەکە گرتووەو پاشان لە تەنیشت مادام بندیت لە چێشتخانەی هوتێلەکە نانی ئێوارەی خواردوەو دواتر چووەتە سەرەوەو ژووری خانمە فەرەنسیەکەی کردوەتەوەو هەردوو جانتاکەی بردووە .

**پەرەگرافی شەشەم / ڕووبەڕوو**

دوێنێ حەسەن چاوڕەش و هاوکارەکەی ڕووبەڕوو کرانەوەو پاشان لەگەڵ خانمە فەرەنسیەکە ڕووبەڕوو کرانەوەو هەردووکیانی ناسیەوە وتی شەوی ڕووداوەکە لە تەنیشتیەوە نانیان خواردوە. مادام بندیت هەرکە دزەکانی بینی بە توڕەییەوە قیژاندی بەسەریانداو وتی: ئەگەر تەنیا 50.000 فرانکی پارەکەتان بردبایە من شکاتم لێنەدەکردن, بەڵام ئێوە هەموو دارو نەداری منتان دزیوەو ئەبوایە من دەستم بدایەتە گوڵ فرۆشتن لەسەر شەقامەکاندا.

**پەرەگرافی حەوتەم / خرج کردنی پارەکە**

حەسەن چاوڕەش لە کاتی گیرانەکەیدا تەنیا چەند هەزار فرانکی پێ بووە. لە کاتێکدا پشکی ئەو لەو دزیە 30 ملیۆن فرانك بووە . دزەکان پاش ئەنجام دانی کارەکەیان چونەتەماڵی ((ماری)) دۆستی حەسەن کە ئەکەوێتە کۆڵانی نەجەف ئابادەوە لە کاتێکدا ماری لەماڵ نەبووە پارەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردوە و پاشان ئۆتومبیلێکی مارسیدس و تەلارێك و چەندین دوکانیان پێ کڕیوە و ئەوی تریان لە قومارخانەکاندا خەرج کردوە. ئەم مەسەلەیەش بووە هۆی تێکچوونی نێوانی ماری و حەسەن , چونکە ماری دوای زانینی بە مەسەلەکە بڕیاری جیابوونەوەی لەگەڵ حەسەن دا دابوو.

**پەرەگرافی هەشتەم / بەدواداچوونی یاسایی**

پاش جیابوونەوەی ماری لە حەسەن, ماری بڕیاریدا دەزگاکانی ئاسایس لە ڕووداوەکە ئاگادار کاتەوەو تۆڵە لە حەسەن بکاتەوە. دوێنێ فەرمانی دەسگیرکردنی حەسەن لەلایەن دادگاوە دەرچوو, ماریش ئاگادار کرایەوە لەناوچەی تاران دەرنەچێت. لێکۆڵەرەوەکان هێشتا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە لە فرۆشتنی زێڕو زیوەکەدا بەشدارییان کردوە.

---

ئەم هەواڵە لەو شوێنانەی کە بەهێمای (***) سێ ئەستێرە دیاری کراوە ئەتوانرێ بڕدرێ و هەواڵەکە کورت بکرێتەوە.

**لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی هەواڵی دەسگیرکردنی**

**دزەکانی 100 ملیۆن فرانکی بە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو**




لە کاتی پێویست دا ئەتوانرێ بەشی دووهەم و سێیەمی ئەم هەرەمە سەروژێرکراوە کە ئەکاتە حەوت پەرەگرافی دوایی لابدرێ و بەتەنیا لیدە بهێڵرێتەوە . هەروەها ئەتوانرێ بەشی یەکەم و دووهەم واتە چوار پەرەگرافی سەرەوە بهێڵرێتەوەو پەرەگرافەکانی دوایی هەمووی لابدرێت . پەرەگرافەکانی بەشی سێهەم هەریەکەیان ئەتوانرێ بە جیا لابدرێت و هیچ زیانێکیش بە هەواڵەکە نەکەوێت .

هەرچەندە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هەرەمی سەروژێرکراو ئەو داڕشتنە سادەیەیەتی , و هاوکاری ڕۆژنامەنووس ئەکات تاکو بە خێرایی هەواڵەکەی بە پێی گرنگی یەك لەدوای یەك ڕێکخات, بەڵام زۆرجار جیاکردنەوەی بەشە گرنگەکانی هەواڵەکە هێندەش ئاسان نییە . لەوانەیە چیرۆکی ڕووداوێك لەلایەن دوو پەیامنێرەوە بنوسرێتەوە, بەڵام لە بواری گرنگی پێدان لە بەشەکان لەگەڵ یەکدا ناکۆك بن. بۆ دیاری کردنی پەرەگرافە گرنگەکانی بابەتەکە پێویستە حەزو ئارەزووی خوێنەران لەبەر چاو بگیرێ . کاتێك خوێنەران بە هۆی ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و حەزو ئارەزووەکانیان, داخوازییەکانیان جیاوازە , پێویستە پەیامنێر لەوێدا وردەکار بێت و بڕیارێك دەربکات کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکیاندا بێت .
یەکەی بابەتی هەواڵ : بابەتی هەواڵەکە بەشە گرنگەکانی بۆ نووسەرەکە دیاری ئەکات. هەر هەواڵێك خاوەنی بەشێکی سەرەکی و کۆمەڵە بەشێکی لاوەکییە و هەموویان پێکەوە بابەتەکە پێك ئەهێنن. ئەمەش پێی ئەوترێ یەکەی بابەتی هەواڵ و بەلای پەیامنێرەوە زۆر گرنگە. بابەتی سەرەکی ڕووداوەکە ڕێنمایی ڕۆژنامەنووسەکەیە, بە واتایەکی تر بابەتی سەرەکی چەقی چالاکییەکانی نووسەر پێك ئەهێنێ.
ئێستاش بە کورتی باس لە هەریەکە لەو شێوازانەی تری داڕشتنی هەواڵ ئەکەین کە زانینیان بۆ ڕۆژنامەنووس گرنگە:
- شێوازی باسکردنی مێژوویی :

لەم شێوازەدا ڕووداوەکان یەك لە دوای یەك بەپێی مێژووی ڕوودانیان باس ئەکرێن و بێ ئەوەی گرنگی هیچ بەشێك جێگەی بەشێکی تری هەواڵەکە بگرێتەوە. لەم جۆرە هەواڵانەدا مانشێتی بچوك نییە و زۆر جار بەشە گرنگەکانی هەواڵەکە ئەکەوێتە کۆتاییەوەو بێ بایەخ ترین بەشیشی لەسەرەتای دەسپێکردنی هەواڵەکە باس ئەکرێت . لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە کەمتر گرنگی بە مانشێتی بچوك ئەدەن ڕۆژنامە ناودارەکانیش زۆر بە کەمی ئەم شێوازە بەکار ئەهێنن, چونکە ئەبێتە هۆی هیلاکی خوێنەران.
هەندێ شێوازی نووسینی هەواڵ بەپێی گێڕانەوەی مێژوویی
لەبەر ئەوەی لە شێوازی مێژووییدا لید نییە بۆیە بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە ڕۆژنامەو میدیاکاندا زۆر بەکەمی بەکار دێت . چونکە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ خوێنەریان گوێگر هیلاك بکات. بۆ ئەوەی کار بەم شێوازە, کە سادەترین

شێوازی نووسینی هەواڵە بکرێت , هەندی رێگەی تر دۆزراونەتەوە ئەویش بە بەکارهێنانی " لید " لە سەرەتای هەواڵە کرۆنۆلوژیەکاندا. بەم کارە کورتە گرنگترین بەشەکانی هەواڵەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر دەخرێتە ڕوو.

نموونە:

بکوژانی پیاوە گەرمیانیەکە حوکم دران.

لید:

دوو لاو کە لە بەهاری ساڵی پاردا لە رێگەی سلێمانی – کەرکوک پیاوێکیان کوشتبوو لە دادگای تاوانی سلێمانیدا حوکم دران.

ڕووداوەکە:

ڕۆژی 1994/3/23 دوو لاو رێگەیان بە پاسێکی کۆستەر کە لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی دەهات گرت و پیاوێکی گرت و پیاوێکی گەرمیانیان بەناوی داود خوامراد لە خەڵکەکە جیاکردەوەو گوللەبارانیان کرد . هەردوو بکوژەکەن کە دوو لاوی تەمەن 25 ساڵ و 27 ساڵن , پاش ڕووداوەکە بە ئوتومبیلێکی بەرازیلی شوێنی ڕووداوەکەیان بە خێرایی بەجێهێشت .

بەدواداووچنی ڕووداوەکە:

پاشان پۆلیس کەوتە لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەو دەرکەوت کە یەکێك لەسەر نشینەکانی پاسەکە ژمارەی ئۆتۆمبیلە بەرزایلیەکەی گرتووە. پاش دە ڕۆژ پۆلیس توانی خاوەن بەرزایلیەکە بگرێت و دوای لێکۆڵینەوە دی (ئیعترافی) لەسەر تاوەنەکە کرت و ناوی هاوڕێ کەشی ئاشکرا کرد .

ئەنجام:

*دوێنێ , پاش شەش سەعات لە لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی ڕووداوەکە، سەر ئەنجام دادگای سلێمانی بڕیاریدا هەردوو تاوانبارەکە بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکوم بکات..*

چۆنیەتی بەکارهێنانی لید لە شێوازی مێژوویی‌دا بەم جۆرەیە :

رێگەی یەکەم :

بابەتی چیرۆکەکە لە شێوازی کرۆنۆلۆژیك یەکسەر دوای لیدەکەوەدێت و بابەتە نا چیرۆکیەکانیش ئەکەونە بەشی دواییەوە. شێوەی سادەی ئەم نەخشەیە بەم جۆرەیە.

لید بابەتی چیرۆکی ڕووداوەکە بەپێی کاتی ڕوودانی بابەتە ناچیرۆکیەکان بەپێی گرنگیەکەکان.

لەم نمونەی خوارەوەدا تێبینی ئەوە ئەکرێت پاش نووسینی کورتەی ڕووداوەکە لە شێوەی لید, بە شێوازی گێڕانەوەی مێژوویی ڕووداوەکە بەدرێژیی باس دەکرێ و لە دوو پەرەگرافی کۆتایشدا باس لە پەراوێزی ڕووداوەکە دەکرێ.

فرۆشیارێکی گەنجیان بەگوللە کوشت :

ئونیك هوسپیان , کە فرۆشیارێکی گەڕۆکی ساردەمەنیە , ڕۆژی سێشەم دوای شەڕوپێکدادانێك لە نزیکی ماڵی خۆیان کە دەکەوێتە نیاوەرانەوە کوژرا . دوێنێ ئێوارە تەرمەکەیان لە کێڵگەیەك لە نزیکی گوندی شا ئاباد دۆزیەوە و چەند گوللەیەك بەر کەللەی کەوتبوو.

گێڕانەوەی ڕووداو بەپێی کاتی ڕوودانی:

دیانای هاوسەری ئونیك سەعات 9 و نیوی پاش نێوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە وەڵامی تەلەفۆنێك ئەداتەوە . ئەوەی تەلەفونەکەی کردبوو ناوی " حەبیب " ەو خەڵکی گەڕەکی مەنزەرەیە بوو . ئەو داوای لێ کرد بوو دوو قاپ شەراب و چوار قووتوو بیرەی بۆ ڕەوانە بکات . ئونیك هەڵدەستێ و پانتۆڵەکەی لەپێ دەکات و بەجووتێ پێڵاوی سەرپێییەوە , خواردنەوەکان دەخاتە پاکەتەوەو ماڵەکە بەجێ دەهێڵێ.

پاشماوەی چیرۆکەکە:

بەپێی قسەکانی حەبیب , ئەو لەسەر داخوازی پیاوێك کە ناوی " کارو ئافتاندلیان " ە تەلەفۆنەکەی کردووە . حەبیب ووتی: ( من ئەو پیاوەم لەو دوو هەفتەی رابردودا دیوە و ئونیك خۆی پێی ناساندم. ئەو هات بۆ ماڵەکەم و داوای کرد تەلەفون بۆ ئونیك بکەم و پێی بڵێم چەند قاپێك شەراب بهێنێ بۆ ماڵەوەمان. هەڵبەت من بۆ یارمەتی دانی ئونیك ئەم کارەم کردو هەر ئەمەم کردوە. ئەو کاتەی تەلەفونم دەکرد کارو لە تەنیشتم راوەستا بوو, پاش چەند دەقەیەك چووە دەرەوەو ووتی ئێستا دێمەوە و لێم پارایەوە بە ئونیك بڵێم چاوەڕێی بکات. وابزانم یەك دوو کەسی تر لەگەڵ کارۆدا بوون , بەڵام من ئەوانم نەبینی.

پاشماوەی ڕووداوکە:

حەبیب لەسەری ڕۆی وتی: (( نزیکەی سەعات دە لەوانەیە کەمێك درەنگتر بوو بێ, ئوتومبیلێك لە نزیکایی پشت ماڵەکەمانەوە وەستاو دوای نزیکەی دە دەقیقە گوێم لە هاوارێك بوو ئەیووت (( حەبیب فریام کەوە)) من ترسام بڕۆمە دەرەوە, بەڵام دیسانەوە گوێم لەهاتوهاوار بوو. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی گولله نەبوو , بەڵام زانیم دوو ئوتومبێل ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت .

بەخێرایی تەلەفونم بۆ پۆلیس کردو چۆنیەتی ڕووداوەکەم بۆیان باس کرد . وام ئەزانی (ئونیك هۆسپیان)یان دزیوە .

پاشماوەی چیرۆکەکە:

ئەفسەرێك و دوو پۆلیس پاش نیو سەعات گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە . لە پشت ماڵی حەبیب بتڵە دەست لێنەدراوەکان کەوتبوون . کەمێك لەولاتر کیفی دەمانچەیەکی کالیبر 32 و خوینێکی زۆر لەسەر زەوی‌یەکە بوو.

پاشماوەی چیرۆکەکە:

کارمەندانی پۆلیس بۆیان دەرکەوت ئونیك هەر لەوێ کوژراوە و تەرمەکەیان بردوە بۆ جێگەیەکی‌تر. هەوڵیان دا جەنازەکە بدۆزنەوە , بەڵام بچوکترین نیشانەیان دەست نەکەوت. تا ئێوارەی دوێنێ دوو منداڵی لادێی تەرمی پیاوێکیان لەناو کێڵگەیەکی گەنم لە نزیکی گوندی شائاباد دۆزی‌یەوە . پاش ناسینەوەی تەرمەکە, پۆلیسی شەمێرانیان لێ ئاگادار کردەوە .

بابەتە نا چیرۆکیەکان:

کاربەدەستانی پۆلیس ڕایانگەیاند کە ئۆنیك هەندێ ڕکەبەری هەبووە کە دەیانوویست موشتەریەکانی لەدەست بکەنەوە, لەبەر ئەوەی بەئاسانی ئەو کارەیان بۆ نەکراوە , بۆیە بڕیاری کوشتنیان دا.

بابەتە نا چیرۆکیەکان:

خاتوو دیانای هاوسەری ئۆنیك بە پەیامنێری ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاند کە ئەو نەی ئەزانی مێردەکەی لەگەڵ کێ دا معامەلە دەکات و هەرگیز ناوی ئافتاندلیان —ی نەبیستووە. ئۆنیك لەدوای خۆی کوڕێکی حەوت ساڵان و دوو کچی دوو ساڵان و پێنج ساڵانی بەجێ هێشتووە.

**شێوازی گەڕانەوە بۆ دوواوە**

ئەم شێوازە بەرامبەر شێوازی مێژوویی‌یە . بەم شێوازەدا دەقی هەواڵەکە بە دواین ڕووداوە دەست پێ دەکات ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوی کێشەکە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار دەسپێکی هەواڵەکە مانشێتی بچوک پێك ئەهێنێ .

ئەم شێوازە زۆر لە شێوازی باسکردنی مێژوویی‌یەوە نزیکەو هەر باس کردنی دواین ڕووداوی کێشەکە ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی تر بەپێی مێوژووی ڕوودانیان یەك لە دوای یەك باس ئەکرێن ئەم شێوازە زیاتر بۆ نوسینی کورتە هەواڵ یان نیمچە هەواڵ بەکاردێت , چونکە بە گێڕانەوەی دواین ڕووداوی کێشەکەو گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی خوێنەران تێر ئەبن .

**نمونەی نووسینی هەواڵ بەپێی شێوازی (( گەڕانەوە بۆ دواوەوە))**

**لونا 16 بەبەردی مانگەوە گەڕایەوە سەر زەوی**

**لید و تازەترین هەواڵ:**

مۆسکۆ- 25 سپتمبەر – هەواڵدەرییەکان – ئاژانسی دەنگوباسی ناس ڕایگەیاند کەوا گەشتی ئاسمانی ئوتوماتیکی سۆفیەت (( لونا –16) لە سەعاتی 8 و 56 دەقیقەی بەیانی، پێنج شەم , لە باشوری ڕۆژهەلاتی مۆسکۆدا نیشتووتەوە . کەشتیە ئەلکترۆنیەکە لەو جێگەیەی کە چاوەڕوانی دەکرا و لەپێش چاوی چاوەڕێ کەرانی بە چەتری نەجات نیشتەوە.

**بیروڕا لەسەر گرنگی بابەتەکە:**

بەم جۆرە یەکەمین ئەرکی چوون و گەڕانەوەی ئەو کەشتیە بۆ سەر مانگ بەسەرکەوتن کۆتایی هات و لونا خەروارێك بەردی سەر مانگی هێنا بۆ سەر زەوی .

**گەڕانەوە بۆ دواوە:**

ڕۆژی 14 سپتمبەر (لونا – 16) بەبێ هیچ هەراوهۆریایەك هەڵدرا بۆ ئاسمان , پاش 14 ڕۆژ هەنگاوێکی گرنگی لەسەر دۆزینەوە ئاسمانیەکان هەڵگرت.

**پێشینەی زووتر:**

پێشتر ((لونا – های )) لە هەوڵەکانی‌دا سەرکەتوو نەبوو , تەنیا لونا 14 توانی بووی بەدەوری مانگدا سوڕێتەوە.

**شێوازی تەشریحی یان لوژیکی**

لەم شێوازەدە ڕووداوەکە باس ئەکرێت و پاشان هەریەکەیان بەش بە بەش تەشریح ئەکرێنەوە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لەسەر ئەکرێ . ئەم شێوازە بۆ ئەو

رووداوانە بەکاردێت کە جیاوازی بیروڕایان لەسەرەوە نووسەر ئەتوانێ دوای هەر بەشێك بیروڕای نارەزاییان و رازییەکان لە پاڵیاندا بنووسێ .

ئەو پەیامنێرە گەورانەی کە بەر پرسی ئامادەکردنی ریبۆرتاژی درێژن سوود لەم شێوازە وەرئەگرن .

نمونەی نمونەی نووسینەوەی هەواڵ بە شێوازی " تەشریحی یان لۆژیکی "

دوا بەدوای فڕاندنی

گیانی سەرەك وەزیرانی کانادا لەمەترسی دایە

مۆنرئال – 6 ئۆکتوبەر – بوناتیدپریس – ئەندامانی بەرەی رزگاری خوازی " کەبل" کە پێرێ توانیوویان نوێنەری بازرگانی ئینگلیز لەکانادا بڕفێنن , ڕایانگەیاند بە نیازن " پێتر ترودو" ی سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی فیدراڵی کەندا و " روبد بوراسا"ی سەرۆك وەزیرانی " کەبك " و " ژان دراپۆ " ی سەرۆکی شارەوانی موناك ش بڕفێنن .

پاشماوەی ڕونکردنەوە:

ڕۆژنامەکانی " تورنتۆ تلگرام " و " مونرال لاپرس " کە ئەم بابەتە هەواڵەیان ئاشکرالا کردوە دەڵێن ئەندامانی بەرەی رزگاری خوازی " کەبك " لە بەڵگە نامەیەکی هەشت لاپەڕەییدا ناوی ئامانجە تازەکانی خۆیانی نووسیوە , ناردویانە بۆ پۆلیس .

پەراوێزی تەشریحی :

" تورنتو تلگرام " ئەم بەڵگەنامەیەی بە مانیشتمێك لە قەڵەم داوە و نووسیویەتی ئەو بەڵگەنامەیە " قوربانیانی هەڵبژاردنی " خستووەتە پێش ئەندامانی " بەرەی رزگاری خوازی کەبك " ەوە .

پەراوێزی تەشریحی :

پێش ماوەیەك لە هەواڵێکدا هاتبوو گوایە دووان لە چەکدارەکانی بزوتنەوەی جودا خوازی " کەبك " لە ئوردن لەگەڵ چەکدارە عەرەبەکاندا سە رقاڵی مەشق کردنن .

لێدوانی نوێ :

" میشل شارپ " وەزیری دەرەوەی کانادا دوێنێ رایگەیاند داخوازی رفێنەرانی " جیمز کراس " ی قەبوڵ نییە.

پاشماوەی رونکردنەوە:

"چیمیز ریمپارد کراس" نوێنەری بازرگانی ئینگلیز لە مونرال پێری لەلاەین چوار چەکدارەوە رفێنرا. ئەم چوار کەسە بەپێی لێدوانەکانی پۆلیس ئەندامی "

بزوتنەوەی رزگاری خوازی کەبك " ن و لە کاتێکدا " جمیز لە ماڵەکەی خۆی ئەهاتە دەرەوە بەزۆر خستویانەتە ناو تاکسی‌یەکەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردویانە .

راگەیاندنی نوێ :

رفێنەران دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە دەوڵەت داخوازیەکانیان بەجێ ناهێنی , رایانگەیاند ئەگەر تاکو 48 سەعاتی تر خواستەکانیان جێبەجێ نەکرێ دیپلوماتە ئینگلیزی‌یەکە ئەکوژن..

راگەیاندنی نوێ و روونکردنەوەی تەشریحی:

هەواڵەکان وا ڕا ئەگەیەنن کە لە ئەمڕۆوە پۆلیس هەموو ئەندامە دیار و ناسراوەکانی بەرەی ڕزگاری خوازی‌کەبکی خستوەتە ژێر چاودێریەوە, بەڵام هێشتا هیچ جۆرە هەنگاوێکی لە دژیان هەڵنەناوە.

راگەیاندنی نوێ و روونکردنەوەی تەشریحی:

ئەندامانی بەرە هەڕەشەیان کرد ئەگەر پۆلیس بەکردەوە لەگەڵیاندا روو بەڕوو ببێتەوە ئەوانیش (کراس) ئەکوژن. قسەکەرێکی پۆلیس رایگەیاند لەبەر ئەوەی گیانی کەسێك لەمەترسی دایە، بۆیە نامانەوێ هیچ رووداوێکی دڵ تەزێن رووبدات.

راگەیاندنی نوێ:

لەلایەکی ترەوە هاوسەرەکەی (کراس) دوێنێ لەرێگەی رادیۆکانەوە داوای لە رفێنەرانی مێردەکەی کرد, داودەرمانە زەروری‌یەکان بۆ (کراس) بکرن و پێی بدەن.

خاتوو کراس ووتی: مێردەکەم فشاری خوێنی هەیە

پێویستە رۆژانە دوو حەپ بخوات. ئەو حەپانە زۆر گرنگەو مەسەلەی مان و نەمانە بۆ ئەو .

چۆنیەتی گەڕان بەدوای هەواڵدا

گەڕان بەدوای هەواڵدا هەموو کاتێك بەیەك ڕێگە سەرناگرێ, بەڵکو بە پێی هەلومەرجی کات‌و شوێن ڕێگاکانی دەسکەوتن‌و دۆزینەوەی ئەگۆڕێ. بەم جۆرە هەر هەواڵێك تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم ڕێو شوێنانەی خوارەوە قۆناغە جیا جیاکانی گەڕان بەدوای هەواڵ پێك ئەهێنن, لەسادەترین قۆناغەوە, کەدەسکەوتنی هەواڵە دەست پێ ئەکات‌و بەدژوارترین قۆناغ کە ڕاڤەکردن‌و لێکۆڵینەوەیە کۆتایی دێت.

1- دەسکەوتنی هەواڵ: زۆر هەواڵ‌و زانیاری هەن لەلایەن ئەو کەس‌و ڕێکخراوانەی کەلەپەخش کردنیان قازانج ئەکەن راستەوخۆ ئەخرێنە بەردەست رۆژنامەو

راگەیاندنـەکانی دەوڵـەت, زانیاریـیـە سـەندیکاییو حزبیـەکان و چـاوپێکەوتنو کۆنفرانسی چاپەمەنیەکان لە ڕیزی ئەم خانەدان.

کۆکردنـەوەی ئـەم هەواڵانـە زۆر ئاسـانە. لەوانەیـە پـەیامنێرەکان هەنـدێ لـەم هەواڵانەیان دەست کەوێ، بەڵام بەشـی هـەرە زۆری بـێ ئـەوەی پـەیامنێر هـەبێ خۆیـان دێـن بـۆ ڕۆژنامـەکان, ئاشـکرایە ڕۆژنامـەکان ڕۆژانـە دەیـانو سـەدان بڵاوکـــراوەو ڕاگەیانـــدنو دەربڕینـــی بـــیروڕای جیـــا جیایـــان لەخـــەڵكو دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە دەوڵەتیو تایبەتیەکان پێ ئەگات.

بەڵام لەبەر ئەوەی هـەموو ئـەم بابەتانـە گـرنگ نینو نـاتوانرێ لـە ڕۆژنامەکانـدا جێگەیان بۆ بکرێتەوە, لێپرسراوانی بەشی هەواڵ ناچارن تەنیا هەواڵە باش و سەرنج ڕاکێشەکان هەڵبژێرنو بڵاویان بکەنەوە.

2- کۆکردنەوەی هەواڵ: ئەگەر هەواڵ لەلایەن خەڵکانی سوود وەرگرەوە نەگەن, ئەو کاتە پەیامنێرەکان ناچارن بەدوای کۆکردنەوەی هەواڵدا بگەڕێن.

هەنـــدێ جـــار هـــەواڵی واهەیـــە نهێنیـیـــەو خـــەڵکانو ڕێکخراوەکـــان نایانـــەوێ بڵاوبکرێتەوە, ئەم هەواڵانە دەستکەوتنیان ئاسان نیـیە. بەڵام هەندێ هـەواڵ هەیـە نهێنی نیەو ئەگەر پەیامنێر بەدوایدا بگـەڕێ بەئاسـانی دەسـتی پـێ ئـەگاتو پـەردەی فەرامۆشـی لەسـەر هەڵئەداتـەوەو بـڵاوی ئەکاتـەوە. بـۆ نموونـە هـەواڵی بەرهـەمی پیشەسـازی, چـالاکی بیناسـازیو نـوێ کردنـەوەی بـازاڕ, زۆر بەئاسـانی بگـرە بەخۆشحاڵیەوە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ئەدرێن بە پەیامنێر .

بەڵام ئەگەر پەیامنێر بەدوایاندا نەچێ, ئەو هەواڵانە بەهیچ جۆرێك بڵاو نابنەوە. هـەر لەبەر ئەمەشە ئەمڕۆ ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان بۆ دەستکەوتنی ئـەم جـۆرە هەواڵانـە ڕێکخراوێکـی بـەهێزی دەسـکەوتی هـەواڵ دروسـت ئەکـەنو پـەیامنێرەکانی خۆیـان لەمەڵبەندە جیا جیاکاندا دائەنێن، بۆ ئەوەی ئەو هەواڵانە کۆبکەنەوە.

3- دۆزینـەوەی هـەواڵ: هەنـدێ جـار هەواڵـەکان شـاراوەن. ئەمانـە وەك هەواڵـەکانی سـەرەوە بەپەردەیـەك داپۆشـراون. بـەڵکو خـاوەنی هەواڵەکـە لەبـەر هەنـدێ هـۆی تایبـەت نـاهێڵێ پـەیامنێرەکان دەسـتیان پـێ بگـات, بۆیـە بەئەنقەسـت هەواڵەکـە ئەشـارێتەوە, تەنانـەت بـۆ ئاشـکرا نـەبوونی, گیرگرفـت لەبـەردەم پەیامنێرەکـە دروست ئەکات.

لەم حاڵەتەدا، پەیامنێرەکە بە پێچەوانەی خاوەن هەواڵەکە, کەناهێڵێ هەواڵەکەی ئاشکرا بێت, ئەبێ هەوڵ بدات هەواڵەکە بدۆزێتەوەو بیداتە ڕۆژنامەکەی. لەم نەبەردەی کەلە نێوان هەردوکیاندا ڕوو ئەدات, هەریەکەیان هەوڵ ئەدات بۆ شکاندنی ئەوی تر تاکتیکی جیاواز بەکار بهێنن. بەڵام بە زۆری پەیامنێرە شارەزاو خاوەن ئەزمونەکان لەم نەبەردانەدا سەرکەوتوو ئەبن. لەهەلومەرجێکی ئاوادا پەیامنێر ئەبێ وەك پۆلیسێکی دۆزینەوەی نهێنی بکەوێتە دوای ئەو هەواڵانە، ئەشبێ بزانێ لەهەندێ حاڵەتدا ئەگەر هاتوو خاوەنی هەواڵەکە ئامادە نەبوو هەواڵەکە بدات بە دەستەوە, ئەو کاتە پەیامنێر ئەتوانێ ئاستی گەڕانەکەی نەختێ دابەزێنێ‌و هەواڵەکەی دەست کەوێ.بۆ نمونە، هەواڵە سیاسی‌یەکان بە ئاسانی لە لێپرسراوە پایە بەرزەکانەوە وەرناگیرێن، بەڵام ئەگەر سەردانی سکرتێرەکان یان خزمەتکارەکانیان بکرێ ئەوا ئەتوانرێ ئەو هەواڵانە پەیدا بکرێن .

هەواڵی دادگا لەلایەن کارگوزارو هەواڵی پزیشکی لە ڕێگەی پەرستارەکان بە ئاسانی دەست ئەکەون بەڵام ئەم جۆرە هەواڵانە پێویستیان بە تەئیدکردنی بەرپرسە پایە بەرزەکان هەیە. بۆیە پەیامنێری زیرەك پاش دەستکەوتنی هەواڵەکە، هەوڵ ئەدات لەلایەن ئەو کەسانەی کە زانیاری تەواویان لەسەر هەیە ،هەواڵەکەی پشت ڕاست بکاتەوە. گومان لەوەدا نی‌یە کاتێك پەیامنێر دەستی گەییە هەواڵەکە، ئەوا ئەو کەسانەی کە جاران ئامادە نەبوون بیخەنە بەر دەستی، ئەمجارەیان ناتوانن خۆیان بدزنەوە.

4- ڕاڤەکردن‌و لێکۆڵینەوە: ئەگەر سەرچاوەی ڕاستەوخۆی هەواڵ دەست نەکەوت یان سەرچاوەکان بەس نەبوون ،ئەبێ دەست بکرێ بە ڕاڤەکردن‌و لێکۆڵینەوەی نیشانەو هیماکان. لەم حاڵەتەدا پەیامنێری شارەزاو بە ئەزموون ئەتوانێ بە شیکردنەوەی وردی هەواڵەکان‌و بەراوردکردنیان لەگەڵ هەواڵی تردا، هەواڵێکی گرنگی دەست بکەوێ، ئێستا ڕۆژنامەگەورەکانی دونیا‌و هەواڵدەری‌یە نێودەوڵەتیەکان، تیمی تایبەتیان داناوە کە لە ئەنجامی ڕاڤەکردن‌و لێکۆڵینەوەدا هەواڵ پێك ئەهێنن.

ئەو هەوالآنەی کە لە ڕێگەی ڕاڤە کردن و لێکۆڵینەوە وە دەست ئەکەون زۆر جار بە هەواڵی پشت ڕاست نەکراو بلأو ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕاستی‌یەوە ڕەخنەیان لێنەگیرێ.

**کۆنترۆڵ و پێداچوونەوەی هەواڵەکان**

زۆربەی ڕووداوە کۆمەلأیەتیەکان لەبەر پەلەکردنی پەیامنێرەکان و ئەو هەلانەی کە لە کاتی گەڕان بە دوای هەواڵەکاندا ڕوو ئەدەن، ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکانی خۆیان لە دەست ئەدەن، بۆیە ئەگەر پێش بلأوبوونەوە کۆنترۆڵ نەکرێن و ڕاست نەکرێنەوە ئەوا لەو حاڵەتەدا زانیاری هەڵە ئەخرێتە بەردەستی خەڵك.

بۆ پاراستنی ڕاستی هەواڵ، ڕۆژنامەکان پێش ئەوەی هەواڵی پەیامنێرەکانیان بلأوبکەنەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەکەن، بۆ ئەوەی ئەو هەلأنەی کە ئەوان تێی کەوتوون ڕاستیان بکەنەوە و بابەتی ڕاستەقینە بخەنە بەردەست خەڵك. هەڵبەت پەیامنێری زیرەك و خاوەن ئەزموون خۆی لەکاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا ڕاستی ئەو زانیاریانە لەبەر چاو ئەگرێ و هەوڵ ئەدا شتێکی پێچەوانەی ڕاستی نەنووسێ.

بەلأم هەندێ جاریش لەبەر کەم شارەزایی هەواڵدەرەکان یان هەڵەی ئەوانەی ڕووداوەکە ئەگێڕنەوە و یاخود لەبەر هەندێ هۆی تر تویژینەوە لە ڕاستی هەواڵەکان کارێکی زۆر پێویستە.

1- چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردن و ڕاستکردنەوەی هەواڵ ئەو هەوالأنەی کە لەلایەن پەیامنێرەکان یان سەرچاوەکانی تری هەواڵەوە ئەگەنە ڕاگەیاندنەکان، لە دوولاوە کۆنترۆل ئەکرێن:

I- کۆنترۆڵی زاهری(ئاشکرا): هەموو ئەو هەوالأنەی کەئەگەنە بەشەکانی هەواڵ, یەکسەر لەلایەن بەرپرسی ئەو بەشانەوە ئەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی وردەوەو لەڕووی پێکهاتە مادی‌یەکان و هەماهەنگی بابەتەکانەوە کۆنترۆڵ ئەکرێن. بۆ دیاری کردنی ڕاستی هەواڵەکان پێکهاتە مادی‌یەکانی هەواڵ( وەك ناوی کەسایەتیەکان, ژمارەو ئامار, دیاردە ناوچەیی و جوگرافیەکان) ئەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە ئەگەر هەر هەڵەیەك یان نهێنیەکیان تێدا بێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی (دائرە المعارف) یان سەرچاوەی ترەوە ڕاست ئەکرێنەوەو هەر کاتێك کێشەی تر مایەوە, بۆ لابردنیان پەیوەندی بە ئامادەکەر یان سەرچاوەی هەواڵەکەوە , ئەکرێت.

- ڕێکخستن‌و هەماهەنگی لەنێوان بابەتەکانی هەواڵ یان بەواتایەکی تر شێوازی دەرەوەی هەواڵەکان, گرنگی‌یەکی زۆری هەیە. بۆیە پێویستە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەسەر هەر هەواڵێك ریتم‌و ڕێکخستنی دەستەواژەکان کۆنترۆڵ بکرێت, وشە فەرامۆش کراوەکانی بۆ زیاد بکرێت، وشە یان رستە دوبارەکان بسڕێنەوەو کەم‌و کوڕی‌یەکانی خاڵ بەندی نەهێڵرێت. ئەو بابەتانەش کەلە زمانە بێگانەکانەوە وەرئەگێڕێن پێویستە لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکەدا بەراورد بکرێن‌و هەڵەکان راست بکرێنەوەو وشە نامۆکانیان تێدا دەرکرێ. لەبارەی هەماهەنگی شێوەی دەرەوەی بابەتەکان, ئەو هەواڵانەی کەلە ڕێگەی تەلەفوون و تەلەگرافەوە دێن دۆخێکی حەساسیان هەیەو لەکاتی راست کردنەوەیاندا پێویستە زۆر وردەکاریان تێدا بکرێت.

II- کۆنترۆڵی ناوەڕۆك: بۆ دڵنیا بوون لەڕاستی هەواڵەکان کۆنترۆڵی زاهری بەس نی‌یە, بەڵکوئەبێ ناوەڕۆکی هەواڵەکانیش لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. بەواتایەکی تر پێویستە لەسەر ناوەڕۆکەکانیشیان زانیاری تەواو بەدەست بهێنرێت. لەکاتی کۆنترۆڵی ناوەڕۆکدا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرێ:

- ناسینی سەرچاوەو شوێنو سەر هەڵدانی راستەقینەی هەواڵەکە.
- دەست نیشانکردنی ئەو سەرچاوە هەواڵانەی کەلەکاتی گومان کردن لەهەواڵێك دەتوانن هەواڵەکە پشت راست بکەنەوە.
- هەماهەنگ کردنی هەواڵەکان لەگەڵ بارودۆخی سیاسی‌و کۆمەلأیەتی‌و دیاری کردنی گرنگی بەلەبەر چاوگرتنی هەلومەرجەکانی دەوروبەر.

پێویستە بزانین هەر کاتێك هەواڵێك لەسەرچاوەیەکی گومان لێکراوەوە هات, پێش هەر شتێك ئەبێ ئەو سەرچاوەیە بناسرێت‌و لە راستی‌یەکانی بکۆڵرێتەوە ئەگەرلێ‌ی دڵنیابوون، ئینجا هەواڵەکانی بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی نەناسراو هەندێ زانیاری خستە بەردەست ڕۆژنامەیەك, پێش وەرگرتنی هەواڵەکە پێویستە ناسنامەکەی وەربگرێ‌و پاشان لەو مەبەستانەی کەوای لێ کردوە ئەو هەواڵە بدات بکۆڵێرێتەوەو ئینجا ئەگەر پێویستی کرد لەبارەی کەسایەتیەکەیەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوە بکرێ, کاتێك ئەتوانرێ بڕیار لەسەر بلأوکردنەوەی هەواڵەکە بدرێت, کە کابرا سەرچاوەیەکی دڵنیا بێت.

هەنــدێ جــار ســەرەڕای لێکۆڵینــەوەی زۆریــش، بەئاســانی دڵنیــایی لەســەر سەرچاوەیەکی هەواڵ بەدەست نایەت. لەم حاڵەتەدا تائەو کاتەی دڵنیایی بەدەست دێت، نابێ هەواڵەکە بڵاوبکرێتەوەو لەڕێگەی سەرچاوەی ترەوە زانیاری لەسەر کۆبکرێتەوەو پاش دڵنیابوونی تەواو ئینجا بڵاو بکرێتەوە. هەندێ جار پشت ڕاست کردنەوەی کۆمەڵە هەواڵێك لەلایەن سەرچاوەی ترەوە بە ئاسانیو خێرایی سەر ئەگرێ.

بۆ نموونە هەواڵێك کەلەلایەن مسافرێکی نەناسراوەوە یان سەرچاوەیەکی نادڵنیاوە ئاشکرا بکرێت, ویەکسەر لەلایەن ئاژانسێکەوە یان قسەکەرێکی ڕەسمییەوە پشت ڕاست کرابێتەوە, ئەشێ بڵاو بکرێتەوە. هەڵبەت ئەبێ ئەوەش بزانین کەئەو سەرچاوەیەی هەواڵەکەی پشت ڕاست کردۆتەوە, هەواڵەکەی لەهەمان سەرچاوەی یەکەمەوە دەست نەکەوتووە.... هەندێ جار لەکاتی پەیوەندی کردن بەسەرچاوەی پشت ڕاست کردنەوەی هەواڵ زانیاریە پێویستەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەربگیرێن، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆناوەڕۆکی هەواڵەکەی بۆ باس بکرێتو داوای لێ بکرێت هەواڵەکە بەدرۆ بخاتەوە یان پشت راستی بکاتەوە, ئەنجامێکی ڕاست ناداتە دەستەوەو لەوانەیە سەرچاوەکە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی زانیاری تەواو نەخاتە بەردەست. بەڵام ئەگەر ناوەرۆکی هەواڵەکە باس نەکرێتو لەکاتی باس کردنی بابەتی تردا, زانیاری خوازراو بەئاسانی دەست ئەکەوێ.

پەیامنێری خاوەن ئەزموون بۆ پشت راست کردنەوەی هەواڵێك سود لەدوو یان سێ سەرچاوەی جیا جیا وەرئەگرێ، بۆ ئەوەی لەنێوان ئەو زانیارییە زۆرانەی کەبەدەستی هێناوە ڕاستی مەسەلەکەی بۆ ئاشکرا بێت....

**یاساکانی لێکۆڵینەوەو ڕاست کردنەوەی هەواڵ**

بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو هەواڵانەی کەلە سەرچاوەی جیا جیاوە ئەگەنە ڕاگەیاندنەکان شێوازەی خوارەوە کار ئەکرێت:

1- ئەو هەواڵانەی کەلەشێوەی نوسراوو بەڵگەنامە لەلایەن سەرچاوە ناسراوو دڵنیاکانەوە دێن، پاش ڕێکخستنیان بەهەمان شێوە بڵاو ئەکرێنەوە. هەواڵی ئاژانسە گەورەکان, راگەیاندنەکانی دەوڵەت کەلەسەر کاغەزی ڕەسمیو مۆرو ئیمزاکراو ئامادە کراونو نامەی ئیمزا کراوی پەیامنێرونوێنەری تایبەتی راگەیاندنەکان لەم جۆرە هەواڵانەن.

2- ئەو هەواڵە نوسراوانەی کەگومان لە لقێکیئەکرێت. بەلەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵەو دیاری کردنی سەرچاوەکەی بۆ بڵاوکردنەوە ئەشێت.

3- هـەواڵی نووسـراوی کەسـانی نەناسـراو بـڵاو ناکرێتـەوەو پـەیامنێرەکان تـەنیا بەدوای راستیو دروستی هەواڵەکەدا ئەگەڕێن وخۆیان هەواڵی راستەوخۆی لەسەر بڵاو ئەکەنەوە.

4- هەواڵی ئەو سەرچاوە نەناسراوانەی کەئەتوانرێ دوایی پەیوەندیان پێوە بکرێت وزانیارییان لێ وەربگیرێت.

5- ئـەو هەواڵانـەی کەلەلایـەن کەسـانی ناسـراوو دڵنیـاوە بەتەلـەفوون رادەگەیـەنرێن ئـەتوانرێ بـڵاو بکرێنـەوە، بـەلام ئەگـەر کەسـەکان نەناسـراو بـن بـڵاو ناکرێنـەوە. هەنـدێ جـاریش ئـەو کەسـانە نـاو و ناونیشـانی خۆیـان ئـەدەن, لـەم حاڵەتـەدا ئەتوانرێپەیوەنـدیان پێـوە بکرێـتو لـەبارەی ڕاسـتی زانیاریـەکان پرسـیاریان لێ بکرێتو پاش دڵنیا بوون بڵاوبکرێنەوە.

6- ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن مراجعی راستەوخۆوە دێن. ئەبێ بەگومانەوە سـەیریان بکرێت, چونکە ئـەو کەسـانەی خۆیـان هـەواڵ ئـەدەن بەراگەیاندنـەکان گومانیـان لێ ئـەکرێو لەوانەیـە ئامـانجو مەبەسـتی تایبـەتیان هـەبێت. بۆیـە ئـەبێ لێیـان بکۆڵرێتـەوەو لەلایـەن سەرچـاوەی تـرەوە هەواڵـەکانیان پشـت راسـت بکرێتـەوە و پاشان بڵاوبکرێنەوە.

2- هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەی هەواڵەکان

لەو حاڵەتانەی کەناتوانرێ بۆ پشت راست کردنەوەی هەواڵ لەلایەن سەرچاوەکانەوە بەدواچـوون ئـەنجام بـدرێ, یـان ئەگـەر لەحاڵـەتی ئـەنجام دانـی پێـدا چـوونەکەش ئـەنجامی خــوازراو بەدەسـت نــەهات, ئـەبێ دەسـت بکرێـت بەهەڵســەنگاندنو پێداچــوونەوەی رەخنەگرانــەی ئــەو هەواڵانــەو لەباشــیو خراپــی هەواڵــەکانی بکۆڵرێتەوەو بڕیار لەسەر ئامادەکردنو بڵاوکردنـەوەیان بـدرێت. ئـەو شێوازەی کـەبۆ هەڵســەنگاندنی هەواڵــەکان ئەگیرێتــە بــەرو ســودی لێ وەرئــەگیرێ ئیلــهامی لەپێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی مێژوو نووسەکان وەرگرتوە. ئـەم شێوازە لەزانسـتی مێـژوودا گرنگیـەکی فراوانـی بەدەسـت هێنـاوەو بەیارمـەتی وەرگـرتن لەبـەهای راستەقینەی نووسراوە مێژوویەکان ئەناسرێتەوە.

بـۆ هەڵسـەنگاندنی نرخـی هەواڵـەکان ئـەتوانرێ ئـەم دوو ڕێبـازەی خـوارەوە بـەکار بهێنرێت:

I–**هەڵسەنگاندنی کاری پەیامنێر:**

**دەقــی ئــەو هــەواڵو بابەتانــەی کەئەخرێنــە بەردەســتی ڕۆژنامــەنووس تــاکو هەڵیانسەنگێنێ, حەتمەن هەڵبەستراونین. بەڵام بۆ دڵنیابوون لەسەرچاوەکانی هەواڵ پێویستە رۆژنامەنووس لەکاتی هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەی کەئەبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، ئەم پرسیارانە بکاتو وەڵامی گونجاویشیان بۆ بدۆزێتەوە.**

- **ئایا پەیامنێر سەرچاوە راستەقینەکانی هەواڵی لەنووسینەکەی‌دا دیاری کردووە یان تەنیا هەندێ پروپاگەندەو قسەی نەسەلمێنراوی باس کردوە؟**
- **ئایــا پــەیامنێر هەواڵــە ئامادەکراوەکــەی لــەرووی گرنگی‌یــەوە کــۆنترۆڵ کــردوەو راستی کردۆتەوە؟**
- **ئایا پەیامنێر تەنیا کەسێکە دوای سەرچاوەی هەواڵەکە بەو هەواڵە ئەزانێ, یان خەڵکانی تر پێیان زانیوەو گەیشتوونەتە ناوەندی تری پەخشی هەواڵ؟**
- **ئایــا پــەیامنێر ئــەتوانێ بــۆ کــۆنترۆڵ کردنــی هەواڵەکــەی جارێکی تــر پەیوەنــدی بکاتــەوە بەسەرچــاوەکانی هەواڵەکــەوە, ئایــا ئەگــەر هەواڵەکــەی لەسەرچــاوە ئەسڵیەکەوە وەرنەگرتبێت ئەتوانێ پەیوەندی بەو سەرچاوەیەوە بکات؟**
- **ئایا پەیامنێر ئـەتوانێ ئـەو هەواڵـەی کەلـە سەرچاوەیەکی بیانیـەوە وەری گێڕاوە تەنیا بەدۆزینەوەی وەلامی ئەم پرسیارانە لەڕاستی‌و نرخیان دڵنیابێت؟**

II–**دیاری کردنی راستگۆیی هەواڵ:**

**بۆ دڵنیا بوون لەنرخی هەواڵێك, هەڵسەنگاندنی دەقێك بەس نی‌یە, بەڵکو ئەبێ پلـەی راستگۆییەکەشـی دیـاری بکرێـت. بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە, رۆژنامـە نووسـەکان کەئـەرکی هەڵسـەنگاندنی هەواڵـەکانیان لەئەسـتۆدایە ئـەبێ پـێش هـەر شتێك توانـای دەسـت نیشـان کردنـی ڕاسـتگۆیی سەرچـاوەکانی هـەواڵیان هـەبێ‌و سەرچـاوەی باوەڕپێکراو لەسەرچاوەی باوەڕ پێنەکراو جیا بکەنەوە.**

**هـەروەها ئـەبێ شـارەزای ئـەو ژینگەیـەش بـن کەهەواڵەکە سـەری تێدا هەڵداوە. ئـەم جــۆرە کەســانە هــەر بەیەکــەمین نیگــای هەواڵەکــە، ئــەتوانن لایەنــە ئاســایی‌و نائاساییەکانی لەیـەك جیابکەنـەوە بـۆ دۆزینـەوەی راسـتی‌یەکان سـەردانی سەرچاوە راسـتەقینەکان بکـەن. گومـان لـەوەدا نی‌یـە کەئـەم شایسـتەیش لەئـەنجامی کۆمـەڵێ هەڵەو ئەزموونی درێژ خایەنـەوە پەیـدا دەبێ‌و کەسـانی تـازە کـار لەتواناییانـدا نی‌یـە, کارێکی وا ئەنجام بدەن.**

**یاسا گشتتی‌یەکانی پێداچوونەوەی هەواڵ**

**بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی هەواڵەکان جگە لەئەزمونی عەمەلی, ئەتوانرێ ئەم یاسایانەی خوارەوە بەکار بهێنرێن:**

1- **ناسینی تەواوی ئەوانەی کەهەواڵ ئەدەن. سیفەتە باش و خراپەکانیان, خاڵە لاوازەکانیان ئەو ڕێزو حورمەتەی کەپێویستە لێیان بگیرێ, ئەمانە هەمووی ئەبنە هۆی باش ناسینی ئەو سەرچاوانەو لە ڕێگەشیانەوە لەڕاستی و ناراستی هەواڵەکانیان ئاگادار ئەبین. ئەم یاسایە بۆ ئاژانسەکانی هەواڵیش بەکاردێت. چونکە ئاژانسەکانیش مرۆڤ ئەیانبات بەڕێوە.**

2- **دەقە هەواڵیەکان ئەبێ هەردەم لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت تاکو بزانرێ چ بابەتێکیان لەخۆ گرتووە وچۆن چۆنی نووسراونەتەوە. لەکام لایان حەڵقەیەکی شاراوە هەیە.**

3- **لەکاتی لێکۆڵینەوەی دەقە هەواڵیەکان دا ئەبێ ناوەڕۆکە گرنگ و تازەکان لەبابەتە کۆنەو دووبارە بووەکان جیا بکرێنەوەو لایەنە تازەکانیان بەرجەستە بکرێت.**

4- **لەوکاتی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی هەواڵدا ئەبێ وریایی هەبێت. ئەو پەیامنێرەی کەلە هەواڵێکی بچوکدا تووشی هەڵە ئەبێت, بۆ هەواڵی گەورەتر ئەبێ بەگومانەوە سەیری هەواڵەکەی بکرێت, بۆیە پێویستە هەموو هەواڵەکانی تری بەوورياییەوە هەڵسەنگێنرێ. نابێ ئەوە لەیادکەین کەڕێگرتن لەهەڵەیەکی بچوک و کەم بایەخ ڕێگە لەهەڵەی گەورەتریش ئەگرێ و ئەگەر بە هۆشیاری تەواوەوە کاربکرێت، هەرگیز هەڵە روونادات.**

5- **پاراستنی خەسڵەتی راستەقینە بوونی هەواڵ گرنگترین ئەرکی راگەیاندنەکانە. هەر بۆیە ئەبێ هەڵسەنگاندنی هەواڵ بەم خەسڵەتەوە ببەسرێت, باشترین سەرمەشقی راستەقینە بوونی هەواڵ پەیڕەو کردنە لەم دەستورە( وەکو خۆیان سەیری شتەکان بکەن, هەوڵ بدەن وەکو چۆن بينیوتانە باسیان لێوە بکەن)**

**گومان لەوەدا نی‌یە جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە تەمەنێك ئەزموونی پێویستە. ئەزموونێك کە(( بینین, فێربوون, بەکارهێنان و فێرکردنی خەڵکانی دی)) ببێتە دروشمی هەمیشەیی. لێرەدا بەپێویستی ئەزانین پاش ئەم بابەتە باس لەو کێشەو بەربەستانە بکەین کەئەبنە هۆی بڵاو نەبوونەوەی هەواڵێك.**

**ئەو بەربەست و ڕێگرانەی کەناهێڵن هەواڵەکان پەخش بکرێنەوە**

ئەو هەوالانەی کە لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە ئەگەنە بەردەستی چاپەمەنیەکان, پێش ئەوەی بۆ چاپکردن هەڵبژێرێن, بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەکرێ بۆ ئەوەی هەر هەواڵێك کەناشێ بلاوبێتەوە یان بلاوبونەوەی قەدەغەیە جیا بکرێتەوەو بلاو نەکرێتەوە. گرنگترین بەربەستەکانی ڕێگەی بلاونەبوونەوەی هەواڵ ئەمانەن.

1- قەدەغەکردنی یاسایی:

لە ولاتانی دونیادا هەندێ یاسای چاپەمەنی دانراون کەڕێگرن لە بلاوبونەوەی هەندێ هەواڵو ئەگەر بلاوکراوەکان لەو یاسایانە لادەنو ئەو هەوالانە بلاو بکەنەوە, ئەوا تووشی سزای یاسایی ئەبن. بەشێوەیەکی گشتی لەیاساکانی چاپەمەنیدا بلاوکردنەوەی ئەم سێ هەواڵەی خوارەوە قەدەغە کراون:

- نهێنیە سەربازیو سیاسیەکان وئەو بابەتانەی کەسەربەخۆیی ولاتو یەکپارچەیی خاكو ئاسایشی ولات ئەخەنە مەترسییەوە.
- ئەو بابەتانەی کەئارامیو ئاسایشی کۆمەڵگا تێك ئەدەنو دابو نەریتو رای گشتی بریندار ئەکەن.
- ئەو بابەتانەی کەژیانی تایبەتی هاولاتیان ئەخەنە مەترسیەوەو ڕێزوکەرامەتو ئارامی خێزانەکان لەکەدار ئەکەن.

جگە لەو قەدەغە کردنە یاساییانەی کەباسیان لێوە کراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی پەیڕەوییان لێ ئەکرێ, هەندێ جار لەبەر یاساکانی حکومەتی سەربازی هەندێ یاسای کاتی بۆ ئەم مەبەستە دەرئەچنو ڕێگە لەبلاوبونەوەی کۆمەڵە هەواڵێکی تر ئەگرن.

2-بەرژەوەندی گشتی:

هەندێ جار با هیچ جۆرە قەدەغە کردنێکی یاسایش لە ئارادا نەبێت، کەچی ڕۆژنامەنووسەکان لەبەر کۆمەڵێ بەرژەوەندی جیاجیا، هەندێ هەواڵ بلاوناکەنەوە. بلاونەبوونەوەی ئەو هەوالانە جاری وا هەیە لەبەر خاتری هەواڵدەرەکانەو جاری واش هەیە بەهۆی ناوەرۆکی هەواڵەکەوەیە.

زۆر جار سەرچاوەکانی هەواڵ کۆمەڵە نهێنییەك بۆ پەیامنێرەکە باس ئەکەن، بەلام حەز ناکەن بلاوبکرێتەوە، لەم حاڵەتەدا پەیامنێرەکان لەبەر پاراستنی (نهێنی پیشەیی) یانو لەبەر لەدەست نەدانی سەرچاوەی هەواڵەکانیان، کە لەوانەیە جارێکی تر کاریان پێ بێت، زانیارییەکانی بەردەستیان بلاوناکەنەوە، جاری واش

هەیە هەواڵێك ئەدرێ بە رۆژنامەکە، بەڵام سەرچاوەکە داوا ئەکات تا کاتێکی تر بڵاوبونەوەی رابگیرێ.

هەندێ جار سروشتی هەواڵەکە وایە ئەگەر بێت و بڵاوبێتەوە، لەوانەیە ئاشتی جیهان، هاوسەنگی ئابووری، ناوبانگی و ئارامی خەڵك و ڕێکخراوەکان، بخاتە مەترسیەوە. هەر بۆیە پێویستە بەوردی ئاسەواری پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و کاردانەوەکانی بەرامبەری لەبەر چاو بگیرێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە ئەیانەوێ لەسەر بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان بڕیاربدەن، پێش هەر شتێك ئەبێ لە خۆیان بپرسن ئایا ئەتوانن هەموو شتەکان بخەنە ڕوو؟ئایا بەرژەوەندی کۆمەڵ وا ئەخوازێ ئەو هەواڵانە بڵاوبکرێنەوە؟ ئەو هەواڵانەی کە بڵاوئەکرێنەوە چی کاردانەوەیەك دروست ئەکەن و ئەنجامەکانیان چی ئەبێت و بڵاونەکردنەوەی هەندێ هەواڵ و شاردنەوەیان لەخەڵك چی زیانێك و چی مەترسیەکی لێ ئەکەوێتەوە؟ هەر لەبەر ئەمەیە لەو حاڵەتانەدا کە بەرژەوەندی یە جیاجیاکان باسیان لێوە ئەکرێ ، پێویستە لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکاندا وریایی پیشان بدرێ. بەڵام نابێ لەم زەمەنەدا زیادەڕۆی بکرێت، چونکە هەندێ جار بڵاونەبوونەوەی هەواڵێك ئاسەواری ناپەسەندی لێ ئەکەوێتەوە.

3-فشاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری و پیشەیی:

هەندێ جار هەلو مەرجی تایبەتی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیان جۆرێکە کە خوێنەران کاتێك هەواڵێك ئەخوێننەوە بێزار ئەبن هەر بۆیە رۆژنامەنووسەکان ناچارن ئەو هەواڵانە بڵاونەکەنەوە.بۆ نمونەئەو بابەتانەی کە لەوڵاتێکی پیشەسازیدا بڵاو ئەکرێنەوە لەوانەیە بۆ وڵاتێکی دواکەوتوو کەبارودۆخی مێژوویی و ئاینی و داب و نەریتێکی تایبەتی هەیە, نەشێن. هەربۆیە بڵاوکردنەوەیان زیان بەخش ئەبێت. زۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتی وەك پەیوەندی لاوان, داب و نەریتی کۆمەڵایەتی تایبەت, بیرو بڕوای ئاینی لەم بارەوە حەساسیەتێکی زۆریان هەیە, هەر بۆیە لەکاتی بڵاوکردنەوەیاندا ئەبێ بەئاگابین. هەندێ جار بۆئەوەی یاسایەك یان بڕیارێك لەبارەی بڵاونەکردنەوەی هەواڵ لەلایەن حکومەتەوە دەرچێ, رۆژنامەکان ئەکەونە ژێر فشاری ڕێکخراوە دەوڵەتی یان کەسایەتیە پایەدارەکانی دەوڵەتەوە ناچار ئەکرێن هەندێ هەواڵ بڵاونەکەنەوەو یان کەمتر بایەخی پێ بدەن و یاخود هەندێ بابەت لەسەر داخوازی ئەوان بڵاوبکەنەوە.

گومـان لـەوەدا نیـە لـەم حاڵەتانـەدا، ڕۆژنامـەنووس ئـەبێ بـەپێی ئـەو ئەرکـە کۆمەڵایەتیەی کەلەسەر شانیەتی, بڕیاری خۆی بدات.

ئەو فشارانەی کە ڕۆژنامـەنووس لەلایـەن خـزمو دۆسـتو هاوکـارو لێپرسـراوەکانی خۆیەوە ئەخرێتە سەری و داوای بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی هەندێ هـەواڵ و بابـەتی لێ ئەکـەن, خـۆی بـۆ خـۆی کۆمـەڵێ گیروگرفتـی زۆری بـۆ دروسـت ئـەکات.

گرنگترین جۆری فشار, ئەو فشارانەن کە لەڕێگەی دامو دەزگا ئابوری‌یە گەورەکانەوە ئەخرێنـە سـەریان. هـەروەها فشـاری خـاوەن ئاگاداریـەکان کاریگـەری زۆری لێ ئەکەوێتـەوە. ڕوو بەڕووبونـەوە لەگـەڵ ئـەم فشـارانەدا زۆر گرانـە, چـونکە ئەگـەر ڕۆژنامەکان بەپێی ویستی خاوەن ئاگاداری‌یەکان هەندێ هـەواڵ بڵاونەکەنەوە یان بڵاوبکەنـەوە, ئـەوا خـاوەن ئاگاداریـەکان چیتر ئاگاداریـەکانیان بـۆ ئـەم ڕۆژنامانـە نانێرنو بەمەش گەورەترین زیانی ئابوری لە ڕۆژنامەکانیان ئەدەن.

4- کەمی کاتو شوێن

کەمی شوێن لە ڕۆژنامەکانو دیاری کردنی ستوونو لاپەڕەکانو کاتی دیاری کراوی پەخشـی رادیـۆو تەلەفیزیۆنـەکان, گرنگترین گرفتـی بڵاونەبونـەوەی هەواڵـەکانن. ئـەم کەمی کاتو شوێنەش لە هەڵبژاردنی هەواڵەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە.

وەك وتمـان راگەیاندنـەکان ڕۆژانـە سـەدان هـەواڵی هەمـە جۆریـان لەسەرچـاوە جیاجیاکانـەوە پێـدەگات، ئەگـەر بیانـەوێ هـەمووی بڵاوبکەنـەوە چـەندین لاپـەڕەو سەعاتی ئەوێ, ئەمە جگە لـەوەی ڕۆژنامـەکان شـوێنی زۆریـان نی‌یـەو کـاتی ڕادیـۆو تەلەفیزیۆنـەکانیش دیـاری کـراون. هـەر بۆیـە ڕاگەیاندنـەکان لـەنێوان ئـەو هـەموو هەواڵانەداتـەنها ئەوانـەی کـە پێویسـتن, هـەڵ ئەبـژێرنو پاشـان بەلەبـەر چـاوگرتنی گرنگـی هەریەکـەیان لـە( سـەرەوە, ناوەڕاسـت یـان خـوارەوە)ی لاپـەڕەکـەدا چـاپی ئەکەن....

کـاتو شـوێن بـۆ ئاژانسـەکانی دەنـگو باسـیش گرنگـی خۆیـان هەیـە, چـونکە لـە تـۆڕێکی هـەواڵی تایبەتیـدا لەسـەر شـەپۆلێکی دیـاری کـراوو لەیـەك کاتـدا هـەواڵ بـۆ ئـەمریکا, ئۆروپـا, ئافریقـا, ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت, ڕۆژهـەڵاتی دور, ئـەنێرن وتـەنیا لەتواناشیاندا هەیە ژمارەیەکی دیاری کراویان پەخش بکەنەوە.

ئاژانسی ئاسۆشیەیتد پرێس ڕۆژانە لە 7500هاوکاری خۆی لەسەرانسەری دونیـادا زیاتر لە 5 ملیۆن وشە وەرئەگرێو تەنیا 100 هەزار وشـە یـان لێ بڵاو ئەکاتـەوە. بـەم جۆرە ناچارن 80٪ هەواڵە هاتووەکان بخەنەلاوە.

لەكاتی دیار كردنی شوێنی بڵاوكردنەوەی هەواڵ لە رۆژنامەكاندا، ئەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین كەوا ژمارەی لاپەڕەكان دیاری كراون, ئەو شوێنە دیاری كراوانەش بەشێكی زۆریان بۆ بڵاوكردنەوەی ئاگادارییەكان دیاری كراون. بەم جۆرە بڵاوبونەوەی هەواڵ ڕووبەڕووی داشكاندن دێتو رۆژنامە نووسەكانیش ناچارن لەنێوان ئەو هەموو هەواڵەی كەدێتە بەردەستیان بەگوێرەی ئەو شوێنانەی كەماونەتەوە, بابەت هەڵبژێرن. لێرەدا بەناچاری هەندێ لە هەواڵەكان كورت ئەكەنەوە هەندێكی تریان بەتەواوی لائەدەن. رۆژنامەی (( نیویورك تایمز))ی ئەمریكی كەباشترین رۆژنامەی رۆژانەی دونیایە هەر رۆژێك 200 هەزار وشەی هەواڵ لەلاپەڕە جیاجیاكانیدا بڵاو ئەكاتەوە, ئەوە لەكاتێكدا رۆژانە زیاتر لە 500 هەزار وشەی لەئاژانسەكانو پەیامنێرەكانی خۆیەوە بۆدێت, بۆیە ناچارە لەبەر نەبوونی شوێن 300 هەزار وشە بەلاوەنێ. ئەبێ بزانین لە قۆناغی هەڵبژاردنی هەواڵدا مەسەلەی گرنگ ئەوە نییە كە چۆن بڕیار لەسەر بڵاوبونەوە یان بڵاونەبونەوەی هەواڵێك ئەدرێ, بەڵكو گرنگترین مەسەلە ئەوەیە كەبتوانرێ ڕێژەی گرنگی ئەو هەواڵە دیاری بكرێت وبەو پێیەش لەلاپەڕەكاندا شوێنی بۆ دابین بكرێ. چونكە لەهەر رۆژنامەیەكدا تەنیا لاپەڕەی یەكەم هەیەكە هەواڵە گرنگەكانی تێدا دابنرێ. بۆیە ئەو هەواڵەی كە لەلاپەڕەی یەكەمدا بڵاوئەكرێتەوە بە گرنگترین هەواڵی رۆژ دائەنرێو هەواڵەكانی تر لەبەر ئەوەی لەوێدا جێگایان نابێتەوە ئەبنە هەواڵی پلە دوو لەبەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنەكانیش دا هەروایە, چونكە ئەو هەواڵانەیكەلەسەرەتای هەواڵەكاندا ئەخوێنرێنەوە بەگرنگترین هەواڵ دێنە ژماردنو ئەو هەواڵانەی كەلەدوای ئەوەوە دێن گرنگییەكەیان كەمترە. هەر بۆیە ئەگەر كۆمەڵێ پێوانە نەبن بۆ دیاری كردنی هەواڵی گرنگ, مەسەلەی هەڵبژاردنو پێشخستنو دواخستنی هەواڵەكان هیچ كات بە شێوەیەكی باش چارەسەر ناكرێت.

## چاوپێكەوتن( Interview )

چاوپێكەوتن جۆرێكە لە هەواڵگیری ڕاستەوخۆ كە بەهۆیەوە بیروڕای كەسایەتیە گرنگەكانی كۆمەڵگا, یان ئەندێشەی خەڵكی كوچەو بازاڕ لەبارەی بابەتە جیاجیاكانی رۆژەوە دەست ئەكەوێ. لەزمانی كوردیدا گەلێ جار ( دیمانە, دیدار, وتووێژ, هەڤ پەیڤین...) یپێ ئەوترێو رۆژنامەو گۆڤارە كوردییەكان هەرجارەی

یەكێك لەو زاراوانەی بۆ بەكاردێنن. هەندێ جار چاوپێكەوتنەكە بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری تایبەت ئەكرێ كە لەكەسی بەرامبەرە, پەیامنێر لەرێی پەیوەندی كردن بەو كەسەوە زانیاریەكان ئەخاتە بەردەستی خەڵك.

خوێنەران, بیسەرانو بینەرانی T.V لە رێگەی پەیامنێرەكانەوە لە بیروبۆچونو زانیاریو تایبەتمەندیەكانی كەسایەتیەكان ئاگادار ئەبنەوە.

ئەركی رۆژنامەنووس ئەوەیە قارەمانی سەرەكی هەواڵێك یان رووداوێك بدۆزێتەوەو گەلێك پرسیاری لێ بكات, وەڵامەكانی بنووسێتەوەو لەگەڵ كۆمەڵێ زانیاری لەسەر كەسایەتیەكەو ئەگەریش كرا چەند وێنەیەك بخاتە پێش چاوی ئارەزوومەندان. لەڕاستیدا ئەو كەسەی كەدیدارەكە ساز ئەدا, لەنوێنەرایەتی ئەو خەڵكانەوە پرسیارەكان ئاڕاستە ئەكات, كەناتوانن راستەوخۆ چاویان بەو كەسە بكەوێ.بۆیە ئەو رۆژنامەنووسە ئەبی گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بكات كەخوێنەران حەز لەزانینی ئەكەن. چاوپێكەوتن گرنگترین رێگەی دەست كەوتنی هەواڵە ژمارەیەكی زۆر لە رۆژنامەنووسان ئەم رێگە ئەگرنە بەر (( ئەمیل لودویك))ی ناودار ئەڵێ (( سەرنج راكێش ترینو خۆشترین جۆری هەواڵە)).

هەندێك لایان وایە چاوپێكەوتن تەنیا تۆمار كردنو پەخشی وتووێژێكی ئاساییەو هەموو كەسێك ئەتوانێ پەیوەندی بە كەسێكەوە بكاتو بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی كە رۆژنامەنووسەكە پێی گەیشتووە. جگە لەوەی كە چاوپێكەوتنی راستەوخۆی كەسایەتیەكە بۆ خەڵكی ئاسایی ئاسان نیيە, سازدەری چاوپێكەوتنەكە ئەبێ تایبەتمەندی دیارو شارەزایی پیشەیی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامێكی بەنرخو سەركەوتووی لە چاوپێكەوتنەكە دەست كەوێ.

1- بۆ چاوپێكەوتن ئەكەین؟

چاوپێكەوتن هەم لە رۆژنامەنووسیدا و هەم لەزانستی كۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیدا سودی لێ وەرئەگیرێ, بۆیە خراپ نیيە سودی ئەم جۆرە پەیوەندیيە راستەوخۆیانە بزانینو وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە كەبۆ چاوپێكەوتن ئەكەین؟

جی. دەبلیو. ئالپۆرت نووسەری ئەمریكی بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەداتەوە (( ئەگەر نەزانین خەڵك چۆن هەست ئەكەن, ئەزموونەكانیان چیيە, بیر لەچی ئەكەنەوە سۆزو ئارەزوەكانیان چۆنە, هۆكاری كردەوەكانیان چیيە؟ بۆچی لەخۆیان نەپرسین؟))

کەواتە ئەگەر بمانەوێ ئاگامان لە تێڕوانین و شارەزایی و هەست و نەست و خواست و ئارەزوو و پلانەکانی ئایندەی، خەڵکانی تر بێت. یان بمانەوێ هۆکاری کارەکانیان بزانین، باشترین و کورت ترین ڕێگا ئەنجام دانی گفتوگۆی راستەوخۆیە.
ئەو چاوپێکەتنانە نەك هەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تێڕوانینی خەڵکی گرنگن بگرە لەم ڕێگەوە بیروڕای ئەو کەسەمان لەسەر دەوڵەت و حزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی یەکانی تریش بۆ دەرئەکەوێ.
2- هەڵسەنگاندنی چاوپێکەوتن:
زۆر جار چاوپێکەوتن بۆ ئەوە ئەکرێ تاکو بیروڕاو شارەزایی کەسێکی دیاری کراو لەسەر بابەتێك بزانین. بۆ نموونە ئەتوانین بە ئەنجام دانی چاوپێکەوتنێك بیروڕای کەسێکی سیاسی لەسەر بابەتێکی سیاسی یان بیروڕای خەڵك لەسەر بڕیارێکی دەوڵەت، بزانین.
ئەو کەسەی دیمانەکە ساز ئەدا لەبەر ئەوەی خۆی ڕووداوەکە یان بابەتی باسەکەی نەبینیوە، ناتوانێ راستی قسەکانی بەرامبەرەکەی پشت ڕاست کاتەوە، لەوانەیە کەسی بەرامبەر لەبەر هەندێ هۆی وەك: بەرژەوەندی تایبەت، نیاز پیسی، حەزی درۆکردن، فشەکردن و ترس، ڕاستیەکان نەدرکێنێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە جگە لەچاوپێکەوتن هیچ ڕێگەیەکی تر نی یە تاکو بیروڕاو زانیاری یەکانی ئەو خەڵکە بزانین.
هەندێ ڕێگەی زانستی هەن کە ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ لەڕێگەیانەوە قسەکانی بەرامبەری هەڵسەنگێنێ، بەڵام لەبەر کەمی کات کارێکی عەمەلی نی یە. کەچی ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ لەڕێگەی گەڕان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتیەکانی کەسی بەرامبەر تا حەدێك لەراستی و ناڕاستی قسەکانی ئەو دڵنیا بێتەوە، بۆ نموونە هەر کاتێك بەڵگەیەك هاتە دەست ئەوە پیشان بدات کەکەسی بەرامبەر ئەم چاوپێکەوتنە ئەکاتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕێزو حورمەت خۆ شیرین کردن و سەرگەرم کردنی خەڵکی پێ وەدەست بێنێ، ئەبێ گومان لەقسەو باسەکانی بکرێ.
بەکورتی ئەگەر بارودۆخەکە ئەوە پیشان بدات کەلایەنی بەرامبەری گفت وگۆکە کەوتوەتە ژێر کۆمەڵێ فشاری ڕۆحی و شەخسی یان کۆمەڵایەتیەوە، یان بەرژەوەندی شەخسی لەدیدارەکەدا هەیە، ئەبێ هەوڵ بدرێت بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەبابەتی دیدارەکە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی تردا بکرێت بۆ ئەوەی بابەتەکە دەوڵەمەند

بکرێت‌و بیسەرو بینەرو خوێنەرەکانیش بکێشرێنە ناو بابەتەکەوەو راستی‌و بەهای قسەکانی کابرای بەرامبەر دەربخات.

3- گرنگی چاوپێکەوتن لەنێو جۆرەکانی هەواڵدا:

چاوپێکەوتن لەزۆر ڕووەوە بۆ ئەو کەسانەی کەسود لەڕاگەیاندنەکان وەرئەگرن بەنیسبەت ڕۆژنامەوە گرنگە:

یەکەم/ قسەکانی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە, چیرۆکی هەواڵەکە زیندوو ترو سەرنج ڕاکێش تر ئەکات. وەك ئەوە دێتە بەرچاو کەئەو کەسە وەڵامی پرسیاری یەك بەیەکی خوێنەران بداتەوەو وتووێژی ڕاستەوخۆیان لەگەڵدابکات.

باس کردنی شوێنی چاوپێکەوتنەکەو دۆخی دەروونی شەخسی بەرامبەرەکە, هەستێکی وا لای خوێنەرەکان دروست ئەکات وەك ئەوە وایە کە خۆیان لەوێن. بەڵام لە(T.V) دا ئەم مەسەلەیە جیایەو بینەران هەردوولای هەڤ پەیڤینەکە ئەبینن. هەر بۆیە هەوڵ ئەدرێ چاوپێکەوتنەکە لەشوێنی کار یان ماڵی ئەو کەسەدا ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی بینەران شوێنی دیدارەکە ببینن.

دووهەم/ ئەو ڕووداو و باس‌و ڕونکردنەوەو بیرو ڕایانەی کەلەلایەن کەسێکی ناسراوەوە لە ڕێگەی دیدارەکەوە ئەخرێنە ڕوو, لەنووسینی کەسێکی نەناسراودا زیاتر کار ئەکەنە سەر خوێنەران‌و بیسەران.

دۆزینەوەکان, داهێنانەکان, ڕێبازە تازەکانی زانست‌و هونەر, بەرنامە تازەکان, ئەو درامایانەی کەهێنراونەتە بەرهەم‌و هەموو ئەو هەنگاوانەی کەسەرکەوتنیان بەدەست هێناوە یان بەجۆرێك لەکۆمەڵدا باسیان لێوە ئەکرێ, ئەگەر لەزمانی خودی ئەو کەسانەی کەتێیدا بەشداربوون باس بکرێت زۆر سەرنج ڕاکێش ترو خۆشتر ئەبێ.

سێیەم/ لە هەموو حاڵەتەکاندا چاوپێکەوتن بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەر گرنگ و بەسود و کاریگەرە. جا ئەو چاوپێکەوتنە چی بۆ ئاگادار کردنەوە بێت لەسەر بابەتێکی دیاری کراون یان بۆ فراوانکردنی زانیاری بێت لەسەر ئەو بابەتە و یاخود بۆ ناساندنی کەسێك و یان بۆ سەرگەرم کردن... گرنگ ئەوەیە سود بەخش بێت.

هەر لەبەر ئەمەشە دیدار و چاوپێکەوتن هەمیشە لەلایەن خەڵکەوە خواستی لەسەرەو نابێ بە هیچ جۆرێك ڕۆژنامەنووسەکان لەباشی‌یەکانی غافڵ بن و نابێ ئەو هەلانەی کە بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتنێك دەرەخسێت، لەدەستی خۆیانی دەربکەن.

**تەكنیكی چاوپێكەوتن**

مەبەست لە تەكنیكی چاوپێكەوتن، ئەو ڕێگایانەیە كە بۆ ئەنجام دانی چاوپێكەوتنێك ئەگیرێنە بەر. لە قۆناغی یەكەم دا دیاری كردنی كەسی بەرامبەر و پاشان ئەنجام دانی گفتوگۆكەو لە قۆناغی دووهەم دا چاوپێخشانەوەو بڵاوكردنەوەی دیدارەكە.

تەكنیكی چاوپێكەوتن بە گوێرەی هەل و مەرجی جیای ئەو كەسەی چاوپێكەوتنەكەی لەگەڵدا ساز ئەدرێ، ئەگۆڕێ. ئەو وتووێژەی كەلەگەڵ كەسێكدا ئەكرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ ڕووداوێك جیایە لەو دیدارەی كەبەمەبەستی وەرگرتنی بیروڕاكەی ئەكرێت، وتووێژكردن لەگەڵ كەسێكی ئاسایی كۆمەڵ جیایە لەگەڵ وتووێژكردن لەگەڵ زانایەك.

هەندێ دیدار هەن كاتێكی زۆریان ئەوێ، بەڵام دیداری وا هەیە پێویستە زۆر بەخێرایی ئەنجام بدرێ. هەر بۆیە دیدارەكان جیاوازن. چاوپێكەوتن لەگەڵ بریندارێكی شەڕ كە لەسەرەمەرگدایە جیایە لەگەڵ پاڵەوانێكی سەركەوتووی شەڕ، كە ئامادەیە بە سەعات لە بارەی ئازایەتی خۆی قسەت بۆ بكات.

كەواتە پلە و پایەی كەسایەتیەكان و مەسەلە جیاجیاكانی تر تا حەدێكی زۆر ئەتوانن شێوەو شێواز و هەلومەرجی چاوپێكەوتنەكان دیاری بكەن. بەڵام لە هەموو حاڵەتەكاندا سەركەوتنی ڕۆژنامەنووسەكە بەندە بە دوو شتی سەرەكیەوە: یەكەم: چاوپێكەوتنەكە پێشتر نەخشەی بۆ داڕێژرابێت. دووەم: گفتوگۆكە بە شێوەیەكی جوان و شایستە بەڕێوە بچێت.

چاوپێكەوتنەكە ئەگەر لەگەڵ كەسێكی سادەی پیشەوەردا بوو ئەوا تەكنیكی دیدارەكەش سادە و ئاسان ئەبێ، چونكە پرسیارەكان سادەو ئاسانن و كاردانەوەی بەرامبەرەكە سادەو ئاشكرایە. بەڵام ئەبێ ئاگامان لەو بێت، ئەگەر ئەو چاوپێكەوتنە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای خەڵكەكە بێت، ئەبێ ئەو كەسانە دەربڕی ڕای گشتی خەڵك یان گروپێكی تایبەتی كۆمەڵایەتی بن.

1- ئامادەكردنی چاوپێكەوتن:

بەم قۆناغانەی خوارەوە چاوپێكەوتن ئامادە ئەكرێت: وەرگرتنی وادەی چاوپێكەوتن. دیاری كردنی بابەت. ئامادەكردنی پرسیارەكان. چاوپێخشانەوەی بابەتەكە. ڕێكخستنی پرسیارەكان،. ڕاشكاویی پرسیارەكان. ناسینی لایەنی بەرامبەری وتووێژەكە.

- I وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن: هەر کاتێك ڕۆژنامەنووسێك بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی دۆزیەوەو پێویستی کرد چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی گرنگی ناوخۆیی یان نێو دەوڵەتی دا بکات و زانیاری زیاتری لەسەر کۆبکاتەوە، هەنگاوی یەکەم ئەبێ بیر لەدانانی وادەیەك بکاتەوە. هەرچەندە زۆربەی کەسایەتیەکان حەز ئەکەن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا چاوپێکەوتن ساز بکەن، کەچی هەندێکی تر هەن بە ئاسانی نایەنە سەرهێڵ و لەبەر هۆکاری جیاجیا خۆیان ئەدزنەوە. بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەبێ وای دابنێین کە بەرامبەرەکە بەو چاوپێکەوتنە ڕازی نیەو پێویستە هەوڵ بدرێ قەناعەتی پێ بهێنرێت. ئاساییە وادە وەرگرتن بۆ چاوپێکەوتن بە قسەی خۆش و وشەی شیرین نەبێ سەر ناگرێ، ڕۆژنامەنووس ئەبێ بە زمانێکی خۆش و شیرین و کۆمەڵە وشەیەکی شایستە و گونجاو پرسیارەکانی بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی وەڵامی پۆزەتیڤ وەربگرێتەوە.

بۆ نمونە ئەگەر لەکاتی داخوازی دیدارەکەدا بوترێ: ((ئایا حەز ناکەیت لەبارەی .. وەڵامی پرسیارەکانی من بدەیتەوە؟)) لەبەرئەوەی پرسیارەکە بەنێگەتیڤ دەستی پێکردوە، حەتمەن وەڵامێکی نێگەتیڤ ئەدرێتەوە.

پرسیارەکە ئەبێت بە جۆرێك بکرێت لایەنی بەرامبەر بیەوێ یان نەیەوێ وەڵامی پۆزەتیڤی بداتەوە. بۆ نمونە ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ بەم شێوەیە داوای دیدارەکە بکات:

((سەڵاو! من پەیامنێری .. خوێنەرانی ئێمە زۆر حەز ئەکەن بیروڕای جەنابتان لەسەر.. بزانن. داواکارم خۆتان کاتێکمان بۆ دیاری بکەن تاکو بێینە خزمەتتان و دیدارێکتان لەگەڵدا ساز بکەین.))

هەرچەندە شێوازی قسەی ڕۆژنامەنووسەکە بە ئەدەبانەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا فەرمانیشەو هیچ بوارێك بۆ بەرامبەرەکە ناهێڵێتەوە تاکو خۆی بدزێتەوە لە دیدارەکە. دوای تەواو بوونی ئەو قسانە ئەبێ پەیامنێرەکە بە جۆرێك خواحافیزی لە کابرا بکات وای لێبکات بەشەوقەوە چاوەڕێی ڕۆژی دیدارەکە بێت و ڕێ و شوێنی دیدارەکە زیاتر ئامادەکات.

- II دیاری کردنی بابەت: پێویستە بەباشی بابەتی دیدارەکە بناسرێت. ڕۆژنامەنووس ئەبێ بزانێ دوای چی بابەتێك کەوتووەو چی لەلایەنی بەرامبەرەکەی چاوەڕوان ئەکات. ئەگەر سازدەری چاوپێکەوتن پێش وەخت

نەزانیٚمەبەستی چییە بە نائاگایی و ناشارەزایی بچێتە بەردەم بەرامبەرەکەی، بەهیچ جۆرێك لە کارەکەی دا سەرکەتوو نابێ و ئەو زانیاریانەی کەبەدەستی دەهێنێ کەم بایەخ و بێ مانا دەرئەچن.

- IIIئامادەکردنی پرسیارەکان: بۆ ئەوەی بابەتی چاوپێکەوتنەکە بە تەواوی ئاشکرا بێت، وا باشترە پەیامنێرەکە پێشتر پرسیارەکانی ئامادە کردبێ. هەڵبەت هەندێ پرسیاری تر لەکاتی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا سەر هەڵ ئەدەن کە پێشتر دانەنراون. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم جۆرە پرسیارە کاتیانە کەم ببنەوە، پێویستە ڕۆژنامەنووس لای خۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بە پۆزەتیف و نیگەتیف بداتەوەو لەناو وەڵامەکانی خۆیدا بۆ پرسیاری نوێ بگەڕێ.
- IVڕاشکاویی پرسیارەکان: پرسیارەکانی پەیامنێر ئەبێ ئاشکراو ڕاشکاو بن، ئەگەر پرسیارەکان شاراوەو ناڕەساو تاریك بن، بەرامبەرەکەش وەڵامی شاراوەو ناڕەساو تاریك ئەداتەوە. هەر چەندە پرسیارەکان سادە و ڕەوان بن، توانای هەڵهاتن لە وەڵامدانەوەی راشکاودژوار ئەبێت و بەرامبەرەکە ناچارە وەڵامی تەواویان بداتەوە.
- V خوێندنەوەی پێشووی بابەتەکە: ڕۆژنامەنووس ئەبێ پێشتر لەو بابەتەی کەئەیەوێ چاوپێکەوتنی لەسەر بکات بکۆڵرێتەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەگەر لەسەر ڕووداو یان کردارێك بێت کەلەلایەن بەرامبەر زانیاری تەواوی لەسەری هەبێ زۆر سادە و ئاسان ئەب، تەنتیا ئەوە بەسە کە لە فایلی ڕووداوەکە بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی زانیاری سەرەتایی دەست بکەوێ. بەڵام ئەگەر بابەتی چاوپێکەوتنەکە ئەوە بێت کە بیروڕای کەسێك لەسەر ڕووداوێك بزانرێت، ئەو کاتە کاری لێکۆڵینەوەکە دژوار ئەبێت. لێرەدا جگە لەسەیرکردنی پێشینەی مەسەلەکە لە ڕۆژنامەو بەڵگەنامەو ئەرشیفەکان، ئەبێ بیروڕای کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەسەر هەمان بابەت وەربگیرێت بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکە بە شێوەیەکی شایستە بەڕێوە بچێت. هەر کاتێك چاوپێکەوتنەکە بە لێکۆڵینەوەیەکی پێشتر ئەنجام بدرێت، کەسی بەرامبەر هەست ئەکات سازدەرەکە کەسێکی شارەزایەو بگرە لەهەندێك لە زەمینەکاندا شارەزایی لە خودی خۆی زیاترە. لم حاڵەتەدا ئەو زیاتر حەزی لە قسەکردن ئەبێ و ئەو شتانەی کە ئامادە نییە لە ساتە ئاساییەکاندا و بۆ ڕۆژنامەنووسە سادەکان بیڵێ، بۆ ئەوی هەڵ ئەڕێژێ. ئەو ڕۆژنامەنووسەی کەبە لێکۆڵینەوەیەکی

پێشترەوە ئەچێت بۆ چاوپێکەوتن، وەك دادوەرێکی شارەزایە کە تاوانبارێك دادگایی ئەکات. ئەو پێشینەی هەموو مەسەلەکە ئەزانێ و هەموو ڕێگاکانی هەڵهاتن لەبەردەم تاوانبار دائەخات. ئەبێ تاوانبارەکە و پارێزەرەکەی بەناچاری هەموو تواناو شارەزایی و زانیاریەکانیان بخەنە گەڕ تاکو خۆیان لەدەستی بەڵگەو زانیاری‌یەکانی دادوەرەکە ڕزگار بکەن. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە ڕۆژنامەنووسەکە بەدوای دا ئەگەڕێ.

- VI ڕێکخستنی پرسیارەکان: سازدەری چاوپێکەوتنەکە ئەبێ پرسیارەکانی بە شێوەیەکی مەنتقی ڕێك بخات، واتە بەپێی ئامانجە شەخسی‌یەکانی خۆی پرسیارەکان ڕێك بخات کە هەر کۆمەڵە پرسیارێك لایەنی بەرامبەرەکە بۆ لای ئەو ئامانجە ڕاکێشێ. ئەبێ ڕێکخستنی پرسیارەکان بەلەبەر چاوگرتنی ئەو وەڵامانە بێت کەلەوانەیە بدرێنەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نی‌یە کە نەتوانرێ لەکاتی زەمینە خۆش بوون بۆ پرسیاری نوێ ئەو پرسیارە نوێیانە نەخرێنە ڕیزی پرسیارەکانەوە.
- VII کەسایەتی لایەنی بەرامبەری چاوپێکەوتنەکە: بۆ هەر گفتوگۆیەك جگە لە ناسینی وردو درشتی بابەتی چاوپێکەوتنەکە، پێویستە لایەنی بەرامبەری گفتوگۆکە زۆر بەباشی بناسرێت. ناسینی کەسی بەرامبەر یارمەتیەکی زۆری قۆناغەکانی گفتوگۆکە ئەدات. ناسینی بەرامبەر و شارەزایی لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەتوانێ چاوپێکەوتنەکە بە ڕێگەیەکی گونجاودا ببات.

ئەو زانیاریانەی کە پێویستە لەسەر بەرامبەرەکە بزانرێت بریتین لە ناوی تەواوی، ناوبانگ، کاری ئێستاو پێشووی، خواست و داخوازی‌یەکانی، ورەو ڕەوشتی. بەتایبەتی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کەلەکاتی وتووێژەکاندا ئەتوانرێ بۆ بەقسە هێنانی بەکاربێن. ئەگەر (کەسایەتی بەرامبەر). خاوەنی لێکۆڵینەوەو بەرهەم بێت ئەکرێ ئەو بەرهەم و لێکۆڵینەوانە بناسرێت و بخرێتە ڕوو و پێشتریش بخوێنرێنەوە. ئەگەریش هەڵگری بیروڕای تایبەت بێت ڕۆژنامەنووسەکە ئەبێ زانیاری لەسەر ئەو بیروڕایانە وەرگرێ. خۆ ئەگەر هاتوو بەرامبەرەکە سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ خزمەتکردنی شار یان وڵاتەکەی و یان بۆ جیهان پێویستە زانیاری لەسەر ئەو خزمەتانە دەست کەوێ.

بە شێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتنی گەورە ئەو چاوپێکەوتنەکەیە سازدەرەکەی لەهەموو لایەکی ئەو چاوپێکەوتنە شارەزا بێت و بابەت و کەسایەتی بەرامبەرەکە و

جۆری پرسیارەکان و پێشبینی وەڵامەکان و تەنانەت بابەتە لاوەکی و بچوکەکانیش بەکەم نەگرێ و ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی ئاسان لەسەر ئەم مەسەلەیە بهێنینەوە ئەتوانین ئەو فەرماندە سەربازی‌یانە بهێنینە پێش چاوی خۆمان کە پێش دەست کردن بە شەڕەکە شوێن و دۆخی دوژمن و هێز و تواناکانی شوێنی شەڕەکە بەتەواوی دیاری ئەکەن، ئەنجا بەلەبەر چاوگرتنی ئەو هۆکارانە دەست بەهێرش کردن یان بەرگری کردن ئەکەن. چەندە خۆ ئامادەکردن و زانیاری یەکان وردتر بن، سەرکەوتن مسۆگەر تر ئەبێ.

2-بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتن:

سازدەری چاوپێکەوتنەکە پاش خۆ ئامادەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری‌یە سەرەتاییەکان، بە خەیاڵی ڕاحەت دەست ئەکا بەجێ بەجێ کردنی قۆناغی سەرەکی و بنچینەیی چالاکیەکەی خۆی کە وتووێژکردنە لەگەڵ کەسە دیاری کراوەکە.

بەلام بەڕێوەبردنی گفتوگۆ کە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو هەنگاوانەیە کە پێشتر بۆ ئەم دیدارە نراون. بەتایبەت لەم قۆناغەدا ئەبێ هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکە لەبەرچاو بگیرێ بۆ کاردانەوە چاوەڕوان کراوەکانی چارەسەری گونجاو بدۆزرێتەوە.

لەبەرئەوەی هەرکەسێك خودی تایبەتی خودی هەیە، بۆیە ناتوانین هەڵسوکەوت و کاردانەوەی هەموو کەسەکان لەبەرامبەر ڕووداوە جیاجیاکاندا، پێش بینی بکەین. لەهەمانکاتدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرکەسێکدا -خاوەنی هەر خووڕەوشتێك بێت - کۆمەڵە ڕێگەیەك هەیە و ئەمەش پەیوەندی بە زیرەکی و شارەزایی سازدەری چاوپێکەوتنەکەوە هەیە کە بتوانێ لە بەرامبەر هەر کەسێکدا هەڵسوکەوتێکی گونجاو بکات یان ڕێگەیەکی گونجاو تر بۆ دیدارەکەی هەڵبژێرێ.

- I دەستپێکردنی ناڕاستەوخۆ: وا پێویست ئەکات زۆربەی دیدارەکان ڕاستەوخۆ دەست پێ نەکەن. واتە سازدەری دیدارەکە پێش خستنە ڕووی پرسیارەکانی، باس لە هەندێ بابەتی پەسەندی ڕۆژانە ئەکات، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرامبەرەکەی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

لەوانەیە گفتوگۆکە بەهەندێ قسەو باسی گەرم و دۆستانە دەست پێ بکات، بە جۆرێك هەر لەسەرەتاوە ئەو قسانە پەیوەندی‌یەکی باش لە نێوان هەردوولا دروست بکات و بەرامبەرەکە بۆ هەڤ پەیڤینێکی بەسوود ئامادەبکات. ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە کەسێکی قسە خۆش و ڕووخۆش بێت، هەرلەسەرەتاوە بە نوکتەیەك یان باسێکی

**خۆش ئەتوانێ پەردەی نێوان هەردوولا هەڵگرێ. بۆ نزیك کەوتنەوەو لادانی پەردەی نامۆیی نێوان هەردوولاو، سازدەری دیادرەکە ئەتوانێ باس لە خزمەتگوزاریی زۆرەکانی بەرامبەرەکەی بکات. بەرهەم و نووسینەکانی یان ئەو کارانەی کەئەنجامی داون، بابەتێکی باشە بۆ کردنەوەی دەرگای باس و خواس لە نێوان هەردوولا ڕاکێشانی سەرنجی کەسی بەرامبەر.**

**هەروەها لەوانەیە کەسی بەرامبەر خۆشەویستی و حەزی بۆ هەندێ کەس و شت هەبێ بێ گومان قسەکردن لەسەر ئەم شەخس و بابەتانە (هاوسەر و منداڵ یان وەرزش و هونەر) کابرا ئەخاتە حاڵەتێکی خۆش و کرانەوەوە، ئەمەش بۆ دەسپێکی چاوپێکەوتن زۆر گونجاوە.**

II.**هەبوونی تاکتیك** TAGT**: ڕۆژنامەنووس هەر لە دەستپێکی دیدارەکە تا ئەگاتە کۆتایی، ئەبێ تاکتیکی هەبێ. واتە خاوەنی هۆشیاری و زیرەکی‌یەکی وابێ بتوانێ لەگەڵ کات و شوێن و شەخسەکەی بەرامبەر، کۆمەڵە بابەتێك بێنێتە ئاراوە کەبەر دڵی بگرێت و ئارام و ساردی کاتەوە.**

**قسەیەکی نابەجێ لەوانەیە هەموو ڕیسی ڕۆژنامەنووسەکە بکاتەوە بە خوری و ئەو زەحمەت و هەوڵانەی کە بۆ ڕێکخستنی دیدارەکە و چاوپێکەوتنی کابرا داویەتی، بەفیڕۆ بچێ. تاکتیك توانایەکی شەخسی‌یەو هەندێ کەس هەیانەو هەندێکیش بێ بەشن لێی. بەڵام ڕەچاوکردنی ئەو مەسەلانەی کەلێرەدا خراونەتە ڕوو لەگەڵ ئەزموون وەرگرتن لە چاوپێکەوتنی کەساندا ئەم توانایە پەرە پێ ئەدا.**

**ناسینی کەسی بەرامبەری دیدارەکە و نرخی کات دوو هۆکاری گرنگن، نابێ لەکاتی چاوپێکەوتن دا لەبەرچاو نەگیرێن، بۆ نمونە رۆژنامەنوسێك کە پێشتر بەرامبەرەکەی نەدیوە ناتوانێ بە ئەحواڵ پرسی لەماڵ و منداڵەکەی دەست پێ بکات. بەرامبەرەکەشی نەناسراو بێت، بەڵام ئەگەر حەزی لە شاخەوانی یان ڕاوشکار کردن، ئەو کات لە نێوان هەردوولا ئارەزووی هاوبەش دروست ئەبێ..**

**لەلایەکی ترەوە، رۆژنامەنووس ئەبێ نرخی کات بزانێ، بۆ نمونە ئەگەر لەو کاتەدا سەردانی وەزیرێك یان بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بکات کەسەرقاڵەو کاتێکی دیاری کراوی بۆ چاوپێکەتنەکە دیاری کردووە، نابێ کاتەکە بەقسەی خۆش و بێ سود بەسەر بەرێ، چونکە لەوانەیە ئەم کات بەسەربردنە وەزیرەکە یان بەڕێوەبەرەکە بێزار کات و نەهێڵێ ڕۆژنامە نووسەکە پرسیارە سەرەکی‌یەکانی خۆی بخاتە ڕوو.**

کات ناسین بەجۆرێکی تر لێك ئەدرێتەوە. واتە قسە لەکاتی خۆی دا بکرێ. بۆ نمونە ئەگەر کەسیکی شایستە لەسەر کارەکەی لابرا و کەسێکی ناشایستە لە شوێنەکەی دانرا، نابێ لە پێش چاوی ئەودا باس لە کارو چالاکی‌یەکانی کەسی یەکەم بکرێت. چونکە ئەم کارە ئەبێتە هۆی بێزاری کەسی دووهەم. بگرە تەنانەت بە شێوەیەکی گشتی نابێ لە پێش کەسێکی لادراودا باس لە باشی‌یەکانی جێنیشینەکەی بکرێت، چونکە ئەبێتە مایەی دڵ ڕەنجاندنی کەسەکەی تر.

کەواتە زانینی ئەو بابەت و مەسەلانەی کەکەسی بەرامبەر حەزی لێیانە شتێکی گرنگە. هەرچەندە ئەم مەسەلانە بەمەسەلەیە لاوەکی دێنە بەرچاو، بەڵام ئەنجامی چاوەڕوان نەکراویان لێ ئەکەوێتەوەو ئەبێ ئاگاداری بن.

- IIIئاگاداربوون لە چۆنیەتی قسەکردن و هەڵسوکەوت: ڕۆژنامەنووس هەر لەسەرەتای دیدارەکەوە ئەبێ ئاگای لە گوفتار و کرداری خۆی بێت و جۆرێك هەڵسوکەوت بکات لایەنی بەرامبەر ناچار بێت ڕێزی لێ بگرێ.

سەنگینی و جوان بەکارهێنانی وشەی گونجاوو ڕێك و پێك پرسیارکردن، نیشانەی بەهێزی کەسایەتی پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسەکانن.

هەروەها زانینی جۆری کەسایەتی کەسی بەرامبەر و زانیاری گشتی و کۆمەڵایەتی کە بەرامبەر ناچار ئەکات وەڵامی پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان بداتەوە.

بە پێچەوانەشەوە، خراپ قسەکردن، قسە لە جێگەی خۆنەکردن، نەبوونی شارەزایی لەسەر بابەتەکەو نەناسینی کەسایەتی بەرامبەرەکە، ئەبنە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکە لەبەرچاوی بەرامبەرەکەی بچوك دەرکەوێ و گوێی پێ نەداو ئارەزووی بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان نەبێ.

پێویستە بزانین قسە خۆشی و خۆشمەشرەبی جیایە لە گاڵتە جاڕی و سوکی کەسایەتی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ئەیەوێ بابەتەکەی بە قسەی خۆش و شیرین دەست پێ بکات، نابێ لەناو قسەکانی دا وشەی نابەجێ و ناشرین و چیرۆکی بێ مانا بهێنێتەوەو هەر لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەی دا ڕێز و حورمەتی خۆی لەدەست بدات و ڕێگەی چاوپێکەوتنێکی باش لەخۆی داخات.

IV. دڵنیا کردنەوەی بەرامبەر: دڵنیاکردنەوەی بەرامبەر لەو هۆکارە گرنگانەیە کە یارمەتی ڕۆژنامەنووس ئەدا تاکو وەڵامی پڕ بە پێست و باش وەرگرێ. ڕۆژنامەنوس

ئەبێ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە، پەیوەندی دۆستانەو باشی هەبێ و لەو هاوڕێیەتیەش کە ئەیزانن یان بیری لێ ئەکەنەوە بە راشکاوی دەری ببڕن، ڕۆژنامە نووسەکان ئەبێ بۆ کەسی بەرامبەری بسەلمێنن کە ئەوان کەسێکی دەست پاك و راستگۆن، تاکو بتوانن لە زانیاری و هەواڵ و بیروڕای بەرامبەرەکەیان ئاگاداربینەوە. بۆ دڵنیاکردنی کەسی بەرامبەر ئەبێ ڕۆژنامەنووس نهێنی پارێزبێت و لە حاڵەتێکدا بلاوبونەوەی چاوپێکەوتنەکە زیانی بە بەرامبەرەکەی گەیاند پەخشی نەکاتەوە.

لەم حاڵەتەش دا ڕۆژنامەنووسەکە ڕوو بەڕووی دوو ڕەگەزی پێچەوانەی یەك ئەبێتەوە، یەکەم: بەدەست هێنانی زانیاری و هەواڵ و بلاوکردنەوەی – دووهەم پاراستنی نهێنی‌یەکانی سەرچاوەی هەواڵەکە و بلاونەکردنەوەیان.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەبێ بزانین یەکەمیان بەسەر دووهەمیاندا بالاترو ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەنووس بەدەست هێنانی هەواڵە، بەلام لە هەندێ کاتی تایبەتیدا ڕۆژنامەنووس ئەبێ لەنێوان پاراستن نهێنی هەواڵدەری‌یەکەو پێویستی کۆمەڵ بۆ زانینی ئەو هەواڵە یەکێکیان هەڵبژێرێ. ئەگەر هاتوو هەواڵدەرەکە یان ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە لە ڕووی دڵنیاییەوە باسی لە شتێك کرد و داوای لێکرد ئەوەیان بلاونەکرێتەوە، چونکە ئەبێتە هۆی لادانی لەسەر کارەکەی، لەو حاڵەتەدا نابێ هەواڵەکە بلاوبکرێتەوە– بلاونەکردنەوەی هەواڵێك لەسەر داخوازی هەواڵدەرەکە، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی هەواڵ بوو، بووەتە یاسایەکی گشتی لەکاری ڕۆژنامەنووسی‌دا. *هەرلەبەر ئەمەشە ئەڵێن لەدەست دانی هەواڵێك زۆر باشترە لەلەکیس چوونی سەرچاوەیەکی هەواڵ.*

بەلام ئەبێ بزانین زۆر بە کەمی ڕێگە بە بلاونەبوونەوەی هەواڵ ئەدرێ و پەیامنێر زۆرجار لەکاتی پێویست دا لە ژێر پەردەی ((سەرچاوەیەکی ئاگادار)) یان ((سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو)) یان ((بەرپرسێکی ڕێگەپێدراو)) هەواڵەکە ئەخاتە بەردەستی خەڵك. ئەمەش هیچ گرفتاری و کێشەیەك بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە دروست ناکات. بەهەر حاڵ دڵنیایی کردنەوەی لایەنی بەرامبەری چاوپێکەوتنەکە – تەنانەت ئەگەر بۆ یەك جاریش چاوپێکەوتنی لەگەڵ دا بکرێ– بۆ سەرکەوتنی دیدارەکە زۆر گرنگە، ئەو کەسەی کە دیداری لەگەڵ دا سازئەدرێ ئەگەر دڵنیا نەبێ لەسازدەرەکە، لەباسکردن و ئاشکرا کردنی زۆر بابەت کە بەزیانی ئەزانێ، خۆی ئەپارێزێ.

- V گـویٚ گـرتن لـه قسـەی بەرامبـەر و یاداشـت کردنیـان: بـۆ سـەرنج ڕاکێشـانی لایـەنی بەرامبـەری گفتوگۆکـە، ڕۆژنامـەنووس ئـەبێ بـە وردی گـوێ لـە هـەموو قسەکانی بگرێ و تەنانەت ئەگەر هەندێ لـە قسـەکانی بێ مانـاو کـەم نـرخیش بن ئەبێ بـە جـۆرێ هـەڵس و کـەوت بکـات بەرامبەرەکـە وابزانـێ کـە ئـەم حـەزی لەگوێگرتنی قسەکانی ئەوە.

ڕۆژنامـەنووس ئـەبێ هـەموو قسـەکانی بەرامبەرەکـەی تۆمـار بکـات. نووسـینەوەی قسەی بەرامبەرەکە ئەو هەستەی لا دروست ئەکات کە سازدەری دیدارەکە بەباشی گوێی بۆ رادێراوەو هـانی قسـەکردنی ئـەدا. هەنـدێ جـاریش نووسـینەوەی یاداشـت بەرامبەرەکـەی ترسـاندوەو نەیهێشـتووە ئـەو قسـانە بکـات کـە گـرنگترن و سـڵی کردوەتـەوە لـە دەربڕینـی زیـاتر. بۆیـە پێویسـتە ڕۆژنامـەنووس بزانـێ نووسـینەکانی چـۆن کـار لـە بەرامبەرەکـەی ئـەکات. ئەگـەر بەرامبەرەکـە حـەزی لـێ بـوو ئـەوە زیـاتر هـەوڵی یاداشـت کردنـی قسـەکانی بـدات، بـەڵام ئەگـەر پێچـەوانە دەرچـوو، ئـەوا ئـەبێ لەکاتی نووسینەوەی یاداشتەکاندا ئاگاداری ئەو لایەنە بێت.

VI. بێـدەنگی لایـەنی بەرامبـەر بشـکێنێ: هەنـدێ جـار سـەرەڕای ئـەو هـەوڵ و تەقەلایانـەی کـە ڕۆژنامـەنووس بـۆ وەرگرتنـی دیدارەکـەی داویـەتی، لـەکاتی چـاوپێکەوتنەکەدا لایـەنی بەرامبـەر ئامـادە نیـیـە ئـەو دیـدارە سـاز بـدات و هـیچ لێدوانێك نـادات. هەنـدێ جـار لایـەنی بەرامبـەر ئامادەیـە ڕۆژنامەنووسـەکە ببینـێ و وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانیشی بداتەوە، بەڵام ئامادە نیـیە وەڵامی هەندێ بابـەتی تریـان بداتـەوەو ڕای خـۆی لەسـەریان دەربڕێ. یاسـای گشـتی ئـەم حاڵەتانـە ئەوەیـە نابێ پەیامنێرەکە بەم کارە بێ ئومێد بێت و پاشەکشە بکات. ئەبێ ڕۆژنامـەنووس بـە هـەموو تواناکـانی بەردەسـتی و بـە هـەموو زیرەکیەکـەوە هـەوڵ بـدات بەرامبەرەکـەی نەرم بکات و ناچاری وتووێژەکەی بکات و بێدەنگیەکەی بشکێنی.

زۆر جـار ئـەم جـۆرە دیدارانـە ناخۆشـن، بـەڵام نابـێ ڕۆژنامـەنووس تـوڕە بێـت و کاردانەوەی توند لەگەڵ بەرامبەرەکەی دا بنوێنێ. چونکە توڕە بوون هەوڵـەکان تێك ئەشکێنێ و بەشەڕ و هەرا چاوپێکەوتن دروست نابێ.

بـەو حاڵەشـەوە ئەگـەر ڕۆژنامەنووسـێك سـەرەڕای هـەوڵ و تەقەلایـەکی زۆر ناکـام بـێ ئەکرێ لەو شکستەش هەواڵێکی سەرنج ڕاکێش دروست بکـات و لـە بەرەیـەکی تـردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. ئەو هەواڵەی کە ((ستیفن لـوزان)) پـێش چـەند سـاڵێك لـە جـەنگی جیهـانی دووەم لـە ڕۆژنامـەی ((لومـاتن))ی فەرەنسـی دا لـەژێر نـاوی ((چـۆن

چەمبرلن))م لەدەست دا، بڵاوی كردووە، نمونەیەكی دیاری ئەم سەركەوتنەیە. ((لۆزان)) لەسەر ئەو چاوپێكەوتنەی كە هەر نەیكرد هەرایەكی نایەوە.

- VII وێنەگرتنی كەسی بەرامبەر: لەو حاڵەتانەی كە چاوپێكەوتن لەگەڵ كەسێك دا ئەكرێ، باشتر وایە وێنەكەشی بۆ چاپكردن ئامادە بكرێت. وێنەگرتنی كەسی بەرامبەر دوو سودی هەیە. یەكەم: وێنەگرتنی كەسەكە وای لێ دەكات هەندێ شت بڵێت و وەڵامی پرسیارەكانی بداتەوە. دووهەم: چاوپێكەوتنێك كەوێنەی‌لەگەڵدا بێت بۆ خوێنەرەكە سەرنج ڕاكێش ترە. ئەگەر وێنەی هەردوولای چاوپێكەوتنەكە لەكاتی گفتوگۆكە بگیرێ، ئەنجامەكەی باشتر ئەبێ.

لە رادیۆو تەلەفزیۆن دا، ئەوانەی چاوپێكەوتنیان لەگەڵ دا ئەكرێ، كاتێك هەست ئەكەن گوێگرەكان دەنگیان ئەبیستن و بینەرانیش وێنەكانیان ئەبینن، خۆشحاڵ ئەبن و ئامادەییەكی باشتر بۆ چاوپێكەوتنەكە پیشان ئەدەن.

## جۆرەكانی چاوپێكەوتن

چاوپێكەوتن چەندین جۆری هەیە، هەریەكەشیان بۆ مەبەستێكی دیار كراو بەكاردێت. چاوپێكەوتن گرنگترین شێوازی هەواڵگیرییە و تەنیا لە راگەیاندنەكاندا بەكارنایەت، بەڵكو لە زانستی كۆمەڵایەتی و پزیشكی و دەروونی دا بەشێوەیەكی فراوان سودی لێ وەرئەگیرێ. دابەش كردنی چاوپێكەوتن بۆ چەند جۆرێك نەك تەنیا بۆ وەرگرتنی بیروڕای خەڵك گرنگە، بەڵكو هەر جۆرێكیان بەهای ئەنجامی چاوپێكەوتنەكە دیاری ئەكات.

گرنگترین جۆرەكانی چاوپێكەوتن بریتین لە:

- چاوپێكەوتنی زارەكی، چاوپێكەوتنی نووسراو.
- چاوپێكەوتنی بەربلاو، چاوپێكەوتنی قووڵ.
- چاوپێكەوتنی دیاری كراو، چاوپێكەوتنی ئازاد
- چاوپێكەوتنی راڤەكراو، چاوپێكەوتنی هەواڵی
- چاوپێكەوتنی چاپەمەنی و چاوپێكەوتنی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی.

1- چاوپێكەوتنی زارەكی و چاوپێكەوتنی نووسراو:

کاتێك ئامانجی چاوپێکەوتنەکە بۆ بەدەست هێنانی بیروڕای کەسێك یان چەند کەسێك لەسەر خۆیان یان کەسانی ترو بەرهەمەکانیان یان زانینی مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بێت، لەو کاتەدا بەدوو شێواز چاوپێکەوتنەکە ئەنجام ئەدرێ ((چاوپێکەوتنی زارەکی یان نووسراو)).

چاوپێکەوتنی زارەکی، واتە گفتوگۆیەکی راستەوخۆو رووبەڕوو. هەردوو لایەنی دیدارەکە پێکەوە دادەنیشن و هەڤ پەیڤین ئەکەن. بەڵام چاوپێکەوتنی نووسراو ئەو چاوپێکەوتنە یە کەلە ڕێگەی پرسیار نامەوە لە نێوان هەردوولایەنەکەدا ئەنجام ئەدر. واتە پێکەوە دانانیشن. ئەم چاوپێکەوتنانە لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێن.

- Iلایەنە پۆزەتیڤەکانی چاوپێکەوتنی رووبەڕوو:

گرنگترین لایەنە پۆزەتیڤەکانی چاوپێکەوتنی زارەکی ئەمانەن:

أ–لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا، کەسی پرسیارکەر هەر کاتێك ویستی، یان پرسیارێکی نوێی هات بەسەرداو یاخود هەستی بەلایەنێکی شاراوە کرد.. تا ئەگاتە ئەو شوێنەی کەمەبەستەکانی خۆی ئەپێکی، بەردەوام پرسیار ئەکات.

بەڵام لە چاوپێکەوتنی نوسراودا ئەگەری ئەوە هەیە زۆر خاڵ بە شاراوەیی بمێنێتەوە، چونکە پرسیارەکان پێشتر ئامادەکراون و توانای پرسیاری تر نییە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم چاوپێکەوتنە کەم و کوڕی زۆری تێدایە.

ب–لەدیدارە ڕاستەوخۆکاندا، لەبەرئەوەی وەڵام دەرەوەکە هێشتا ئاگای لە پرسیارەکانی پاشتر نییە، هەر لەسەرەتاوە بیروڕا ڕاستەقینەکانیخۆی دەرئەبڕێ.

بەڵام لە چاوپێکەوتنە نووسراوکاندا لەبەرئەوەی بەرامبەرەکەی پێشتر هەموو پرسیارەکانی دیوەو وەڵامەکان یەك لە دوای یەك دێن. باوای دانێن لە چاوپێکەوتنێکی زارەکی دا سازدەری دیدارەکە پرسیار ئەکات:

<u>پ/جەنابتان کەسێکی زەحمەتکێش و چالاکن، ئەتوانن پێمان بڵێن ڕۆژانە چەند سەعات کار ئەکەن؟</u>

و/چوارسەعات.

<u>پ/هەموو کاتێك لەیەك شوێن کار ئەکەن؟</u>

و/نەخێر لە سێ شوێنی جیاجیادا.

پ/کەواتە ئەبێ درامەتەکەتان باش بێت.
لێرەدا بەرامبەرەکە ناچارە وەڵامێکی ڕاست و دروست بداتەوە، چونکە پێشتر دانی بەوەدا ناوە کە چواردە سەعات کاری کردووە. کەچی ئەگەر پرسیارەکان بە نووسراو بوایە بەرامبەرەکە بۆ ئەوەی ڕێژەی دەرامەتەکەی کەم پیشان بدات وەڵامی دوو پرسیارەکەی یەکەمی بەڕاستگۆیی نەئەدایەوە.
لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی زارەکی دا، ڕۆژنامەنووس جگە لە وەڵام، هەڵسوکەوت و کاردانەوەی بەرامبەرەکەشی دەست ئەکەوێ. ئەو کاردانەوەش بۆ خۆیان مەسەلەیەکی گرنگن و وەڵامن بۆ هەندێ پرسیار. کەچی لە پرسیارە نووسراوەکاندا هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکە دەرناکەوێ و تەنیا وەڵامەکان دەست ئەکەون.

- IIلایەنە پۆزەتیڤەکانی چاوپێکەوتنی نووسراو:

چاوپێکەوتنی نووسراو جگە لەو کێماسیانەی کە خرانە ڕوو، ئەم لایەنە پۆزەتیڤانەشی لەبەرامبەر چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆدا هەیە.

أ-لە چاوپێکەوتنی نووسراودا، ئەتوانرێ لە ڕێگەی پرسیارنامەوە بیروڕای ژمارەیەکی زۆر خەڵك یان گروپێك بەدەست بهێنرێت. بۆ نمونە، ئەتوانرێ بیروبۆچوونی کرێکارانی کارگیەك یان خوێندکارانی زانکۆیەك یان خەڵکی گەڕەکێك لە ڕێگەی پرسیارنامەوە وەربگیرێت. بەڵام لەدیداری ڕاستەوخۆدا ئەو کارە سەر ناگرێ ئەتوانرێ رای چەند کەسێکی کەم وەربگیرێ. کەواتە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ بۆ یەکێك یان چەند کەسێك ئەشێ بەڵام چاوپێکەوتنی نووسراو بۆ دەستەیەك ئەنجام ئەدرێ و لە ڕێگەی پرسیارنامەوە باری سەرنجی ژمارەیەك خەڵك ئەزانرێ.
ب-پرسیارەکانی ناو پرسیارنامەکە دیاری کراون، هەربۆیە بۆ هەر پرسیارێك وەڵامێکی تایبەتی هەیە. لە ئەنجامیش دا بۆچوونە ڕاستەکان ئەخرێنە ڕوو. بەڵام لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆدا پرسیارەکان ڕێك نەکراوون نەکراوون و پرسیارکەر هەندێ جار پرسیاری تر ئەترازێنێتە ناو چاوپێکەوتنەکەوە لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەلای خەڵکەوە جیاواز و نایەکسان دەرئەکەون.
بۆ کەم کردنەوەی کەم و کوڕیەکانی هەردوو جۆرە چاوپێکەوتنەکە جاری وا هەیە هەردووکیان تێکەڵ ئەکرێن. واتە ئەو پرسیارانەی کەلەشێوەی نووسراو داڕێژراون

راســـتەوخۆو لـــە بەرامبـــەردا ئەخرێنـــە ڕوو. بـــۆ تـــەواوکردن و پوختـــەکردنی مەبەستەکانیش لەکاتی پێویست دا پرسیاری تر ئەکرێت.

2–چاوپێکەوتنی بەربڵاو و چاوپێکەوتنی قووڵ:

چاوپێکەوتن بە گوێرەی بابەت و ئامانجەکانی ئەکرێتە دووبەشەوە، چاوپێکەوتنی بەربڵاوو چاوپێکەوتنی قووڵ. ئەگەر هاتوو ئامانج بەدەست هێنانی بیروبۆچوونی ژمارەیـەکی زۆری خـەڵك بێـت لەسـەر مەسـەلە جیاوازەکـان، ئـەوا چـاوپێکەوتنەکە بەربڵاوە. لەم جۆرەیاندا لە ڕێگەی دابەش کردنی پرسیارنامە لەناو گروپ و چین و توێژەکاندا بیروڕایان لەسەر مەسەلە خواستراوەکان وەرئەگیرێ.

چـاوپێکەوتنە بـەربڵاوەکان بەمەبەسـتی زانینـی بـیروڕای توێـژە جیاجیاکـانی وەك (لاوان، بەساڵاچـووان، خـاوەن خانووەکـان، کرێچـی‌یەکان، فەرمانبـەران، کرێکـاران، خەڵکی شارو گوندەکان) ئەنجام ئەدرێ. یان بۆ بەدەست هێنانی ئەو بابەتانەیە کە بەلای دەوڵەت و خاوەن پیشەو بازرگان و حیزبە سیاسی‌یەکان و ڕاگەیاندنەکانەوە گرنگن، ئەنجام دانی ئەم چاوپێکەوتنە بە زۆری لە ئاستێکی بەرز و لـە ڕێگـەی ئامار و مشـتومڕەوە ئـەنجام ئـەدرێ. چـاوپێکەوتنی قـووڵ پێچـەوانەی چـاوپێکەوتنی بـەربڵاوە. لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر بابەتـەکانی پەیوەندی‌یـە کۆمەڵایەتیـەکان بکرێـت، نـەك چۆنیەتی ئەوپەیوەندی‌یانـە لەسـەر بابـەتێکی دیـاری کراو، پرسیار ئاراستەی کەسێك ئەکرێ، پاشان لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەنامـەکانی وەڵامـی بەرامبەرەکـە ئـەنجام ئـەدرێ. لێرەدا ئامانج ئەوەنی‌یە کاردانـەوەی بەرامبـەر لەسـەر ڕووداوەکـە بـزانین، بـەڵکو پێویسـتە ((بۆ؟))ی ئـەم کاردانەوەیـە بدۆزرێتـەوە، هۆکارە گیانی و دەروونیەکان روون بکرێتەوە.

ئەو کاتەی بەرهەم هێنێك بیەوێ ئاگای لە گۆڕانی بارودۆخی کڕیارەکانی بێت یان ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامـەکان ئەگـەر بیانـەوێ ڕای بیسـەر و بینـەر و خوێنـەرەکان لەســـەر بەرنامـــەکانیان بـــزانن، باشـــترین ڕێگـــە بـــۆ دەســـتکەوتنی ئەنجامەکـــەی چـاوپێکەوتنی راسـتەوخۆی تـاك تاکـە. لێـرەدا لەبـەر ئـەوەی ئامانجەکـە بەدەسـت هێنانی بیروڕای گروپێکی کۆمەڵایەتیە، هەر بۆیە ئەنجام دانی یەك دیدار بەس نی‌یە و پێویستە چەندین چاوپێ:ەوتن ساز بدرێ ئەم کارەش بەمەبەستی شیکردنەوەی رای ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەیە.

چـــاوپێکەوتنی قـــووڵ جۆرێکـــە لـــە لێکۆڵینـــەوەی زانســـتی و لـــە قەڵـــەمڕەوی ((دەروونناسـی کۆمەڵایـەتی)) یـەوە هـەنگاو ئـەنێ و لـە پزیشـکی دەروونناسـی دا

سودی لێ وەرئەگیرێ. راگەیاندنەکان ئەتوانن لە زۆر بوارداو لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی بەربلاوەوە ئەنجام گیری و ئاماری ڕای گشتی بکەن. بەلام چاوپێکەوتنی قوول لەکاری بەدەست هێنانی هەوالدا بەکەلك نییەو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکان ئەتوانن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەڕێوەبردن و دانانی پرۆگرام لەئاینده خۆیان سودی لێ وەرگرن.

3–چاوپێکەوتنی ئاراستەکراو چاوپێکەوتنی ئازادە:

چاوپێکەوتن ئاراستەکراو ئەبێت ئەگەر هاتوو ئامانجی سازدەرەکەی دیاری کراو بێت و بیەوێ تەنیا ئەو وەلامانەی دەسکەوێ کە پەیوەستن بە مەبەستەکەی خۆیەوە. لێرەدا بەناچاری کۆمەلە پرسیارێکی لە پێشدا داڕێژراو ئەخاتە ڕوو، واتە دیداری نووسراو ئەگرێتە بەرو پرسیارەکان بە ئارەزووی خۆی دائەڕێژێ. ئەم چاوپێکەوتنە تایبەتە بە لێکۆلینەوە لەسەر ڕای گشتی سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو. بۆ نمونە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك بیەوێ ڕای خەلك سەبارەت بە بەڕێوەبەری نوێی شارەوانی شارێك بزانێ، چەند پرسیارێکی دیاری کراو لەسر ئەو مەسەلەیە ئەخاتە ڕوو و ڕێگەش بۆ درێژدادڕی و زیادەڕەوی لە قسەکردن ناهێلێتەوە. ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووسەکە بواری بۆ درێژدادڕی و پرسیاری نوێ ڕەخساند، ئەوا دیدارەکە ئەبێتە دیدارێکی ئازادی ئاراستە نەکراو. زۆرجار ئەم دیدارانە لەسەر داخوازی بەرامبەرەکە ئەنجام ئەدرێ، بۆیە ئاساییە ئەگەر هەر ئەویش پرسیارەکانی دانابێ، بەلام ئەم جۆرە دیدارانە واقعی نین و یەك لایەنەن و بەرامبەرەکە بیروڕاکانی خۆیان لەژێر پەردەی چاوپێکەوتن ئەخاتە ڕوو. هەموو چاوپێکەوتنەکانیش بەم شێوازە ئازاد نین و زۆرجار پاش یەکەمین پرسیار بەرامبەر ئازادانە بابەتەکە بە گوێرەی ویستی خۆی ئەگۆڕێ و ڕوونکردنەوەشی ئەخاتە سەر. لە راگەیاندن و لێکۆلینەوە دەروونیەکاندا بە زۆری سود لە چاوپێکەوتنی ئازاد وەرئەگرێ. ڕۆژنامەنووس هەول ئەدا تا ئەو پەڕی توانای زانیاری لە بەرامبەرەکەی وەرئەگیرێ. بەلام جۆری دووەهەمیان بۆ دەرمانکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان کەلکی لێ وەرئەگیرێ، پزیشکی دەروونناس بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی ڕاستەوخۆ بخاتە ڕوو بە شێوەیەکی ئازاد درك بە هەست و نەستەکانی نەخۆشیەکەی ئەکات. لەم چاوپێکەوتنانەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووس و دەروونناسەکان ئەوەیە بەرامبەرەکایان هان بدە بۆ قسەکردن بێ ئەوەی ڕێنماییان بکەن.

- چاوپێکەوتنی کراوەو چاوپێکەوتنی داخراو:

چاوپێکەوتنی ئاراستەکراو و چاوپێکەوتنی ئازاد لە دوو خاڵی کۆتاییدا، واتە لە دووتەوەری ناکۆکدا بەناوی چاوپێکەوتنی ئازاد و چاوپێکەوتنی داخراودا بە دەرئەکەون. ئەوکاتەی دیدارەکە هێندە ئاراستە بکرێت کە بەرامبەرەکە تەنیا بە وشەی ((بەڵێ)) و ((نەخێر)) وەڵامی پرسیارنامەکە بداتەوە، ئەوا چاوپێکەوتنەکە داخراوە. بەڵام ئەگەر ئازادی بەرامبەرەکە بگاتە ئەو ڕادەیە کە هیچ پرسیارێکی بۆ نەخرێتە بەردەست ئەوە لەو حاڵەتەدا چاوپێکەوتنەکە کراوەیە.
لە نێوان ئەم دوو تەوەرە ناکۆکەدا چەندین جۆر چاوپێکەوتنی تر هەیە کە ڕێگەی ئاراستەکردن و ئازادکردنی بەرامبەرەکە جیاوازییان یان تێدایە. کەواتە سازدەری دیدارەکە ئەتوانێ بە ویستی خۆی ئازادی بداتە بەرامبەرەکەی و زیاد و کەمی بکات.
هەندێ جار لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا هەردوو جۆرەکە (ئازاد و ئاراستەکراو) بۆ یەك مەبەست بەکارئەهێنرێت. لەم حاڵەتانەدا پێشتر لە ڕێگەی دیداری قووڵ و ئازادەوە هەندێ کەس ئەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەلەبەر چاوگرتنی ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانە پرسیارنامەیەك ئامادە ئەکرێت و لە نێوان گروپێکی دیاری کراودا دابەش ئەکرێ.

4-چاوپێکەوتنی هەواڵی و چاوپێکەوتنی ڕاڤەکراو:
چاوپێکەوتنی هەواڵی بەو دیدارانە ئەوترێ کە ئامانج لە سازدانیان وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە لەکەسی بەرامبەر، باشترین جۆری ئەم دیدارانەش ئەوانەن کەلەگەڵ شایەتی ڕووداوێك یان کەسێك کە خۆی بەشداری ڕووداوکانی کردوە ئەکرێ. بەڵام چاوپێکەوتنی ڕاڤەکراو ئەو چاوپێکەوتنانەن کە بە مەبەستی بەدەست هێنانی بیروڕای کەسێك لەسەر خۆی یان کەسانی تر و یاخود لەسەر بابەت و روداوی تر ئەنجام ئەدرێ.
زۆرجار ڕۆژنامەنووس ناچارە بۆ شیکردنەوە یان ڕاڤەکردنی ڕووداوە گرنگە کۆمەڵایەتیەکان، بیروڕای جیاوازی چەند کەسێك وەبگرێ. بۆ نمونە ئەگەر یاسایەکی نوێ سەبارەت بە خوێندنی خۆڕایی یان باج و دەرامەت دەرچوو، ڕۆژنامەنووس ئەبێ لەگەڵ کەسانی شارەزاو پسپۆڕ یان ئەوانەی کە سود لەم یاسایە وەرئەگرن چاوپێکەوتن ساز بدات و بیروبۆچوونەکانیان بخاتە ڕوو. دابەش کردنی چاوپێکەوتن بۆ چاوپێکەوتنی هەواڵی و ڕاڤەکردن زیاتر لایەنی تیۆری هەیە، چونکە ڕۆژنامەنووس ئەگەر هەلی بۆ ڕەخسا ئەوا سود لەهەردوو جۆرەکەیان وەرئەگرێ. بۆ

نمونـه لـەکاتی سـازدانی دیدارێکـدا ڕۆژنامـەنووس تـەنیا بـەدوای دەسـتکەوتنی زانیاری‌یەکانی ئەو کەسەدا ناگەڕێ، بەڵکو بیرو بۆچوونەکانیشی لەسەر ڕووداوەکە ئەوێ. کەواتە سود وەرگرتن لە هەردوو جۆرەکە لەیەك کاتدا هیچ گرفتێك دروست ناکات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر تەماشای ئەم چاوپێکەوتنە ڕاڤەکراوانە بکەین، ئەبینین ئەمانـەش بـۆ خۆیـان جـۆرێکن لـە هـەواڵ. هـەر ڕاڤـەکردنێك یـان دەربڕینێك کۆمەڵە بابەتێکی تازەیان تێدایە. ئەو حاڵەتانەی کە ئەم دوو شێوازە چاوپێکەوتنەی تێدا بەکار دێت و ئەو کەسانەی کە لایەنی بەرامبەری چاوپێکەوتنەکە، بەم جۆرەیە:

## یەکەم/ چاوپێکەوتنی خێرا:

چاوپێکەوتنی خێرا یان کورت، بەو دیدارانە ئەوترێ کەلەگەڵ کەسایەتیە گرنگەکانی کۆمەڵ یان خەڵکی سەرجادە ئەنجام ئەدرێ، بە مەبەستی زانینی بیروڕایان لەسەر ڕووداوێـك یـان مەسـەلە کۆمەڵایەتی‌یـە جیاجیاکـان. ئامـانجیش لـەم جـۆرە چاوپێکەوتنانە هەڵسەنگاندن و زانینی خێرای ڕای گشتی‌یە. لێرەدا تەنیا پرسیارێك ئەکرێت و پێویستە بەرامبەرەکەش بە ڕستەیەك یان کورتتر وەڵام بداتەوە. بۆ نمونە، ئەگەر بمانەوێ ڕای خەڵکی لەسەر نەمانی سزای لە سێدارەدان بزانین، ئەم پرسیارە ئەکەین: ئایا تۆ لەگەڵ سزای لە سێدارەدانی؟ و یان لەسەر یاری‌یەکی فوتبۆڵ بەم شێوە پرسیار ئەکەین ((بەڕای ئێوە کێ یاری‌یەکە ئەباتەوە؟)). وەڵامی چەند کەسێك پێکـەوە لـە ڕۆژنامەکـەدا بڵاوئەکرێتـەوە. بـەم شـێوازە ڕۆژنامـەنووس ئـەتوانێ بـۆ زۆربـەی ڕووداوە گرنگـە کۆمەڵایەتیـەکان ڕای هەنـدێ لـە خەڵکەکـە وەرگـرێ و وەك ڕاڤەکردنی ڕۆژانە بڵاویان بکاتەوە. پێویستە بزانین ئەم جۆرە دیدارە خێرایانە لەبەر ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراوی کەم دا کراون، ناکرێ وەك ڕای گشتی خەڵکی تەماشایان بکرێت.

## دووهەم/ چاوپێکەوتن لەگەڵ لەگەڵ کەسایەتیەکاندا:

لەبەرئەوەی ئامانج لە چاوپێکەوتنەکان ئەوەیە کە ناوبانگ و ڕاستگۆیی ڕاگەیاندنە جیاوازەکـان بسـەلمێنێ، ڕۆژنامەنووسـەکان هـەوڵ ئـەدەن لەگـەڵ دیـارترین و بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی کۆمەڵدا چاوپێکەوتن ساز بدەن و پرسیار لە بیروڕاو بۆچـوونەکانیان بکـەن و بـە کۆمـەڵی ڕابگەیـەنن. هـەر لەبـەر ئەمەشـە زۆربـەی چـاوپێکەوتنە ڕاڤەییـەکانی لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا ئـەنجام ئـەدرێ. هـەر بـۆ ئـەو مەبەستەش لێرەدا باس لە گرنگترین جۆرەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیەکاندا ئەکەین.

1–چاوپێکەوتن لەکاتی دامەزراندن دا: ئەو کاتەی کەسێك پلەو پایەیەکی گرنگ لە ڕێکخراوە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتیەکان وەرگرت، ئەتوانرێ بەو بۆنەوە دیداری لەگەڵدا ساز بدرێ و پرسیاری لە بارەی پلانکاری ئایندەی لێ بکرێ و زانیاری لێ وەربگیرێ.

2–چاوپێکەوتنی لەسەر کار لاچوون: ئەو کەسانەی کەلەسەر کار لائەبرێن، یاخود دەست لەکارەکەیان ئەکێشنەوە، باشترین سەرچاوەن بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ. هەر لەبەر ئەمەش بوو لەکاتی لەکار لابردنی خروشۆف لە سۆڤیەت و کودەتاکەی دژی ((بن بلا)) لە ئەلجەزائیر، ڕۆژنامەنووسەکان هەولیان ئەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ساز بدەن و هۆکاری لەسەر کار دەرکردنیان لە خۆیان بپرسن. هەندێ جار ئەم چاوپێکەوتنە لەبەر هۆی سیاسی کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئەگەر هەلی ئەم جۆرە دیدارانە رەخسا ئەوا ڕۆژنامەنووسەکان داوا لەو کەسایەتیانە ئەکەن لە بارەی کارەکانی پێشوویان و ئەو رۆڵەی کە لە ئایندەدا ئەیبینن زانیاری بخەنە بەردەست خوێنەرانیان.

3–چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاوان دەوڵەت دا: ئە کەسانەی کەلە دام و دەزگا حکومیەکاندا پلەو پایەیان هەیە بیروڕای خۆیان لسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان دەردەبڕن. بەرپرسانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و داداگاکان بەردەوام هەواڵی خۆش و سەیریان لا دەست ئەکەوێ.

4–چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداراندا: زۆرجار پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن بۆچوونی سیاسەتمەدارانی وەك سەرۆك وەزیرانی پێشوو، سەرکردەی حیزبە سیاسیەکان و سەرۆکی سەندیکاکان لەسەر هەندێ مەسەلە بخەنە ڕوو. خەڵك حەزی لەم جۆرە دیدارانەیە.

5–چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی بەناوبانگ: کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان ئەتوانن لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان و و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بۆچوونی سەرنج ڕاکێش دەربڕن. بۆ نمونە ئەتوانرێ بیروبۆچوونیان لەسەر ئەو ژنانەی کە بوونەتە شۆفێری تاکسی بزانرێ.

6–کەسایەتیە مەزنەکان لە جێگەی تازەیاندا: ئەو کەسە ناودارەی کە دوای چەندین ساڵ دورخرانەوە یان دورکەوتنەوە لە سیاسەت گەڕابێتەوە بۆ وڵات و پلەی سەرۆك وەزیرانی پێ درابێت، چاوپێکەوتن لەگەڵیدا هەرایەك ئەنێتەوە. ڕۆژنامەنووسەکان

هەر کە زانیان ئەو پلەیەیان پێ داوە یەکەمین کەسن دیداری لەگەڵدا ساز ئەکەن و بەخێرایی بۆچوونەکانی ئەخەنە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان.

7-چاوپێکەوتن لەگەڵ میوان یان مسافیرە ناودارەکاندا: کەسایەتیە ناودارەکانی جیهان، نووسەر و ئەستێرەکانی سینەماو هونەر ئەو کاتەی دەچنە وڵاتێکەوە، سەرنجی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ لای خۆیان رائەکێشن. ئەم کەسایەتیانە لەکاتی هاتنە خوارەوە لەپەیژەی فڕۆکەکان هەندێ قسە ئەکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسی زیرەك ئەو کەسەیە لەماوەی نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتەدا دیداری درێژیان لەگەڵ دا سازکات.

8-چاوپێکەوتن لەرێگەی سەفەردا: هەندێ ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون هەیە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیەکدا ساز بدات لەکاتی سەفەرکردنی دا، ئەبێتە هاوسەفەری و لەڕێگەدا لەناو شەمەندەفەرەکە یان فڕۆکەکە دیدارەکەی لەگەڵ ساز ئەدا.

9-چاوپێکەوتن لەساڵیادەکاندا: لە ساڵیادی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان دا و لە یادی لە دایك بوونی کەسە ناودارەکاندا ئەتوانرێ دیداری سەرنج ڕاکێش ساز بدرێ. ئەو دیدارانە کەلەیادی بیستەمین ساڵی تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم ڕۆژنامەنووسەکان سازیاندا لەو جۆرە دیدارانەیە. زۆر جار چاوپێکەوتنەکە پێش و هەندێ جاریش پاش یادەکە ئەنجام ئەدرێ.

10-چاوپێکەوتن بەمەبەستی نووسینەوەی ژیان نامە: هەندێ چاوپێکەوتن هەیە بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی کەسایەتیە سیاسی‌یەکان ئەنجام ئەدرێ.

لێرەدا قسەکانی بەرامبەرەکە لەلایەن ڕۆژنامە نووسەکەوە وەك ((تۆپۆگرافیەك)) ئەنووسرێتەوە. بۆ نموونە ژیان نامەی وەزیرێکی تازە دامەزراو ئەتوانرێ لە ڕێگەی سازدانی دیدارێك لەگەڵ خۆی دا بزانرێت.

11-چاوپێکەوتن بۆ لادانی هەڵەیەك، یان گومانێك: هەندێ جار چاوپێکەوتن بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵەیەك یان گومانێك ئەکرێت کەلەوانەیە پێشتر لە قسەکانی کەسێکدا ڕووی دابێت پێویستە بزانین دووبارە سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکدا تەنیا لەو حاڵەتەدا ڕەوایە کە کەسەکە گلەیی و گازندەی لە شێوازی چاوپێکەوتنەکەی پێشووی هەبێ. لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە ئەتوانێ دیدارێکی تر ساز بکات و ڕوونکردنەوە لەسەر قسەکانی پێشووی خۆی بدات.

12-چاوپێکەوتنی کاتی گەڕانەوە: سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەس و لێپرسراوە دەوڵەتیانەی کە بۆ کاری دیبلۆماسی چوونەتە دەرەوەی وڵات بەلای

خەڵکەوە زۆر گرنگ و پێویستەو کارێکی سەرنج ڕاکێش و دڵگیرە. بۆ نمونە بەشداری کردنی سیاسیەتمەدارێکی کوردستان لە کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی، سەبارەت بە کێشەی نەتەوە بێ وڵاتەکان بۆ خەڵک گرنگە.

سێیەم/ چاوپێکەوتنی ڕێکەوت: لەهەر هەڵکەوتێکدا ئەتوانرێ دیدارێکی ڕێکەوت ساز بدرێ، هەر بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس ئامادەبێت بۆ هاتنە پێشی هەر هەلێکی گونجاو بۆ سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خەڵك حەزی لە زانینی بیروبۆچوونی هەریەکەیان لەڕێگەی ئەو دیدارەوە بزانرێت.

چوارەم / ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەڕێوەبەرانی دەزگایەك، یان کۆمەڵە کەسێك کەبەمەبەستێکی هاوبەشیان مهەیە لە جێگەیەکدا کۆبکرێنەوە و ڕۆژنامەنووسێك پرسیاریان سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاری کراو لێ بکات و بیروبۆچوونی هەریەکەیان لە ڕیگەی ئەو دیدارەوە بزانێت.

پێنجەم/ کۆنفرانسی چاپەمەنی: باشترین جۆرەکانی ئەم کۆنفرانسە لە ئەمریکادا سەری هەڵدا، ئەویش ئەو کۆنفرانسە هەفتانەیە بوو کە سەرۆکەکانی ئەمریکا سازیان ئەدا. لێرەدا ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەکرێ یەك کەسە، بەڵام سازدەرەکان زۆرن. ئەمەش پێچەوانەی مێزگردە.

شەشەم/ چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتەکاندا: کاتێك ڕۆژنامەنووسەکە ئامادەی شوێنی ڕووداوەکە نەبووە، ئەتوانێ پاشتر زانیاری تەواو لە شایەتی ڕووداوەکە بەدەست بهێنێ. پێویستە ژمارەیەکی زۆر لەو شایەتانە دیداریان لەگەڵدا ساز بدرێ، چونکە بیروڕا و تێڕوانینیان بۆ ڕووداوەکە جیاوازی تێدایە. تەنها لەم ڕێگەیەوە ڕاستی مەسەلەکانیش ئەدۆزرێنەوە. ئەبێ بزانین دۆزینەوەی شایەت بەتایبەت لەتاوانەکاندا کارێکی ئاسان نیە. بەڵام ئەتوانرێ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسەوە بدۆزرێنەوە و پەیوەندییان پێوە بکرێت. لەم حاڵەتانەدا قسەی هەموو شایەتەکان وەك یەك نین و پێویستە ڕۆنامەنووس هەموویان وەك خۆی بڵاوبکاتەوە. تاکو خەڵك ڕاستیەکانیان زیاتر بۆ دەرکەوێ.

حەوتەم/ چاپەمەنی بەڵگەنامەیی لەسەر ڕووداوە مێژوویی‌یەکان: ئەم دیدارانە بۆ ئەو مەبەستە ساز ئەکرێن تاکو پرسیار لەو کەسانە بکرێت کەلەسەر ڕابردوو شت ئەزانن. لێرەدا بەرامبەر ڕۆڵی کتێب یان ئەرشیف ئەبینێ. وەك چۆن کتێب و ئەرشیف بۆ زیاتر کردنی زانیاری بەکاردەهێنرێن. قسەو باسەکانی کەسی بەرامبەریش تەواوکەری زانیاری‌یەکانی ڕۆژنامەنووسەکەن. پێویستە بزانین هەندێ

جار ئەتوانرێ زانیاری گرنگ و بایەخدار لەو کەسانە وەرگیرێ کە بۆ خۆیان شایەتی رووداوە سیاسی و مێژوویی‌یەکان بوون. ئەو زانیاریانە لە هیچ ئەرشیف و کتێبێکدا دەست ناکەون.

هەشتەم/ چاوپێکەوتنی تەلەفوونی: ئەو چاوپێکەوتنە یە کەبەهۆی تەلەفوونەوە لەنێوان هەردوو لایەنی دیدارەکەدا ساز ئەدرێ. بە زۆریش یەک یان دوو پرسیار لە خۆ ئەگرێ. ئەکرێ هەندێ جاریش لەسەر داخوازی بەرامبەرەکە چاوپێکەوتنی دورو درێژ سازبکرێ.

5-چاوپێکەوتنی چاپەمەنی و رادیۆو تەلەفزیۆنی:

چاوپێکەوتنی چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەفزیۆنی لە زۆر رووەوە لەیەک نزیکن، بەڵام هەندێ جیاوازیشیان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتن پەیوەندی‌یەکی دوو لایەنەیە و مەبەستەکەی لەوەدا چڕ ئەبێتەوە کە هەندێ زانیاری بە دەست بهێنرێت، ئەو پێناسەیە هەم بۆ چاوپێکەوتنە زاستی‌یەکان و هەم بۆ چاوپێکەوتنە چاپەمەنی و رادیۆو تەلەفزیۆنیەکان ڕاستەو تەنیا جۆری زانیاری وهەواڵەکان جیاوازن. چاوپێکەوتنە زاستی و کۆمەڵایەتیەکان بە مەبەستی شیکردنەوەو سەلماندنی تیۆرەکان بەکاردەهێنرێن. چاوپێکەوتنە چاپەمەنی و رادیۆو تەلەفزیۆنیەکانیش تەنیا بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری ئەنجام نادرێن، بەڵکو زۆر جار رازاندنەوەی هەواڵەکان بۆ خۆی مەبەستێکی لە پشتەوەیە. چەندە ئەو رازاندنەوەیە کامڵ بێت هێندە دیدارەکە زیاتر لە ڕاستی نزیک ئەبێتەوە، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەوڵ ئەدرێ لەڕێگەی دەربڕینی جوانەوە ئەو کارە ئەنجام بدرێ،لەرادیۆدا کارەکە هەندێ ئاسانترە، چونکە بێژەرەکە ئەتوانێ لەڕێگەی دەنگیەوە باس لە شوێنی دانیشتەکە و شێوەو روخساری بەرامبەرەکەو هەلومەرجی دیدارەکە بکات. بەڵام لە T.V و سینەمادا کارەکە هێندە ئاسانە کە هیچ پێویست بەوە ناکات ڕۆژنامەنووسەکە وەسفی بەرامبەرەکەو شوێنی دانیشتنەکە بکات، چونکە بینەران هەموو شتێك بە چاوی خۆیان ئەبینن.

لە دیداری چاپەمنیەکاندا زۆر جار بەرامبەرەکە داوا لە ڕۆژنامەنووسەکە ئەکات تاکو مەسەلەیەك باس نەکات و ئەڵێ: (( ئەمەیان تەنیا لە نێوان هەردووکماندا بێت))، بەڵام لەرادیۆو T.V یەکاندا هیچ نهێنی‌یەك نامێنێتەوە. لەرادیۆکاندا کەسی بەرامبەر ئەزانێ روخساری دەرناکەوێ، هەربۆیە هەوڵ ئەدا بەدەنگێکی بەسۆز و خۆش قسان بکات. بەڵام تایبەتمەندی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەوەدایە کە دەنگ و رەنگی

بەرامبەرەکـە بەتـەواوی ئەبیسـترێ و ئـەبینرێ. لەتەلەفزیۆنـدا حاڵەتـە دەروونـی و روخسـاری‌یەکانی بەرامبەرەکـە تەنانـەت پـێش وەڵام دانـەوەش ئـەبینرێن. شادی‌یەکانی، دوو دڵی ودڵەڕاوکێ، تەنانەت گرژبوونەوەی دەمارەکانی دەم و چاوی ئەبینرێن. لەوە زیاتر جل و بەرگ و بۆین باخ و چاویلکە و سەرو سمێڵی ڕاستەوخۆ لەلایـەن بینەرانـەوە تەماشا ئـەکرێت. هەرلەبەرئەمـەش ئـەو کەسـانە، کـە ئەچن بـۆ دیـداری تەلـەفزیۆنی پێشتر خۆیـان ئامـادە ئەکـەن و جل و بـەرگی جـوان ئەپۆشـن و سـەرو سمێڵیـان قیـت ئەکەنـەوە، بـەڵام هـەرگیز نـاتوانن کـۆنترۆڵی هەڵچـوون و جوڵەکانیان بکەنە.

جارێکیان ڕۆژنامەنووسێك چوو بۆ لای هونەرمەندی بەناوبانگی فەرەنسی ((میشیل مۆرگان)) بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ساز بدات. مورگان لەیەکەم قسەی دا ووتی: ((خۆشحاڵم وێنەگرەکەتان لەگەڵ خۆتان نەهێناوە، چونکە بۆمن زۆر سەخت بوو لەکاتی قسەکردندا خۆم بۆ وێنە گرتن ئامادە بکەم)).

ئـەرکی ڕۆژنامـەنووس ئەوەیە بەرامبەرەکـەی لەکاریگەریـەکانی جێگەکـەو کامێرای وێنەگرەکان رزگاربکات و هەست و هۆشی بۆلای بابەتی چاوپێکەوتنەکە راکێشێ.

باشترین رێگەش بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەبەستە ئەوەیە، ڕۆژنامەنووسەکە زۆر بە وردی گوێ بۆ قسەکانی بەرامبەرەکەی رادێرێ و هەستێکی وای لا دروست بکات کە قسەکانی ئەو لە هیچ شوێنێکی ترو لـە هیچ کاتێکدا باس نەکراون. ئەمەش ئەبێتە هـۆی ئـەوەی کـە کەسـەکە زیـاتر سـەرنج بداتـە قسـەکانی، نـەك دەرکـەوتنی لـە تەلەفزیۆنەکان.

## ڕێکخستنی چاوپێکەوتن

ڕێکخسـتنی بابەتـە نووسـراوەکانی چـاوپێکەوتن گرنگی‌یـەکی زۆر یـان هەیـە، پێداچوونەوەو ڕێکخستنی ئەو زانیارییانـەی کەلەئەنجامی پرسیارەکانەوە بەدەست هـاتوون هونـەرێکی گرنگـی کـاری ڕۆژنامەگەری‌یـە. ئـەو بابەتانـەی کەلـە کـاتی دیدارەکەدا بە شێوەی زارەکی بیستراون ئەبێ لە قۆناغی پێداچوونەوەدا جارێکی تر بنووسرێنەوەو بەشە گرنگ و بەسودەکانی بەرجەستە بکرێن.

پێداچـوونەوەو ڕێکخسـتنی چـاوپێکەوتنە هەمـە جۆرەکـان جیاوازییـان هەیـە، لـە خوارەوە باس لە چەند نمونەیەکی ڕێکخستنی چاوپێکەوتن ئەکەین:

1- چاوپێکەوتنی خێرا: چاوپێکەوتنی خێرا ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی سەر شەقامەکان لەسەر بابەتێکی ڕۆژانە ئەنجام ئەدرێ ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو بۆچوونی خەڵك لەسەر ڕووداوەکان بزانرێ.

چاوپێکەوتنی خێرا ئەم یاسانەی هەیە:

1- لەسەرەتای چاوپێکەتنەکەدا پێشەکیەك ئەنوسرێت و هۆکارەکانی سازدانی دیدارەکە و کورتەیەك لەسەر بابەتی چاوپێکەوتنەکە ئەخرێتە ڕوو، ئەم پێشەکیە نابێ لە حەوت یان هەشت دێڕ تێپەڕ بکات.

2- پاش پێشەکیەکە، چاوپێکەوتنەکە بە ئەستێرەیەك یان خاڵێك دەستنیشان ئەکرێ.

3- پاش ئەستێرەکە ناو و کارو ئادرەسی ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵدا کراوە ئەنوسرێت.

4- لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا یەك پرسیار ئەخرێتە ڕوو.

5- نابێ ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە زۆر بن لە هەواڵێکدا لە دەچاوپێکەوتن نابێت تێ‌پەڕ بکات چونکە خوێنەران هیلاك ئەکات.

6- نابێ قسەی کەسەکان شیبکرێتەوە.

7- ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنی خێرایان لەگەڵدا ئەکرێ ئەبێ زۆر بە وردی دەست نیشان بکرێن و دەبێ لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتیەوە جیاوازبن. بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بکەن.

چۆنیەتی ڕێکخستنی چاوپێکەوتنی خێرا:

ناوی بابەت

پێشەکی

- ناو، کارو ئەدرەسی کەسەکە .......................

..........................................

......................

..........................................

............

<u>بۆچوونەکانی</u>

8- وەڵامەکان ئەبێ کورت بکرێنەوەو ناوەرۆك و مەبەستە سەرەکی‌یەکانی ئەو کەسە بخرێنە ڕوو و پەراوێزیان بۆ دابنرێت.

9- ئەبێ شێوازی ناساندن و چۆنیەتی وەڵامەکانیان وەکو یەك بێت.

### 2–چاوپێکەوتنی ئاسایی/

هەموو چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژنامە ئەبێ پێشەکی‌یەکیان هەبێ و تێیدا باس لە بابەتی دیدارەکەو هۆکارەکانی بکرێت. دوا بەدوای ئەم پێشەکیە ئەتوانرێ پرسیار و وەڵامەکان بنووسرێنەوە.

I . ڕێکخستن بە پێی هەرەمی سەرەو ژێرکراو : داڕشتن‌و ڕێکخستنی پرسیارو وەڵامەکان چاوپێکەوتن‌و ریزبەندکردنیان بە گوێرەی بابەت‌و ناوەڕۆك‌و گرنگیەکانیان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران گرنگی‌یەکی زۆریان هەیە . پرسیاری وا هەیە لەوانەیە لەکاتی دیدارەکەدا لەسەرەتادا بێت ، بەڵام لەقۆناغی ڕێکخستن دا ئەکەوێتە دوای هەموویانەوە ، چونکە ئەو گرنگیەی نەبووە ، بە شێوەیەکی گشتی بە گوێرەی شێوازی ڕێکخستنی هەرەمی سەروژێرکراو پرسیارە گرنگەکان ئەکەونە سەرەوەو کەم بایەخەکانیش لە خوارەوە دائەنرێن، مەسەلەی جێ گۆڕکێی ی پرسیارەکان مەسەلەیەکی گرنگ‌و حەساسە، چونکە سەرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەکە ڕائەکێشێ . لەکاری ڕۆژنامەگەریدا مەسەلەیەك هەیە ئەڵێ : (( ئەگەر ریکۆردەر (( تەسجیل )) بیزانیبا چاوپێکەوتن بەباشی بکات ، چیتر ڕۆژنامەنووس پێویست نەبوو .))

II. ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لە شێوەی ریپۆرتاژ : هەندێ جار ئەتوانرێ پرسیارو وەڵامەکان بە شێوەیەکی تێکەڵاو و لە شێوەی ریپۆرتاژ دابنرێن‌و لەکاتی نووسینی پرسیارو وەڵامەکاند باس لە شوێن‌و کاردانەوەی کەسی چاوپێکەوتنەکە بکرێت ، ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە بەلای خوێنەرانەوە سەرنج ڕاکێشن ، بابەتە گرنگ‌و زانستی‌یەکان لەشێوەی چیرۆکێکی سەیردا ئەخرێتە ڕوو .

IV. ڕێکخستن لەسەر شێوازی مێژوویی : سادەترین جۆری چاوپێکەوتن ئەو چاوپێکەوتنانەیە کەلەسەر شێوازی مێژوویی ئەخرێتە ڕوو ، تەنیا لەو حاڵەتانەدا ئەتوانرێ سوود لەم شێوازە وەربگیرێ کە هەموو بابەتەکانی دیدارەکە کورت‌و

سەرنج ڕاکێش بن ، بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخستن و داڕشتنەوەی هەرچاوپێکەوتنێك تا حەدێکی زۆر بەندە بەبابەتی خودی . دیدارەکەو زەوق و توانای ڕۆژنامەنووسەکەوە. باشترین شێواز بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕێکخستنی هەرەمی سەروژێرکراوە. شێوازی ڕێکخستنی مێژوویی تەنیا بۆ توێژە ڕووناکبیرەکان پەسەندە. شێوازی ڕێکخستنی ڕیپۆرتاژ لە هەموو شێوازەکان سەرنج ڕاکێشترە.

## ماویەتی